بەیان

ژماره ٦٢ حوزەیرانی ١٩٨٠



بەیان

گۆڤارێکی ئەدەبیە، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، مانگی جارێک بڵاوی دەکاتەوە.

ناوونیشان : دارالثقافة والنشر الكردية

ساحة الخلاني - بغداد

تەلەفون : ٨٨٧٥٧٩٥ / ٥ هێڵ

سەرنووسەر

اسماعيل رسول احمد

بەڕێوەبەری نووسین

صلاح مصطفى جەلالی

لەم ژمارەیەدا

کارێکی گەورە لە باسی ئیدیۆم لە زمان و فەرهەنگ نووسی کوردیدا

د. ئەورەحمانی حاجی مارف



لێکۆڵینەوەی ئیدیۆمی زمانی کوردی باسێکی نوێیە و تاکو ئێستا شتێکی ئەوتۆی دەربارە نەنووسراوە لە نێو ئەو کارانەی لەم کێشەیە دواون ، کتێبی (مەکسیمی خەمۆ)(١)و وتارێکی (یو • یو • ئاڤالیانی)(٢) کە بە زمانی ڕووسی نووسراون ، بەتایبەتی •• دیارن •

جگە لەو چەند لێکۆڵینەوەیە . هەروەها مامۆستایان : تۆفیق وەهبی و قەناتی کوردۆ و چەرکەزی بەکۆ ... لە فەرهەنگەکانیاندا هەندێ ئیدیۆمیان تۆمارکردووە . مامۆستا صادق بەهائەدین ئامێدیش لە ساڵی ١٩٧٣دا لە بەغدا کتێبێکی گەورەی بە ناوی «ئیدیەمێت کوردی»یەوە بڵاوکردەوە(٣) . بەداخەوە ئەم نووسراوە کە بریتییە لە فەرهەنگێکی ئیدیۆمی کوردی–عەرەبی گەلێ وشەی ئاسایی‌و فرێزی بەرەڵڵای تێدا تۆمارکراوە کە بە ئیدیۆم دانراون‌و زوربەی ئیدیۆمەکان مانایان باش لێك نەدراوەتەوە . بێ‌گومان هۆی ئەو کەم‌و کورتی‌و ئاڵۆزییەش نەبوون یان کەمیی لێکۆڵینەوەی تیۆریی ئیدیۆمە. لێکۆڵینەوەی قووڵ‌و تەواو لە ئیدیۆمی زمانی کوردی مەودای ساغ‌کردنەوەی گەلێك کێشەی گرنگ‌و ئاڵۆزی وشەو دەستەواژە و ڕستە ئاسان دەکاو . زمینەی ڕێکخستنی فەرهەنگ تەخت دەکا . .

ڕستە کە لە ئاخاوتنی ئێمە پێکهاتووە . بەسەر وشەدا دابەش دەبێ . کەم ڕێ دەکەوێ ڕستە لە یەك وشە دروست بووبێ . پتر لە پێکهاتنی ڕستەدا چەند وشەیەك بەشداری دەکەن : (ئازاد چوو بۆ بازاڕ) . (ئەمڕۆ یەکەم ڕۆژی هاوینە) .. لە ڕووی سینتاکس Syntaxەوە ڕستە یەکسەر بەسەر وشەدا دابەش نابێ . بەڵکو لە نێوان ڕستەو وشەدا زنجیرێکی سینتاکس هەیە – ئەویش فرێز (عبارە – Phrase)ە .

فرێز بەو دانە سادە سینتاکسیە دەڵێن ، کە لە دوو یاخود چەند وشەیەکی سەربەخۆ(٤) پێکهاتبێ‌و ڕێزمان بەیەکەوەی بەستبن .

لە زمانی کوردیدا دوو جۆر فرێز هەیە :

١ – فرێزی بەرەڵڵا .

٢ – فرێزی گیراو .

فرێزی بەرەڵڵا ئەوەیە . کە بە ئاسانی‌و بەپێی پێویست دابڕێژرێ ، یاخود لە ڕستە دەبهێنرێ . بە وێنە لە ڕستەی « تۆ دیمەنی بەهارو جەژنی نەورۆزت دیوە ؟ »دا دەتوانرێ دوو فرێزی بەرەڵڵا : « دیمەنی بەهار » . « جەژنی نەورۆز » وەربگیرێ .

هەرچی فرێزی گیراوە پێی دەوترێ « ئیدیۆم • فرێزیۆلۆژی » . کاتێ لە یەکگرتنی هەندێ وشەدا واتای تایبەتی پەیدا دەبێ ، ئەوە بەو جۆرە فرێزانە دەڵێن ئیدیۆم .

لە زمانی کوردیدا – وەك هەر زمانێکی دیکەی سەر ئەم زەمینە – جگە لە وشەی جیا جیا ، کە دانەی زمانن . هەروەها پێکهاتنی ئاڵۆزیش هەیە **کە پێی دەوترێ ئیدیۆم ، وەك : «برین کولانەوە»، « شووڵ لێ هەڵبڕین » ، « کای کۆن بەبا کردن»، « کلکو گوێ کردن » ، « ناوی بە گەرووی ئاشا چێ » ، « زمان لێ دەرهێنان » ، « کەولە کۆن »، « لووت تێ ژەندن » ، « دایە کێو » ،.« دەستی داری گرتووە » ، « مل لە چەقۆ سوین » ،**

« دووکەڵ لە ماڵی هەڵناسێ » .. هتد .

لەبەرئەوەی کە ئیدیۆم لە سیستێمی زماندا بە مانای دیکە دێت ، پێویستە لە ڕوونکردنەوەو ئاشکرا کردنی خاسیەتو دەوریدا ، لە لایەکەوە فرێزی بەرەڵڵادا و لە لایەکی ترەوە لە وشەی جیا جیا ، جیا بکرێتەوە .

ئەو دوو ڕێگەیەی لێکۆڵینەوەی ئیدیۆم ، وەك دیاردەیەکی دیاری کراوی زمان شتێکی زۆر پێویستو گرنگە ، ئەویش لەبەر دوو هۆ : یەك ـ ئیدیۆم لە زماندا ئەرکی خۆی لە ڕێگای وشەی جیا جیاوە دەبینی ، دوو ـ ئیدیۆم لە پێکهاتنیدا لێکدراوەو پارچەکانی وشەی سەربەخۆن . تەنیا لە تەماشا کردنی تەواو و وردبوونەوەی قووڵ لە خاسیەت . جیاوازیی لەگەڵ فرێزی بەرەڵڵادا دەردەکەوێو لە وشە نزیك دەبێتەوەو لە دوایدا . واتە لە ئەنجامی بەراوردکردنیدا لەگەڵ وشە . دەتوانرێ بزانرێ ئیدیۆم چییە .

لێکۆڵینەوە لە کێشەی ئیدیۆمی زمانی کوردی . نەك تەنیا کەڵكو سوودی بۆ دامەزراندنی تیۆریی ئیدیۆمی زمانی کوردی هەیە بەتایبەتی . بەڵکو هەروەها بۆ کاری فەرهەنگ نووسیو لێکسیکۆلۆژییش بە گشتی گەلێك پێویستو بەکەڵکە .

خاسیەتی سەرەکیی ئیدیۆم ـ واتە فرێزی گیراو ـ ئەوەیە کە بە شێوەیەکی بنەڕەتی لە فرێزی بەرەڵڵا جیایەو لە هەمان کاتدا لە وشە نزیك دەبێتەوە . فرێزی بەرەڵڵا لەکاتی ئاخاوتندا دروست دەبێ . هەرچی ئیدیۆمە لەکاتی ئاخاوتندا دروست نابێ . بەڵکو دانەی تەواوو ئامادەی زمانە . بەوێنە لە کاتی ئاخاوتندا کە دەوترێ : « کامەران هێندەی ڕست . سەرم ئاوسا » . ئەوە لەم ڕستەیەدا « سەرم ئاوسا » کە ئیدیۆم (فرێزی گیراو)ە . وەنەبێ لە کاتی ئەم ئاخاوتنەدا دروست بووبێ . بەڵکو لە شێوەیەکی ئامادەو پێکەڵدا لە زماندا هەبووەو بەر لەم کاتە دارێژراوە . پێویست بە بیری خاوەنی ڕستەکەیدا هێناوەتەوەو ئەویش وەك کەرەستەیەکی ئامادە هەستی خۆی پێ دەربڕیوە ..هە رچی فرێزی بەرەڵڵایە لە کاتی ئاخاوتندا لە وشەی جیا دادەڕێژرێ . بەنموونە کە دەوترێ : « منیش پاش چەند ساڵێك تووشی لاوێکی ڕووناکبیر هاتم » . ئەوە لەم ڕستەیەدا « لاوێکی ڕووناکبیر » . کە فرێزی بەرەڵڵایە لە کاتی ئەم ئاخاوتنەدا لە وشەی جیا دروست بووە .

لێرەدا پرسیارێك دێتە پێش : بۆچی کێشەی فرێزی گیراو لە بەشی لێکسیکۆلۆژیدا تەماشا دەکرێت ؟ .. ئاشکرایە ، کە فرێز پارچەیەکە لە ڕستە ـ واتە مەفهوومی سینتاکسییەو ئەمە ڕاستەو بەم پێیە دەبێ لە بەشی سینتاکسدا لێی بکۆڵرێتەوە ، بەڵام کێشەی فرێزی گیراو (ئیدیۆم) لە سنووری سینتاکس دەردەچێو لە لێکسیکۆلۆژی نزیك دەبێتەوە . زۆر جار دەبینین [illegible] ماناو واتا وەك یەك وشەیە ، بەوی[illegible] « ئەسپێ لە گیرفانیدا سەوزەڵە گیانم [illegible]داڵێ » ، بە ماناو واتای وشەی « لات ، هەژار » دێت . یاخود فرێزی گیراوی : « نانی لەسەر ساج سووتاوە » ، بەرانبەر بە وشەی «پەلەکەر » دەوەستێ .

لە زمانی کوردیدا فرێز هەن ، کە هەمیشە بەرەڵڵان ، وەك : « کچی جوان » ، « نامە نووسین» ، « چا خواردنەوە » ، « پیاوی ئازا »، « کتێب خوێندنەوە » .. هتد . فرێزیش هەن کە هەردەم گیراون ، وەك : « گوڵۆڵەی کەوتە لێژی » ، « لووت تێڕەندن » ، « دایە کێو » ، « یاری بە ئاگر کردن » . . هتد .

هەروەها زۆر فرێزیش هەن ، کە دەکرێ بەرەڵڵاشو گیراویش بن . ئەمەش پێوەندی بە ماناو مەبەستو بەکارهێنانیانەوە هەیەو لەڕستەدا دەردەکەوێ . بەوێنە فرێزی : « شووڵی لێ هەڵبڕی » ـ مانا ڕاستەوخۆکەی ئەوە دەگەیەنێ کە « یەکێك شووڵ لە یەکێك هەڵبڕێ » . بەم پێیە . ئەمە فرێزێکی بەرەڵڵایە . بەڵام بە مانای تیانی ـ واتە « لە تامی دەرکرد . لە ڕادەی تێپەڕاند » ـ دەبێ بە فرێزێکی گیراو (ئیدیۆم) . یاخود فرێزی « دۆ و دۆشاو تێکەڵ دەکا » ـ مانا ڕاستەوخۆکەی ئەوە نیشان‌دەدا . کە « یەکێك دۆ بهێنێو لەگەڵ دۆشاودا تێکەڵی بکا » ئەم فرێزێکی بەرەڵڵایە . هەرچی مانای تیانی ئەم فرێزەیە بۆ ئەوە دەوترێ . کە « یەکێك لە وتووێژێکدا . یاخود لە کارێکدا ... تووڕە دەبێو قسەی نابەجێ دەکاو لە ڕادەی تێ دەپەڕێنێ » ـ بەم مانایە فرێزێکی گیراو دروست دەبێ . فرێزی « ئاشی ناگەڕێ » .

ئەگەر وەك فرێزێکی بەرەڵلا بەکار بهێنرێ ، ئەوە واتاکەی ئەوە دەردەخا کە « ئاشەکەی ئیش ناکات » . بەلاّم کە ببێ بە فرێزێکی گیراو (ئیدیۆم) ، ئەوە مانای « کاری وەستاو » دەگەیەنێ ــ واتە مەرج نی‌یە ، ئەو کارە ئیشی ئاش بێت ، بەڵکو هەر ئیشێك بێت جیاوازی نی‌یە .

فرێزی گیراو (ئیدیۆم) هەموو وەك یەك نین ، بەڵکو لە ڕادەی یەکگرتن‌و پێوەندی ئەو وشانەی پێکی دەه[illegible]ن‌و لە ڕووی ئەوەوە کە مانای گشتی [illegible]کە تا چ ڕادەیەك بە هەر وشەیەکی [illegible] پەیوەستە ، جیاوازیی هەیە ، جا ل[illegible]وە لە زمانی کوردیدا دەتوانرێ چەند جۆرێك ئیدیۆم دیاری بکری(٥).

لە بەر ئەوەی لە زمانی کوردیدا ژمارەیەکی ئێجگار زۆر ئیدیۆم هەیە ، بۆیە لە زانین‌و فێربوون‌و وەرگێڕانیدا بۆ سەر زمانێکی دی ، گیروگرفت دێتە پێش ، جا بۆ ئاسان‌کردنی ئەو کارە ، پێویست بە لێکۆڵینەوە لە جۆرەکانی ئیدیۆم‌و ڕێکخستنی فەرهەنگی ئیدیۆم هەیە .

زمانەوانانی ئەمڕۆی یەکێتی سۆڤێت گرنگی‌یەکی زۆریان بە کێشەی ئیدیۆم داوە ، بەڵگەی ئاشکراش ئەوەیە کە گەلێ کاری تیۆری دەربارەی ئیدیۆمی زمانی نەتەوە جۆربەجۆرەکانی ئەو وڵاتە بلاّوکراوەتەوەو ژمارەیەك فەرهەنگی ئیدیۆم چاپ‌کراوە . ئەمەش بەگشتی لە گەشەپێدان‌و پێشخستنی کاری فەرهەنگ نووسیدا دەورێکی گەورەی بینیوە ... تیشکی ئەو پێشکەوتنە وا تەواو زمانی کوردیشی ڕووناك کردەوە . ئەوەتە اوی زاناو کورد پەروەر د . مەکسیمی خەمۆ(٦) ، کە بەڕاستی شاسواری ئەو مەیدانەیە ، پاش هەوڵ‌و تەقەلالای بێ‌وچانی پتر لە دە ساڵ توانی فەرهەنگێکی گەورەی زانستی ئیدیۆمی کوردی ــ ڕووسی لە چاپ‌دا(٧)و لەم‌مەیدانەدا سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست بهێنێ .

ئەم فەرهەنگە (٢٨٤) لاپەڕەی قەوارە گەورەیەو نزیکەی هەشت هەزار ئیدیۆمی کوردیی تێدایە ، کە ماناکانیان بە ڕووسی لێکدراوەتەوە . لە (٢٨) لاپەڕەی سەرەتادا دەربارەی ئیدیۆمی زمانی کوردی کۆڵیوەتەوەو لەچەند سەرێکەوە ، بەر لە هەمووش لە ڕووی پێکهاتن‌و ئەرکەوە گەلێ زانیاریی نوێی خستۆتە پێش چاو .. دواتر لە چۆنێتی‌ی کۆکردنەوەو هەڵبژاردنی ئیدیۆم بۆ ئەو فەرهەنگە دواوە .. باسی شێوەی ڕیزکردن‌و جیاکردنەوەیانی کردووە .. لە لێکدانەوەی مانایان‌و شێوەی جۆربەجۆری وەرگێڕانیانی کۆڵیوەتەوە ... هتد .

ئەم فەرهەنگە بە شێوەیەکی سەرەکی ئەو ئیدیۆمانەی گرتۆتە خۆی کە لە دیالێکتی کرمانجی ژووروو (بەتایبەتی لە بەشە دیالێکتی کوردی یەکێتی‌ی سۆڤێت)دا دەبینرێن . هەروەها بەشێك لەو ئیدیۆمانەش کە لە دیالێکتی کرمانجی خواروودا بەکار دێن ، لەم فەرهەنگەدا تۆمارکراون .

وەك ئاشکرایە زوربەی ئیدیۆمی کوردی هێشتا هەر لە ئاخاوتن‌و فۆلکلۆردا دەبینرێن‌و سەدانیان لە نووسیندا بەکار نەهێنراون . بەشی زۆری ئەو ئیدیۆمانەش کە کەوتوونەتە نووسینەوە ئەوانەن کە لە ئاخاوتندا زۆر چالاکن . سەرەڕای ئەوەش فرەواتاکانیان بۆ هەموو واتاکان بەکار نەهێنراون .. جا بۆیە د. خەمۆ لە دانانی ئەم فەرهەنگەدا ئەدەبیاتی کوردی نەکردۆتە سەرچاوەی سەرەکی‌و لە زاری حیکایەت خوان‌و دیهاتیی کوردەوە کەرەستەی بۆ فەرهەنگەکەی کۆکردۆتەوە . ڕاستە لەم قۆناغەدا فەرهەنگی ناوبراو ناتوانێ دەورێکی گەورە لە ئاسان‌کردنی تێگەیشتنی تێکستی ئەدەبیدا ببینێ (هەرچەندە مەبەستی فەرهەنگەکەش تەنیا هەر ئەوەندە نی‌یە) ، بەلاّم دوا ڕۆژ ــ واتە کاتێك ئیدیۆمەکانی زمانی کوردی ئەدەب دەڕازێننەوە ، ئەوە دەتوانێ باش ئەو نیشانە بپێکێ .. نووسەر لە سەرێکی دیشەوە ئەو سامانەی نەتەوەکەمانی لە مەترسیی تیاچوون ڕزگارکردووە .. ئەم بەرهەمە جگە لەو کەڵکە زۆرەی بۆ زمانەوانان‌و قوتابیان‌و ئەدەب دۆستان‌و وەرگێڕان هەیەتی ، هەروەها ڕابەرێکی کەم هاوتاشە بۆ نووسەران .

لە نێو فرێزو ڕستەی هەمەچەشنەی کوردیدا ، بەر لە هەموو شتێك پەندی پێشینان‌و قسەی نەستەق سەرنج ڕادەکێشن‌و کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەو لە چاپدانیان(٨) گەلێك خرکردنەوەو تۆژینەوەی ئیدیۆم کەوتووە ...

نەك هەر لە لێکۆڵینەوەی زمانی کوردیدا ، بەڵکو لە لێکۆڵینەوەی زمانە پێشکەوتووەکانیشدا جیاکردنەوەی ئیدیۆم لە پەندی پێشینانو قسەی نەستەق کێشەی زۆر لە سەرە . شایانی باسە، د. مەکسیمی خەمۆ زانایانە بۆ ئەو باسە چووەو سنووری ڕاستو لاری لە نێوانیاندا کێشاوە .

د. خەمۆ لە چۆنێتیی وەرگێڕانو لێکدانەوەی مانای ئیدیۆمەکانی فەرهەنگەکەیدا لە هەمان کاتدا هونەرێکی بەرزی نواندووەو بەزمانێکی ڕەوانو ئاسان . بە وشەو فرێزو ڕستەی پڕ بەپێستی خۆی شەرحی ئیدیۆمەکانی کردووەو ماناکانی لێکداوەتەوەو هەر ئیدیۆمێك چەند مانای هەبێت ، هەموو ماناکانی بە ڕووسی نووسیوە . هەروەها ئەگەر ئیدیۆمێکی کوردی لە ڕووسیدا بەرانبەری هەبێ ، ئەوە ئیدیۆمە ڕووسی‌یەکەشی هێناوەتەوە .

ئەم فەرهەنگە لە ڕووی زۆری ئیدیۆمو شێوەو شێوازو جۆری دانانو ڕیزکردنو ڕێکخستنی ئیدیۆمەکانو لێکدانەوەو ڕوونکردنەوەو بەکاڵاکردنەوەی مانای ئیدیۆمەکاندا کارێکی گەورەو زانستیو بەنرخو نایابەو کەلێنێکی گەورەی لەکاری تیۆری ئیدیۆمو فەرهەنگ نووسیی کوردیدا پڕکردۆتەوە . هەرچەندە چەند ناتەواویو کەمو کورتی‌یەکی کەم لە « فەرهەنگی ئیدیۆمی کوردی – ڕووسی»دا هەیە[٩] ، بەڵام ئەو ناتەواوی‌یانە بەجۆرێك نین لە نرخی ئەو کارە شاکارە کەم بکەنەوە .

لە کۆتایدا هیوامە خامەی ڕەنگینی د. مەکسیمی خەمۆ لەمەیدانی بەرینی فەرهەنگ نووسیی کوردیدا هەر لە برەودا بێ .

پەراوێزەکان :

١ – مەکسیمی خەمۆ ، دەربارەی فرێزیۆلۆژیی ناو لە زمانی کوردیدا ، یەریڤان ، ١٩٧١ (بە زمانی ڕووسی) .

٢ – یو . یو ئاڤالیانی ؛ مەسەلەی جیاکردنەوەی کرداری لێکدراوو ئیدیۆمی کردار (لەسەر کەرەستەی زمانی کوردی) – « کورتەی هەواڵەکانی کۆنفرانسی زمانناسی » . سەمەرقەند ، ١٩٥٨ ، ل ٤٠–٤٣ (بە زمانی ڕووسی) .

٣ – صادق بەهائەدین ئامێدی ، ئیدیەمێت کوردی . بەغدا . ١٩٧٣ .

٤ – بێ گومان پێویستە لە چەند وشەیەکی سەربەخۆ (واتە لە چەند وشەیەکی تەواو) پێکهاتبێ . لەبەر ئەوەی (پیتی بانگهێشتنو پیتی پێوەندی ..) وشەی ناتەواونو ناتوانن فرێز دروست بکەن . بە وێنە لەڕستەی « من دەچم بۆ بازاڕ » دا ناتوانین بڵێین ، کە « بۆ بازاڕ » فرێزە ، چونکە (بۆ) وشەی تەواو نی‌یە .

٥ – بۆ زانستی زیاتر لە بارەی ئیدیۆمەوە ، بڕوانە : د . ئەو[illegible]ی مارف ، وشەی زمانی کورد[illegible] ، ١٩٧٥ ، ل ٥٦ – ٦٨ .

٦ – د. مەکسیمی خەمۆ لە ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسیی یەریڤان کاردەکاو لە بەشی کوردیی_زانستگەی یەریڤان دەرسی زمانی کوردی دەڵێتەوە ، ئەم زانایە لە بارەی زمانی کوردی‌یەوە چەند وتارو نامیلکەی بڵاوکردۆتەوە ، وەك : « ڕەخنە لە کتێبەکەی چ . خ . باکایێف (شێوەی کوردی تورکەنستان) » ، گۆڤاری « مێژوو و فیلۆلۆژی » ، یەریڤان ، ١٩٦٥ ، ژ ٣ ، مۆرفۆلۆژیی شێوەی بادینان » (کورتەی نامەی دوکتۆری) ، یەریڤان ، ١٩٦٥ ، « دەربارەی فرێزیۆلۆژیی ناو لە زمانی کوردیدا » ، یەریڤان ١٩٧١ .. و هەندێکی تر .

٧ – د. مەکسیمی خەمۆ ، فەرهەنگی ئیدیۆمی کوردی – ڕووسی ، یەریڤان ، ١٩٧٩ .

٨ – تۆمارکردنی پەندی پێشینانو قسەی نەستەقی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی هەژدە هەندێ لەو دەستنووسانە لە ماتێندەرانی یەریڤانو کتێبخانەی ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسیی لێنینگراد پارێزراون .

٩ – لە کەمو کورتیی ئەو فەرهەنگە نەدواین ، چونکە بە زۆری مەبەستی ئەم وتارەمان ڕاگەیاندنی دەرچوونی کاری ناوبراوە .

* * *

دەنگی ئافرەتی کورد لە هۆنراوەکانیدا

د. کوردستان موکریانی

ئەم باسە لە بابەتێکی گرنگی وێژەی کوردی دەکۆڵێتەوە ، کە ئەویش دەنگی ئافرەتی کوردە لەنێو بەرهەمی هۆنراوەییدا .

نووسەر هەوڵی دەرخستنی ئەم دەنگە بەرزو دیارانەی داوە ، [illegible] لەنێو بەرهەمەکانیاندا تیشك دەدەنەوە [illegible]ور ئاشکران ، هـاوار دەکەن دەستکر[illegible]ەتی کـوردین و دەنگی وانین .

لێکۆڵینەوە ئەوەی بۆم روون کردۆتـەوە ، کەوا دەنگی راستەقینەی ئافرەتی کورد لـە کۆتایی سالآنی پەنجاو شەستەکانا بەرز بۆتەوە . ئەز لێرەدا تەنێ باسی یەک لایەی ئەم دەنگ بـەرز بونەوەیە دەکەم کـە لەنێو هۆنراوەدا دەربڕاوە . سەرباری ئەوەی ئەم دەنگانە لە ژمارەی پەنجەکانی دەست زێتر نەبوون ، تەمەنیشیان درێژ نەبووە هەرچەنـد هەناسەیەکی کورتیان داوەو بێ دەنگ بوونو کپ بوون . هۆی سەرەکیشی بۆ بـاری کۆمەلآیەتی ئەم ئافرەتانە دەگەرێتەوە کـە بـە دامەزراندنی ژیانی خێزانیان ، بونیان بـەدایـک بەهۆی خوبەکی بێ هێزی منداڵە نۆبەرە کانیانەوە مۆمی جیهانی هۆنراوەیان کوژاندۆتەوەو دەستیان لەبەرهەمی هۆنراوەیی هەڵگرتووە .

لە سالآنی حەفتادا لەگەڵ بەیاننامەی یازدەی ئازاری پیرۆزدا ، لەگەڵ بوژاندنەوەی هونـەرو وێژەی کوردیدا وە زۆر بونی چاپـەمـەنییـە کوردیەکاندا وماوە دان بە ئافرەت بۆ بەشـداری کردنی ئافرەت زێتر لەبنیات نانی کۆمەڵدا بوونە هـۆی زیاد بوونی ژمارەی ئافرەتی لـە بواری شیعری کوردیدا کـە ئازایانەتـر بـە دەنگێکی لەوانەی پێشوو بەرزتر وە بە شێوەیەکی فراوانتر لە کێشەی خۆیان بەتایبەتی وەکێشەی کۆمـەڵ بەگشتی لە نێو هۆنراوە کانیاندا بدوێن . گـەر چاوێك بە بەشی هۆنراوەی کتێبخـانەی کوردیدا بخشێنین ، چاومان تەنیا بە شـەش دیوانی هۆنراوەیی دەکەوێ ، کە خاوەنەکانیان ئـافـرەتی کوردن . ئەوەی شایەنی باسە چوار لەم دیوانانـە لە سالآنی حەفتادا چاپکراون دووەکانی پێشووش لە سـالآنی شەستدا . بە لەدایک بوونی ئـەم دیوانانە کەلێنێکی ڤالا لە کتێبخانەی ژاری کوردی پڕ کراودتەوە ئەمەش ئەوەمان بۆ دەسـەلمێنێ ، کەوا ژمارەی ئافرەتی شاعیر لە چاو ژمـارەی پیاوی شاعیر لەلای ئێمە زۆر کەمە . ئەم دیاردە یەش وە نەبێ هەر لەنێو کۆمەلـگەی کوردەواری ئێمەدا هەبێ ، بەکو مێژووی وێژەی جیهـانی بە تێکرا کەمی ئافرەتی شاعیرمان بۆ دەسـت نیشان دەکا ، کە هۆی سـەرەکیشی بۆ بـاری کۆمەلآیەتی دەگەرێتەوە .

وەنەبێ کورد هـەر مەستورەخانی ئەردەلانی (١٢٢٠ - ١٢٦٤ کۆچی) میهرەبـانی خاتوونی بادینانی (١٨٥٨) ، فەقێ ئامینە هەمەوەنـدی هەبوو بێ ، بەڵکو هۆزو ناوچە نەبووە هەسـت تاسکێکی وەکو ئەم تێودارانەی تێدا هەڵ نەکەوتبێ بەلآم خـوو رەوشتو نەریتی کۆمەلآیەتی دەمکوت کردوونو لە بەرهەم دانی هۆنراوە بێ وەکو دارێکی بێ بەربێ بەرهەم دانو بەمشینی کردوون .

لەگەڵ کەمی بەرهـەمی هۆنراوەیی ئافرەتی کورد رەخنەیەکی زۆری سەرپێیانە ئاراستە ئـەم بەرهەمە نرخدارانە کراون ، لەوەی ، کـــە بەرهەمی ئەدەبی ئافرەتی کورد لاسایی کردنەوەی بەرهەمی ئەدەبی پیاوە ، نقـووم بوونی دەنگی ئافرەتی کوردە لە نێو دەنگی پیاودا . . . .

بۆ ئەم جۆرە بڕیاردانە . بەرهەمی هۆنراوە یی ئافـرەتی کورد پێویـستی بـە لێکۆڵینـەوەی زانستانە هەیە ، بۆ ئەوەی هەڵوێستی ئـافـرەت بەرامبەر بەکێشەی خۆی‌و مرۆڤانی دەوری خۆی بزاندرێ هـەروا تیشك بخرێتـە سـەر چونیەتی بیـرکردنەوە و رادەی توانای دەربڕینی بیری ، بنچینەی پێوانەی کێشانی رووداوانی کۆمەلآیەتی، فەلسەفەی ژیانی ، مامەڵە کردنی لـەگـەڵ کێشەی رۆژانەی جیهانی تایبەتی خۆی‌و فرکەی زەوی بە گشتی . جا ئەوسا دەبێ بڕیار لەسـەر دەنگی بدرێ . ئایا لاسـایی کەرەوەیە ؟! لە چ لایەنێکەوەیە وە تا چ رادەیەکە یان دەنگی کەسی خۆیەتی .

لە باس کردنی دەنگی ئافرەتی کـورد نـابێ دەنگی ئەو هۆنەرانەمان لە یاد بچێ ، کـە زۆر جار برێتی ئەو دەنگی زولالی خۆیان بەرز کردۆتەوە

داوای سەربەستی ئافرەتیان کردووە . لەنێو ئەم هۆنەرانەدا یەکەمین بوێژێکی ئەم ئالایەی هەڵگرتبێ حاجی قادری کویی بووە لە دوای ئەودا مەلا محەمەدی کویی ، قانع ، گۆران ، هێمن ، مەدهۆش‌و دەیان شاعیری دی[١] .

گەر چاوێك بە مێژووی وێژەی عەرەبیدا بخشێنین هەمان هەڵویستمان بەر چاو دەکەوێ ، کە ئەویش داوا کردی سەربەستی ئافرەت لەلایەن شاعیری پیاوە وە لەوانە : حافظ ابراهیم ، معروف الرصافی ، جمیل صدقی الزهاوی ، سامی شوکت ، ساطع الحصری‌و ...

ئەو رێبە رانەی داوای سەربەستی ئافرەتیان کردووە . پێشەکی هانی خوێندەواری یان داوە . زیرەکانەو دور بینانە بۆ کێشەی نەخوێندەواری چوون چونکە لەگەڵ ئەوەی ئەوکێشەیە کێشەیەکی رۆشنبیری‌و کۆمەڵایەتی‌یە کێشەیەکی ئەوەبیشە ، دەروازەیەکە بۆ بەرهەم هێنانی ئافرەتان لەم بوارە گرنگەدا وەهەر خوێندەواریشە کە هۆی سەرەکی بەدی هێنانی هەموو پێویستێکی دی ئافرەتە .

گەرچی مێژووی وێژەی عەرەبی دەیان شاعیری ئافرەتی وەکو خەنسا ، نازك الملائکه ، عاتکه الخزرجی ، لمیعه عباس ، امل جراح ، فدوی طوقان ، سلوی حجازی ، غاده السلمان ، فضیله الساقی،تێدا هەڵکەوتووە بەبەرهەمەکانیان وێژەی عەرەبی‌یان دەوڵەمەند کردووە ، بەڵام تا ئەمرۆش شاعیری پیاو هەن لە برێتی ئەو هۆنراوە دەهۆننەوە بۆ وێنە « نیزار قەبانی » لە دیوانی « یومیات امرأة لا مبالیه »دا کە تایبەتە بۆدەنگی ئافرەت دەنگی خۆی بەنێو ئەوەوە بەرز دەکاتەوە. لە یەکەمین پارچە هۆنراوەی دیوانی نێوبراودا ، کە بە نێوی « رساله الی رجل ما »یە دەڵێ :

یا سیدی العزیز
هذا خطاب امراة حمقاء
هل کتبت الیك قبلي امراة حمقاء ؟

★

یا سیدي
أخاف ان أقول ما لدي من اشیاء
اخاف ـ لو فعلت ـ
ان تحترق اسماء
منشوفکم یا سیدي العزیز
یصادر الرسائل الزرقاء
یصادر الاحلام من خزائن النساء
یمارس الحجر علی عواطف النساء

★

معذرة یا سیدي
اذا تطاولت علی مملکة الرجال
فالادب الکبیر ـ طبعا ـ ادب الرجال
والحب کان دائما
من حصة الرجال

★

یا سیدي
قل کل ما تریده عني فلن ابا [illegible]
سطحیة . غبیة . مجنـ [illegible]
فلم اعد [illegible] **ابالي**
لان من تکتب عن همومها
في منطق الرجال تدعي امراة حمقاء
الم اقل في اول الخطاب اني امراة حمقاء ؟[٢]

★

ئەز لەگەڵ زوربەی ئەو بیرورایانە دانیم ، کە لێرەدا نیزار قەبانی بە زاری ئافرەتی روژ هەڵاتی‌یەوە دەری بڕیوە . چونکە وا لە خوێنەری ئافرەت دەکا ، کەوا بەهیچ جۆریك هەست . سۆزو بیری خۆی دەر نەبڕێ ، بۆ ئەوەی پێی نەڵین بێ‌هۆش‌و دەبەنگ و گێلە .

بە پێی تاقیکردنەوەی رۆژانەی خۆم لەگەڵ نووسیندا ، هەر ئافرەتێکی هەستی ناسکی خۆی لەنێو سنووری یاسای کۆمەڵایەتی هاو جەرخ دەربڕیبی بە ووشەی پڕ لە رێزو ستایشەوە گول باران کراوە ، لەنێو کۆمەڵدا پایەیەکی دیاری کراوی خۆی بۆ دەست نیشان کراوە . وە هەرگیر بەو ، نێو نەبراوە ، تەنیا لەلای ئەو کەسانەدا نەبێ ، کە مرۆڤیان وەك مانگ دێتە بەرچاو ، کەتەنێ لا تاریکەکەی دەبینین‌و هەست بەلا رووناکەکەی ناکەن ، گەرچی شەوی تاریشیان بۆ رووناك دەکاتەوە ، ئەوەش بۆ باری دەروونی ئالۆزاوو نەخۆشی خۆیان دەگەڕێتەوە .

لەگەڵ ئەوانە شدا هەموو ئەم جۆرە دەر برنیانە وێنەیەکی تێك شکاو و کۆن و ناوآستی پیاوی رۆژهەلاتی پێشان دەدا ، کەوا لە ئافرەت دەکات بەبیری سەدان ساڵ لەمەوبەر بیر لە پیاو نکاتەوەو پێوەندی نێوانیان لە سەر نەسرەوتی‌و بێ باوەری بنیار بنرێ‌و رۆ بهێندرێ .

سەر چاوەی ئیلهامی
هۆنراوەکە ئافرەتمان

باری کۆمەڵایەتی بە هەموو لایە نێکێوە. باری ئابوری ، رامیاری و نیشتمانی ، سروشت بە گشت دیمەنێکێوە ... سەر چاوەی ئیلهامی شیعری ئافرەتمان بوون .

ئافرەتمان گۆرانی‌یان بۆ هێزی رەنجدەر ، ئافرەتی کلۆڵو بەش خوراو ، هەژاری ، دیلی ، خەمو پەژارە ، سۆزو خۆشەویستی وولات شیرینی وە جووانی سروشت گوتووە ، گۆرانی یەکانیان بە ووشەی داتادار رازاندۆتەوە ، کە لە ئەنجامدا دەیان تابلۆی رەنگاو رەنگی‌یان پێشکێش کردووین .

ئافر ... ین کێشەی خۆی لە سەربەستی ... ەکسای لەگەڵ پیاودا زۆر لە پیاو شاو ... رە . سەربەستی ئافرەت بە شێوەیەکی سەرەکی دەبێتە بکەوێتە سەر ئەستۆی خۆی لەبەر دوو هۆی گرنگ :

یەکەمیان : خۆی خاوەن کێشە کەیە .

دووەمیان : وەك ئاشکرایە سەربەستیش نادرێ‌و نابەخشرێ بەڵکو دەستێنرێ ، ئەمەش بە سەلماندنی بوونی خۆیەتی لە مەیدانی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و رامیاری و ئابوریدا .

بەڵگەشم بۆ ئەم راستی‌یە ئەم بەراورد کرنانەیە کە لە نێوان ئەو هۆنراوانە دا کردوومن ، کەوا پیاوی شاعیرو ئافرەتی شاعیر لەیەك بابەت دواون ، کە ئەویش « سەربەستی ئافرەتە » .

ئافرەت بە شێوە یەکی قوولتر و فراوانترو هەست پێ کراوتر باسی ووشەی « سەربەستی » خۆی دەکات . ئافرەت سەربەستی خۆ رازاندنەوە و خۆ جوانکردن بە سەربەستی راستەقینە نازانێ . چونکە ئەم جۆرە سەربەستی‌یەی تەنیا بۆ ئەوەیە زێتر پێی رابوێرن .. هەر بۆیەیە دەبینین ئەم سەربەستی خۆ رازاندنەوەیە هیچی لە کرۆکی سەربەستی ئافرەت نە گۆری ، بەڵکو هەر وەکو بووکە شووشە یەك مایەوە بە دەستی پیاودا ... ئافرەت لە سەربەستی راستی دەگەرێ دەیەوێ وەکو مرۆڤێك تەماشا بکرێ وە مافی یەکسانی بێ لەگەڵ پیاودا ، چونکە یەکسانی بەردی بناخەی کۆمەڵی پێشکەوتووە بایەخ دان بە کەسیەتی ئافرەت ، دان پێدانانی لەو خوو رەوشتە بەرزە وە هەڵێنجراوە ، کە هەموو مرۆڤێکی باوەر بە خۆ شانازی پێوە دەکات . میری شورش لە عیراقی خوشەویستدا بەدەنگ ئەم سەربەستی راستەقینەی ئافرەتی عیراقیدا هاتوو دەیان یاسای لە پێناو یەکسانی ئافرەت و پیاودا بۆیێك هێنانی کۆمەڵیکی پێشکەوەودا دانا .

لەم لێکۆڵینەوەیەدا دوو وێنەی دەنگداری جۆراو جۆری ئەو هۆنراوانە تان پێشکێش دەکەم ، کە ئافرەتانمان لە نێو بەرهەمەکانیاندا کێشاویانە .

یەکەمیان : وێنەی ئافرەت لە نێو هۆنراوەی ئافرەتدا .

دووەمیان : وێنەی پیاو لە نێو هۆنراوەی ئافرەتدا .

بەشی یەکەم

« وێنەکە ئافرەت لە نێو هۆنراوەی ئافرەتدا »

ئافرەتانمان هەولێ یان داوە وێنەی کەسیەتی راستەقینەی خۆیان بکێشن‌و باری دەرونی یان ئازایانە دەربرن . هێندێك جار ، ئەوەندە بە ووردی چونەتە نێو ناخی گیانی ئافرەتی بەش خوراوەوە ، توانیویانە پلەی کلۆلێ خۆیان لە نێو تابلۆیەکی دەنگدار بدرکێنن بەرادەیەك خوێنەریش بخەنە گێتی خەمناکی خۆیانەوە .

١ ــ وێنەکە ئافرەت لە رۆژی لەدایك بوونیدا

ئەو دەنگەی کە لە هەموو دەنگێك بەرزتر دێتە بەر گوێ ، ئەو دەنگەیە ، کە لە رۆژی لە دایك بوونی دە دوێ ، زۆربەی ئافرەتانمان نەخشەی ئەم رۆژەیان کێشاوە ، ئەو دەنگانەی کە لە تابلۆکانی رۆژی لە دایك بووندا گوێمان لێ دەبێ وە نەبێ هەر دەنگی ئافرەتەکە خۆی بێ ، بەڵکو دەنگی ئەو هەموو ئافرەتانەن ، کە لە ناخیدا دەژین و نیشتەجێ بوون .

« خانم » لە باسکردنی ئەورۆژەدا دەڵێ :

کە لە دایك بووم چاوم کردەوە
لەگەڵ خەم دنیای رووناکم دی‌من
خەم بەخەم دەرگای ژینی کردمەوە
سێهەم کچیش بووم بۆ نەگبەتی من

(خوشەویست ــ ٧٧)

ئەم دیمەنە بەگرترو بە تاوتر لە لایەن دایکی سولاڤەوە لە پارچە هۆنراوەی « دۆشاوی تاڵ »دا باسکزاوە ، کە دەڵی لەم رۆژەدا گریام ، نەك هەر بۆ خۆم ، بەڵکو بۆ هەموو کچێکی سەر رووی زەوی . گریام .. چونکە بە هاتنم هەموو کەسێك بێزاری خۆی دەربری ، هەموویان لێویان هەڵ قورتاند . تا مادەیەك زۆر فرێ یان

دام ودێ ئاهەنگ گێران نێو نرام لەگەڵ ئەوانەشدا هەموو :

سەر خۆشیان لە باوکم کرد
وتیان باشە بوو دایکی نەمرد
بە گرو گاڵ هاوار ئەکەم
تاکەی ئەم بیرە وا بروا
کور ناز پەروەر
کچ بێ نەوا

د. کوردستانی موکریانی دەنگی خۆی دەخاتە سەردەنگی هەموو کچێکی بەش خوراوی سەررووی زەوی ، وێنەیەکی فرمێسکاوی کە دیمەنی و هەڵویستیمامان پێشان دەدا لە رۆژی لەدایک بوونی کچانداو دەڵێ :

دەڵێن مامان
کزی مەلوولی بێ تاوان
یەکەمین کراسی بەرم
تەر کرد بە فرمێسکی گەرم
دڵ پڕ لە ترس بوو ... دەگریا
وای دەزانی
ئەو بوو منی هێنا دنیا !!

٢ - وێنەی ئافرەتی رەنجدەر

بابەتی وێنە کێشانی باری دەروونی ئافرەتی رەنجدەری چەوساوە ، کەم لە نێو دیوانەکاندا بەر چاو دەکەوێ . پارچە هۆنراوەیەکی ، کە سەمفۆنێ بایەکی خەمناوی پێک هێناوە وە هەستی دڵ پێ سوکان و سۆزدە بزوێنێ پارچە هۆنراوە یەکی میهرەبان خانە ، بە نێوی « کارەکەری بچکولە »یە .

میهرەبان خان لە هونراوە کەیدا توانیویەتی دەروونی بە کولو برینداری کچێکی بچکولە دەربری وە هەست بەزام و ئازاری دڵی ناسکی بکات وە بە ووشەی بە جۆش لە نێو چوار چێوەیەکی هەست بزوێندا بینوێنێ . هۆنراوەکە لە بەسەرهاتی کچێکی بێ دەرەتان و سێوی (هەتیو) دەدوێ بۆ نان پەیدا کردن بریاری کارکردنی داوە لە کوێ ؟ لە ماڵان . خاوەن ماڵ وەکو مرۆڤێك چاوی لێ نەکردووە . بۆ بە ووشەی نارەسەنی (کچەتیو) نێوی بردووە ، بەلام ئەم کیژۆڵەیە سەرباری ئەم هەموو نا هەمواریو دەردی سەرییە نەبەزیوە . باوەر بە خۆیە ، بۆیە بریار دەدا ، کە وەکو فەرهاد رەنج بدات تا بگاتە کولێ ئاواتی :

نەء مەڵێ کچەتیو .... بڵێ هەژارە
دنیای کرێوی بە پولو پارە
بەسم پیا ماڵە چەپۆکی سووکی
مەڵێ بەرەڵلای مەڵێ چرووکی
چۆلەکە یەکم تەنیا و بێ کەسم
مەلی ئاواتم فری لە دەستم

(دیوانی پەیام - ٣٩)

٢ - ئـافرەت و فـاڵ [illegible]

کاتێ ئافرەت روو بە [illegible] ـەیەکی ناهەمواو دەبێ ، چارە سەرکردنی لەلا زۆر دژوارو گران دەبێ . وا هەست دەکا لەشکری خەم و سۆ هەموو گێتی داگرتووە ، هەر چوار لایەنی لێ داگیر کردووە . هیچ دەرگە یەکی بە والآیی بۆ جێ نە هێشتووە ، بە تەنیا لە نێودانەی خەمی خۆی دەسورێتەوە تاگێژ نەبێ هەڤالیك ، دۆستێك ، خەم خۆرێك نابینێ ، بۆ ئەوەی کاریگەری کێشەکەی بۆ سڤك کات و رێگەیەکی بابەتانەی بۆ دەست نیشان بکات لە ناڵ گرتنەوە زێتر نەبێت .

ئەم دیاردەیە وەنەبێ هەر ئافرەتی رۆژهەلاتی باوەری پێ هەبێ ، بەڵکو لە نێو ئافرەتی ئەوروپای رۆژ ئاواشـدا باوە . بۆ وێنە ، زوربەی ئەو گوفارانەی سەر بەئافرەتن لە هەموو ژمارەیەکیدا لاپەرەیەکی بۆ بەخت لەگەڵ ئەستێراندا رازاندۆتەوە ..... زۆر ئافرەتی رۆژ هەلاتیم دیوە سەبارەت بەم لاپەرەیە ئەم جورە گوفارانەی کریوە ، لەنێو بەشێکی زۆری ئافرەتانی ئەوروپای رۆژ هەلاتیشدا هێژ باوەر کردن بە فاڵ باوە ، هەر کە تەنگ و چەڵەمە و رووشە و گیچلە لیکیان روو بە روو دەبێ کارێکی بەخت گرتنەوەی بۆدەگرنەوە د. کوردستانی موکریانی لە پارچە هونراوەی « فالێ قاوە »دا وێنەیەکی دەنگداری ئەم بابەتە باوەمان بۆ دەکێشێ بە ووردی ووشەی زارەکی نێوان ئافرەتی فالگرو فاڵ خوێنەوە مان بۆ باس دەکاو دەڵێ :

فنجانت خاتوو نازە
هەرایە پر مرازە
ژیانت پارچەیەک خەمە
دەڵێی زوڵفی بەخەمە
دەوری دڵێ تۆی داوە
وەك دووکەڵ تێی ئالاوە

ئافرەتە سەودا سەرەکە ، کە گوێی لـــەم ووشانە دەبێ ، کەباری خەماوی دەردە برێ زێتر لـــە فنجانەکەی نێزیک دەبێتەوە و وە رازی دلێ خۆی ئاشکرا تر بۆ فالچێ باس دەکاو دەلێ :

راستە لەژین بێزارم
دەناڵم و ... بە ئازارم
هۆی سەودا سەریم چی‌یە .
سەر گەردانیم لە چی‌یە
قوربان چاکی سەیرکە
هوی خەم و کولم دەرکە

ئافرەتە [illegible] ەکـــە لـــە درکاندنی باری ناهـــەموار [illegible] وام دەبێو بـــە چەنـــد دەربرین و فریز [illegible] ەوە رووی تێ دەکـــاو دەلێ :

قوربانت بم خۆیەتی
دڵەو گیرۆدەیەتی
پێم بلێ بۆچ بێزارە
لێم دوورە و نادیارە

(هاوکاری ژمارە ٣٢ سالی ١٩٧١)

لـــە پـارچـــە هـــۆنـراوەی « فالچی »دا د. کوردستانی موکریانی وێنەیەکی دی ئافرەتو فال دەگرێ ، کە تا رادەیەک توانیویەتی خـــەمو سوێ پەنگ خواردووی دڵو دەروونی ئەو ئافرەتە دەردە برێ ، کە بۆ چارە ســــەرکردنی کێشەی رۆژانەی خۆی پەنای بۆ فالچی بردوو ، کـــە نـا بینایـانـــە پلانی چـــارە کـردنی گـرێی دلێ بۆ دەنەخشێنێ بە نەشم و ئیســــلوبی باوی ژنانە دەلێ :

قوربانت بم فالچی گیـــان
بیکە بـۆ خـاتـری قورئـان

کێ منی رەش کــــــردووە
منی لـــە چاو خستووە ؟

وە نەبێ هەر فالو فالچی ســـــــەرنجی د. کوردســـتانی موکریانی راکێشا بێ ، بەڵکو داواکردنی لە بەجێ هێنانی لەپیاو چاکاندا ، نەزر کرتن ... ، کە لە نێو کۆمەلگەکەیدا زۆر باوە . زۆر جار ســـــەرنجی راکێشاوە . بۆیە تابلۆیەکی دەنگداری بۆ کێشاوە ، کە چۆنیەتی مراز گرتنو نەزر بەجێ هێنان لەکاتی هاتنە دی مرازەکـــەی دەنوێنێ ، لە هۆنراوەکەدا بێ هێزی بێ ئومێدو بێ هیوایی ئافرەتە سەر گەردانەکە هەست پێ دەکرێ هەر وابێ‌کەسیەتی‌و وون بوونی هـــەبوونی ئـــەم ئافرەتە لە نێو کومەلدا بەرچاو دەکەوێ ، چونکە لە واقیع دوورەو بە روژیش هەر لەخەو خەیالدا خول دە خواتو وەدەژێ .

دە خیلتم چاکی سەر گردی
لە خەومدا خەوم دەدی
لەو خەوەدا
مرازی دلم هاتەوی
گیانی من بە قوربانت بی
دوعا .. نزا بێ بۆم بکە
بەشکو خەونەکەم بێتە دی
دەخیلتم چاکی سەر گردی

د . کوردستانی موکریانی ئەو کۆمەلەی ، کە زوربـــەی ئافرەتانی باوەریان بە فال هەیە بەجێ هێشتو دوور کەوتەوە . ئەو دیمەنانەی هێندێک جار وەکو خەرێکی خۆشو ناخۆش دەهاتەوەیان . وای زانی هیچی‌دی روو بـــــە رووی فال نابێ ، چونکە ئەوەی بلاوو باوە ، روژ هەلات ئیشـــــکەی فالە ... بەلام گەران ، سەرنج دان ، پرسیارکی دن راستی یەکی دی بۆ ئاشکرا کرد ، کە ئەویش ، ئەوەیە ، کەوا مرۆڤی حزکەی زەوی وە بەتایبەتی ئافرەت پلەی روشنبیری هەر چەندبێ و لەچ بارو زروفێکو چ کــــەرتەیەکی گۆی زەوی پەروەردە بووبێ ، بیروباوەری بەرامبەر بە فال گرتنـــەوە لێك نێزیکە ، چونکە گەر لەروژ هەلات دا ئێمەی ئافرەت لەکاتی تەنگانەدا روو لە فالو پیاو چاکان بکەین ، لە ئەوروپا دا نەک هـــەر فالچی بەڵـــکو روویان لە سروشتیش کردووە و فال بەروەکێکی دەگرنەوە ، کە ئەویش گولە بەربوون (حاجیلە). ئەم کوپلەیەی د. کوردستانی ئـــەم دیــاردەمـــان بۆ دەسەلێنێو دەلێ :

ئێواریکیان
بەرە بەری روژ ئاوابوو
ئادەمزادی زەردو سوور
رەشو سپی
لە لێواری زەریای رەشا
تێکەلاو بوو
زۆربەی زۆریان
بۆ خواست و ئارە زووی دلیان
بە گولە بەبوون و حاجیلە
بەختی خۆیان دەگرتەوە
لەگەل خۆیانا
ئەختەرمیان تاقی‌کردەوە

٤ ـ وێنەی ئافرەتی ئەویندار

لەنێو بەرهەمی ئافرەتی کورددا ئەم وێنـــە بەکەم کێشراوە . هۆی کەمیشی دیسانەوە بۆباری کۆمەلایەتی دەگەڕێتەوە ، بەلام لەگەڵ ئەوەشـــدا هێندێك ئافرەتی چاو نەترس کۆتو زنجیـــری زنندانی بێ دەنگیان شکاندو کەوتنە وێنە کێشانی خۆیان لەکاتی چەشتنی خۆشترین ســــاتی خۆشەویستی ، لـــەکـــاتی تاری ڕوژانی جودا بونەوەو وور کەوتنەوە . لەنێو ئـــەم ئافرەتانـــەدا خانمو میهرەبان وە لـــەم دوایەدا نەجیبە خان ، ئارادەیەك توانیویانە سۆزی دەروونی پەنگ خوار دووی خۆیان و ئافرەتی کۆمەلگەکەیان دەربرن وە بە ووشەی ڕازاوە جوانترین تابلۆ بکێشن .

خانم خۆشـــەویستیەکەی بـــەو ئـــالایە جوواندووە ، کە هیچ رەشە باو گـــەردە لولێك ناتوانێ بیلەرزێنێ ، ئاگرێکە بەهیچ ناکـــوژێتەوە ئارەزووی دەکـــرد دڵو دەروونی خۆی بکردیـــا دیاری لەگەڵ گیانداو پێشکێش خۆشەویستەکەی کردبا ، لە ئەنجامی گڕی بەتینی ئەوینی ئەم وێنە دەنگدارەی کێشاوە :

چونکە گیـــان بێ تۆو لـــەدووره تۆدا
مەلێـکی بـەنـدە لـەنـاو پشـــکۆدا
نابێ بـەنـدێ کـەم لە پشکۆو تینـا
پێشکەش تۆی ئەکـەم لەرێی ئەوینا

لە پارچە هۆنراوەی « پرسیاری سارد » دا میهرەبان خان وێنـــەی ئافرەتێکی ئەویندارێ وە فادارمان بۆ دەکێشێ ، کە با وەکو خۆشەویست کەی وازی لێ هێناوە . جامی خۆشـــــەویستی شکاندووە وە لەســــەر هێلانەی رووخاوی دلێ پەشوکاوو سوتاوی ئەو ئافرەتەدا مالێ خۆ بنیات ناوە ، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو هەر خۆشیو شادی خۆشەویستـەکەی دەوێ . ئەمـــەش گەورەترین بەلگەو دەنگدارترین وێنەیە کە دەیســــەلمێنێ ، ئافرەت خۆپەرستو ئەنانی نیە هەتا گەر لـــــە خۆشەویستە بێ پەیمانەکەی بێ بەش بوو ..

تۆ لە شادی خۆتا ..... شاد بە
وەرەو بچۆ
زەردەخنە بپرژێنە
لە یادی من .... خەیالی من .... ئازاد بە
گوێ مەدەرێ
لەو دلانەی ، کەوا بەژێر پێت ئەکەوێ
خۆش رابوێرە

منیش هەر خۆشی تۆم ئەوێ

بەشی دووەم

« وێنەی پیاو لە نێو هۆنراوەی ئافرەتدا »

ســـەرچاوەی بەرهـــەم هێنـــانی ئەدەبی ئاقیکردنەوەکانی ژیانە ، کە ئەویش لە ئەنجـامی تێکەڵ بوون دێتە ئاراو پەیدا دەبێ . ئایا ئافرەت تـــا زەمـــانێکی نێزیك مافی تێکەڵ بوونی بـــە جەماوەرانی گـــەل هـــەبووە ؟ دوور نـــەروین ژنی روژهەلاتی لە ســــەردەمی عوسمانی وەرگرین . ئافرەت بە شێوەیەکی گشتی لەو سەردەمەدا وەکو ئامێرێکی نێو ماڵ پارێزراوە [illegible]لەی لـــەگـــەڵ کراوە بەرادەیەك نەدەبا[illegible] گوێی لـــە دەنگی باو سێبەری دیب[illegible]ینابا .....(٣) لە ئەنجامی ئەم چەساندنەوەیەدا هێندێك پەنـد لـــە عیراقدا پەیدا بوون ، کە باری نـــا هەمواری ئافرەتی ئـــەم سەردەمەی وەنواند ، بۆ وێنـــە ووتویانە ، (ئافرەت دووجـــار مافی چوونـــە دەرەوەی هەیە لە ماڵدا ، یەکەمیان ، کە لە ماڵی باوکیەوە بۆ مالێ هاوسەری ژیانی دەگوازرێتەوە، دووەمیان کە لەمالێ خۆیەوە بۆ گورســــــتان دەبردرێ) .

مرۆڤێك ئـــەمـــە باری کۆمەلایەتی بووبێ ، دەبێ سەرمایەی ئاقیکردنەوەکانی چی بوو بێ لە ژیاندا تا توانیبێتی وێنەیەکی پێوەندی خۆی بـــە کۆمەڵەوە بکێشێ . روژگار ســــوراو باری کۆمەلایەتی گورا وە بەتایبەتی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا لە عیراقی خۆشـــــەویستدا ئافرەت وەکو پیاو هاتە مەیدانی کارو بەرهـــــەم هێنانەوە بـــە تێکەلاو بوونی بـــە جـەماوەرانی خەلکەوە . مرۆڤی لەکاتی بەهێزو بێ هێـزی دا ناسی . لەگەڵیان گریاد پێکەنی ، گـــوێی لــە کێشەیان گرت بۆنی بۆکرووزمی هەناسەیانی کرد. ووشەی راستو ناراستی لێیان بیســـت گوێو بورازی دلیان شل کرد ، چۆ نێـــو ژیـــانـــەوە ئاقیکردنەوە ، جا توانی هۆنراوەی ســـەرکەوتوو بهۆنێتەوە .

هەرئەم تێکەلاو بوونەو ئەنجامی ســـەختی بۆسەر ئافرەت بۆ نەهۆی کەمی ژمارەی ئافرەتی نوسەر .

وە کەمی تێکەلاو بوونی ئافرەتو پیـــاو لـــە نێو کۆمەڵدا بۆتە هۆی کەمی وێنەی پیاو لە نێو هۆنراوەی ئافرەتدا .

ئەو وێنانەی ، کە لەلایەن ئافرەتەوە بۆ پیاو کێشراون زۆر بەیان لە سنووری پیاو وەکو باوك

تێ نەپەڕیوە ، ئەگەر وەکو هاوەڵێکیش باسی کرابێ ، ئەوە زۆر بەترسو ئاگادار بوون کراوە وە کاریگەری بەرهەمی پیاویشی تێدا هەست پێ دەکرێ .

۱ – وێنەی باوک

ئەو مرۆڤە مەزنەی بوونو سەرمایەی ژینی خۆی بۆ منداڵی تەرخان دەکا و لە پێناوی بەختەوەریدا مەزنترین قوربانی پێشکێش دەکا ، شوێنی تایبەتی و دیاری کراوی خۆی لە نێو بەرهەمی ئافرەتاندا [illegible]توە ، تا هێندێکیان یەکەمین بەرهەمی هۆ[illegible]پێشکەش بەو کردووە، لەوانە خورش[illegible] ، دکتورە پاکیزە رفیق حلمی ، د. پاکیز[illegible] حلمی لەبەرهەمی ژیانێکی پر ئەندێشەدا دەڵێ :

« کوردی خۆشەویست :

ئەم سکاڵایە ... چەند ساڵێکە لە دڵمدا دەکوڵێ ... ! تاڵەم دواییەدا بە تەواوی جۆستی سەند . بەبۆنەی کۆچی دوایی باوکەوە هەڵچوو »(٤) کەواتە سەر چاوەی بەرهەمە ئەدەبی یەکەی د. پاکیزە کوچ کردنی بەهەشتی رەفیق حلمی باوکێتی ، کەرێبەرو رووناک کەرەوەی ژینی تاری بوو ، لەهەموو کێشەو ناهەمواریکی ژیاندا رێزانی بووە ، لەدوای دوا ماڵ ئاوایی کردنیشدا باوکی هەر لەیادە وە لەیادی ناکات ، تا ئەو رۆژەی خۆشی بەیەکجاری دەبێتە میوانی گردی سەیوان ..

باوکم
هەرگیز لە یادمە
لە دڵمدایە
بە ژوور سەرمەوەیە
لە خۆشیدا
لە ناخۆشیدا
دەنگی لە گوێمدایە

* * *

پشتیوامە
گەرچی بە جێی هێشتم
لە ناکام
هەر لەگەڵمە

کاتێ گیوی موکریانی جڵو بەرگی ژینی داکەندو لەپر کوچی دوایی کرد کارەساتێکی ناهەمواری گەورەی بۆ کوردستانی کچی پێک هێنا ، کە کاریگەری یەکی زوری لەسەر باری دڵودەروونی کرد ، بە راوەیەک ژینی وەکو شەوی بەڵدا درێژو تار دەدیت وە هەموو رووداو رەنگێکی وەکو جل ماتەمینی بەری رەش دەهاتە بەر چاو وەهەستی بە تەنیایی یەکی کوشندەو ترسینەو دەکرد :

بابە گیان
تۆ بۆم هەر تەنیا باب نەبووی
رێبەرم بووی ... مامۆستام بووی
دڵسوزترین هاورێی من بووی
چۆن دڵت هات
لەم جیهانە ستەمناکە
بەتەنیایی بەجێم بێڵی
دڵە چووکەکەم بشکێنی
هێلانەکەم بروخێنی

بەڵام روژگار ئەوەی بۆ سەلماند کە گیوی موکریانی بەجێی نەهێشتووە روو بەرووی تەنیایی نەکردووە ، چونکە هاورێیەتی کچەکەی لەگەڵ ووشەدا بەتین کردووە وە جیهانێکی دەوڵەمەندی ووشەی بۆ ئامادە کردووە ، کە بەهیچ کۆتایی نایەت . کوردستان لە پارچە هۆنراوەی« یەکەمین پیاو لە ژیانم »دا کە مەبەستی باوکێتی دەڵێ :

خۆشم ویستی
خۆشەویستی ساوایانە
خۆشەویستیم مەزنتر بوو
کاتێ بەخۆت
دەستت گرتم
فێرە ئەلفو بێت دەکردم

* * *

ئەی ئەو مرۆڤەی
ئاشنای گێتی ووشەت کردم
بۆ زانست پەروەردەت کردم
خۆشم دەوێی
خۆشەویستیت
بەتین‌تر بوو
کە ماڵ ئاواییت لێ کردم
لەگەڵ ووشە بەجێت هێشتم
دیلی تەنیاییت نە کردم

۲ – وێنەی هاوسەر لە هۆنراوەی ئافرەتدا

دوور کەوتنەوە ، بۆ دواجار ماڵ ئاوایی کردن ، دوو هۆی زۆر کاریگەرن بۆ لەدایک بوونی هۆنراوەی ئاگرین ، چەند ئازایانە . ئەم دوو بارەیان لەنێو بەرهەمە کانیاندا دەر بریوە .

بۆ وێنە ئەقێ ئامینە[٥] کاتێ هاوســەری ژیانی دیلی بەندیخانەی عوسمانیان دەبێ نامەیەکی بە هاوسەرییەوە پێ دەگات . هەواڵێ ســاغیو مانی خۆشەویسترین هەڤالی دەبێتە هۆی شادی و خەمناکی پێکەنینو گرین . هەســتی دەبزوێو هەر بە هۆنراوە وەڵامی دەداتەوە و دەڵێ :

ســـەلامی یاری تاوارە لەبەندی تەوقی سولتانی

بەدەستی منگەیی قوربان لە وەختی دڵ پەرێشانی

خەرامانو گوڵ ئەندامو زولەیخاو پەری جەهــرە

وەکو من قەت ئەسوتاون لە دووری یاری و هیجرانی

لە عەزرەت یەخســیری تۆو هەژاریمان لە دەستی رۆحی

ئەمن پاش تۆ نەژیم سوێند بێت بە کێوی هەیبە سولتانی

حەزینە خان بەبۆنەی کۆچی دوایی کــردنی حاجی مەلا عەبدوللا جــەلی زادەی مێردیەوە ، تابلۆیەکی گریناویمان بۆ دەکێشێ ، ئــەم جــۆرە لاوانە وەی ، کە لەم پارچە هۆنراوەیەدایە لـــە سەردەمی حەزینە خان و پێش ئەویش باو بووە ، بۆیە دەبینین ئەوەندە هەست بەهەناسەیَ تایبەتی حەزینە خان ناکەین ، چونکە لەرووی نێوەرۆك و شێوەوە پێرەوی لادانەوەی ئەوسای کردووە .

حەزینە خان بە چاوێکی بەرز تەماشـــای مێردەکەی کردووە ، وەکو رێبەرو مامۆســـتا زانایەکی ئاینی مەزنی ئیسلامی داوەتە قەڵـــەم . داوای نەمان و مردنی خــۆی کردووە لە دوای کۆچی دوایی کردنی هاوســـــەرەکەی ئەمەش دلسۆزی و پاکیو یەك رەنگی ئافرەتی کوردمـــان پێشان دەدا بەرامبەر بە هاوسەری ژینی[٦] .

ئەی رەفیقانی شەریعەت بێن بکەن گریانو شــین

حەیفە بۆ ئەو قطبی کامل کوچی کرد بۆ ژێرزەمین

حەیفە بۆ ئــەو کــوهی عرفــان و دەلیلی راحی حەق

پێشەوای ئەهلی مەحەبەت ئــەو رەئیسی العاشقین

ساخوا بمرم لە پاش تۆ کاکە عەبدوللای جــەلی

ئــەم ژیانم بۆچییە من پاش تۆ بــە دڵی غەمین

هەی (حەزینە) بەس بسوتێ ســوتنت بێ فایدەیە

بگرە ســــەبری بەلکە مەئجووری لـــە جوومڵەی سابرین

٣ - وێنەی خ[illegible]شەویست

دەنگی ئافرەتی [illegible]کێش کردنی وێنەیەکی راستەقینەی [illegible]و جیهـــانی خۆشەویستی کزە . لەگ[illegible]ەی پشکۆیەکی بێ تینە ، ژیلەمۆ تروسکەی رەنگە گەشـــــەکەی داپۆشیوە . بۆ دەربڕینی ســـۆزی راستەقینەی ســـــەربەستانەو هاو چەرخانە ، باوەر بەخۆیی پلەیەکی روشنبیری بەرز شارەزا بوون لەبەرهەمی ئافرەتی نێو داری شاعیری گێتی پێویســـــتە ، لەباڵ ئەمانەشدا هەموو دەربڕینی ســــــۆز قوربانی یەیە هەموو ئافرەتێك ناتوانێ بیبەخشێ .

کزی دەربڕینی سۆزی دڵ لەلایەن ئافرتـەوە هۆی ســــەرەکی ئەو بیرەیە ، کە دەڵێ دەنگی ئافرەت لە هۆنراوەیدا دەنگی خۆی نییە ، بەڵـکو لاسایی کردنەوەی دەنگی پیاوە[٧] بەڵگەشیان بـۆ ئەمە ئەم بەراوردەیە ، کـــە لەنێوان هێنـــدێك بەرهەمی ژنی رۆژهەڵاتی دی کراوە ، وەك غادة الســـمان ، فەروخی فروخ زادە . . . بەڵێ من لەگەڵ ئەو بیرەم ، کە تا ئێستە لەنێــو ئــافرەتی کورددا ئەو دەنگە نەترسە بە بلندیو بەرزی وەك ئەم دوو بوێژانەی ژوورو نەبیسـتراوە ، بـــەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت ســـەبارەت بەکزی ئــەم لایەنە هەموو دەنگەکانی دی پێ شێل بکەینو هیچ نرختێکیان بۆ دانەنێین .

راستە ئافرەتی کورد بە تایبەتی وە ئافرەتی روژ هەڵاتی بەگشتی لەبەر باری کۆمەڵایەتی یـان کەم باسی خۆشەویـــستی یان کردووە ، بـــەڵام بەکـــردەوە قوربانی یەکی زۆریان بۆداوە ، ئـەم قوربانییەش لەنێو هۆنراوەکانیـــاندا رەنـگی داوەتەوە بۆیە کاتێ د. کوردســـتانی موکریـــانی لەســــر لێواری زەریای سپی وەستاوە ، کـــە ژوانگەی ئەڤینداران جیهانی خۆشــــەویستی روژهەڵاتی هاتوتـەوە یادو رووی لەشـــەپۆلانی زەریای سپی سەرلێواری شارێکی شرەنــــــی کردووەو دەڵێ :

زەریای سپی
ئێمە – ژنی رۆژهەلاتی
بۆ پاکترین خۆشە ویستی
قوربانی مەزنمان داوە
کەچی هێژوا لەهەر مالێ
بەر سەر هەلدانێ نەڤینی
بە چەند سالێ
بە خنکانێ فەرمان دراوە

یەکەمین ئافر[illegible]کی ئازایانە دەنگی خۆی لەم بوارەدا بەرز[illegible] « [illegible]خانم رەسول »ە کە ناز نێوی « ئەر[illegible]

خانم نێزیکەی بیـــــــــت و دوو پارچە بەنێوی خۆشەویستە دەلێ (چۆن پیـاو هەستی خۆیان دەرئەبڕن بەگورانی و هەلبەســــــت ، تا ئێســـــتا ژنی کورد رازی دلێ ئاشــــــکرا نەکردووە .... هیوادارم بتوانم کەمێك لەو رازە دەرخەم ، کە لە دلێ ئافرەتیشدا هەیە) .

خانم تێرنکەی بیســــــــت و دوو پارچە هۆنراوەی بۆرازی دەروونی ، ســــــــۆزی دلێ هۆبیوەتـەوە بـەمـە راســــــترین و پیروزترین و ئازایاترین هەنگاوی ناوە .

خانم لە نێو هۆنراوەکانیدا جۆرە وێنەیەی بۆ خۆشەویست کەی کێشاوە ، کە بەر لەم شاعیرانی پیاو بۆ خۆشەویستەکانیان کێشابوو . چـــۆن ئەوان ئافرەتیان بە نێرگزو گـــولو بـەهــــار چواندووە ، ئەویش هەر هەمان ووشـــەی بـۆ خۆشەویستەکەی بەکار هێناوەو دەلێ :

تۆی نێرگز و گـــوڵ و بەهـــارم
هەرتۆی وەنەوشەو سەرو چنارم

وە لە تابلۆیەکی دیدا بەم جورە باســــــی خۆشەویستەکەی دەکا و دەلێ :

گولێ دلـەکـەم و ئومێدو هیوام
بولبولی باخم وێنـــەی نێو نیگام

میهرەبان خانیش وەکو خۆشــــــکە خانم هۆنراوەی بۆ خۆشەویستی ووتووە دەیان وێنەی خۆشەویستەکەی بە ووشەی رەنگاو رەنگی گێتی ئەڤینی نەخشاندووە ، هێندێك جار وەکـــــو پالەوانی خەونە سەورو سورەکانی پێشانی دەدا وە هێندێك جاری وی وەك مرۆڤێکی بێ هەست و نەست و تاوانیار ، هۆیەکەشـــــی بێ پـەیمانی خۆشەویستەکەیەتی و دەلێ :

تۆ ئەی بێ پەیمان
لاوی دلنیا
کە دلی ساوات وەکو پەپوولە
بۆ هەموو گولێك ، شێت و شەیدایە
گولێ جوانیمت بۆ هەلپچڕکان ؟
دوایی فریت دا
دلداری وایە !؟!

خۆشـــــکە ئالا لە پارچە هۆنراوەیەکدا بۆ خۆشەویســــــتەکەی دەگری ، گەرچی رۆژگاری نەیار لێکی دابراندوون ، بەلام هـــــەر بۆی بـە پەرۆشــــــە ، چونکە دیکۆری خەو و خەیــــالی خۆشەویستەکەی رووخاوە ، هێلانەی ژینی لـــە نێو چووە ، بیرو هۆشی پەرت و بلاوبووە وە کەشتی خەوانی لە نێو زەریای وون بووندا وون بووە ، بۆیە لەکوڵ بۆی دەگری و دەلێ :

بـە هەموو ترسی نـاو دلـم گریام
دە هـەندەی خەمی دەروونم گریام
بـە کوڵ گریـام
بـۆ تـۆ گریـام
وام زانی فرمێسك خەم دەشـواتەوە
گونـاه و تـاوان پـاك دەکـاتـەوە
ســـــەر لەنوێ ژینمان رۆ دیلێتەوە
بـەلام وا نـەبـوو
گرین هێـز نەبوو
چـارە نووس پێشی ئێمە کـەوتبـوو
فەرمـــانی چـەوتی
لێـك دابـڕان بـوو
بۆیـە ..
بە هەموو ترسی نـاو دلـم گریام
دە هەندەی خەمی دەروونم گریام
بە کوڵ گریـام
بۆ تـۆ گریـام
بۆ تـۆ گریـام

((ئـەنجـــــام))

لەم لێکۆلینەوەیەدا نەمتوانیوە ســـەردەمی مێژوویی بکەم بەرێبازی بابەتەکەم ، هـــــەروەك چۆن لـە لێکۆلینـــەوە وێـژەیی بەکـانـدا باوە . هۆی ئەم پێرەوی نەکردنەشم وەکو ئاشکرایە بـۆ ســـــــەردەمی هەلکەوتنی ئافرەتانمان دەگەرێتەوە کە زۆربەیان هاو چەرخن .

ئەم لێکۆلینەوەیە چەند وێنەیەکی دەنگداری پێشان دان . کە دەنگی ئافرەتی کوردی دەنواند ، وەک لەم وێنە هەلبژاردراوانەدا دیارە هەست بەدەنگی ئافرەتی کورد خـۆی دەکرێ ، کـە تـا رادەیەک توانیویەتی لە کاریگەری نالی ، کوردی ، مەولەوی . گوران‌و کامەران‌و هند دور بکەوێتەوە تاکە وێنەیەکی ، کە دەنگەکـەی کزبێت وێنەی دەربرینی سوزی دلە بەرامبەر خۆشەویستەکەی، لەگەل ئەوەشدا ئافرەتی ئـازاو چـاو نـەتـرس لە ئاسـمانی وێژەی کوردیدا هەلکەو تـوون بۆ ئەوەی لەم لایەنەشدا شەقلی تایبـەتی خۆیـان پێشان بدەن . لەپاڵ ئەمانەدا هەموو پێویستە ئافرەتی کورد بەتایبەتی وە روژ هەلاتی بەگشـتی لە بەرهەمی هۆنراوە یباندا خـەم‌و سـۆی دڵ‌و دەروونیان ئازایانە ترو چاو نەترسانەتر دەربرن ، بۆ ئەوەی خۆیان نوێنەری دەنگی خویان‌بن وە پیاو لە بریتی ئەوان دەنگی هەل نەبرێت ، چونکە پیاو هەرچەند شارەزای گیتی ئافرەت بێ ناتوانێ وەکو ئافرەتێک کێشـەی ، خەمی ، کوڤـانی دلی ، سۆزی دەروونی دەرببرێ ، گـەر دەربیشی بـری راسـتەقێنە نابێ ، چونکە خـۆی خاوەن تاقیکردنەوەکە نیە .

زۆربەی ئافرەتانمان لە هۆنینەوەی هۆنراوە کانیاندا روویان لە هۆزاوەی ئازاد کردووە.دەنگی خۆیان لـەم جۆرە هۆنراوەیەدا دەربریوە چونکە هۆنراوەی ئازاد بەپێی پێویستی‌یەکان کۆمـەڵی نوێ ، ژینی نوێ پەیدا بوو وە ئاواتەکانی ئـەوان دەر دەبرێ . ئافرەتی کوردیش بە هەلبژاردنی ئەم جورە هۆنراوەیە ئەوەمان بۆ دەسەلێنێ ، کـەوا لاسایی شاعیرانی پێش‌خۆی ، کە پـیـاو بوون ناکاتەوە ، بەلکو پێرەوی ئەم جۆرە هۆنراوەیـە دەکات کەوا لە سەردەمی بوونی خۆیدا باوە .

هەرگیز هۆنراوەی ئافرەت نەمر نابێ ، گەر ئافرەتەکە ژیانێکی سرەوت‌و هێمن بژی ، کـەس‌و کار و ناسـیاران لە مالدا بیپارێزن ، چونکە ئەوسا ئافرەتەکە تاقیکردنەوەی کـەم دەبێ لـە ژیندا لـە ئەنجامدا.هۆنراوەی ئاسـایی و بێ جۆش‌و هەست نەبزوێن دەهۆنێتەوە ، کە لەسەر هەست و سـۆزی خوێنەردا کاریگەری نابێ و تەزووی خۆی بەجێ ناهێلێ .

بۆ ئەوەی ئافرەت خێوی دەنگی رەسـەن نری خۆی بێ ، دەبێ هۆنراوەکانی کەسـیەتی خۆی بنوێنێ ، ووشـەکانی لە فەرهەنگی زمـانی خۆیدا هەلبژێرا رابێ ، لە کۆمەل نێزیک بێتەوە هەست بە هێمنی و دلنیـایی گیتی ئەڤینی ، رەشەبای خۆشـەویـستی وەگەردە لوولی بێزاری و بەرێشانی بکا . ئارەقەی ماندوو بوونی بەرهـەم هێنـان برێژێ . بچێتـە نێو ژیانەوە ، پلەی رۆشنبیری بەرزکاتەوە ، ئاگاداری دەنگی ئافرەتانی شاعیر بەتایبەتی وە شاعیرانی گیتی بەگشتی ببێ. جا ئەوسـا لە نێو زەریای هۆنراوەدا هێمنانە ، هوشیارانە ، ئاگادارانە هێندێك جاریش یـاخی بووانە ، شورشگێرانە ، وەیا شێتانە مەلە بکات . تا بە مرواری و یاقوتی بە نرخ گەردنی هۆنراوەی کوردی برازێنێتەوە وە هەتا هەتایە لەمووزەخانەی سامانی وێژەی کوردیدا بپارێزرێ‌و بەرهەمەکەی لەگەل خۆیدا بەنەمرێ .

د. کو[illegible]یوی موکریانی

هەولێر ١٤-٢-١٩٨٠

سـەرچاوە :

١ - بروانە د. کوردستانی موکریانی ، ئافـرەت لە هونراوەی کوردیدا ، سـلێمانی ١٩٧٨ (لێکۆلینەوەیەکە پێشـکـەش بەکۆری) لێکۆلینەوە کراوە ، کە لە شاری سلێمانیدا لە ماوەی ١٠ - ١٢ نەیساندا بەسترا کـە لەلایەن یەکێتی ئافرەتانی عیـراق‌و زانکوی سلێمانیدا رێخرا .

٢ - نزار قبانی ، یومیات امراة لا مبالیه ، بیروت ١٩٦٨ ، ١٧ - ٢٥

٣ - د. عباس یاس حسین الزبدی ، صـفحات من تاریخ المراة العراقیة منذ العصر الجاهلي حتی سنة ١٩٤٨ - ١٩٧٨ ، ١٢

٤ - د. پاکیزە رفیق حلمی ، ژیانێکی پر ئەندێشە بەغدا ١٩٦١ ، ٢٠٤

٥ - بروانە د. کوردسـتانی موکریـانی ، هۆنراوەی ئافرەتی‌کورد ، هەولێر ١٩٨٠ ، ل ١١٣٣

٦ - سەرچاوەی پێشوو ، لاپەرە ٦١

٧ - عیراق ، ژمـارە ١١ ، ١٩٧٨ ، لاپەرە ٧ ، وتاری (ئاشـنایی ئافرەت لـە ئەدەبدا) نوسینی نەژاد عەزیز سورمێ .

● ✱ ●

• نووسینی فرانك ئۆكنۆر •



وەرگێڕان و پێداچوونەوەی

• ڕەئووف بێگەرد •



پێناسێکی نووسەر :

(فرانك ئۆكنۆر ، ناوی خوازراوی ((دكتۆر مایكل ئودونوفان))ــە ســالّی (١٩٠٣) لـە ((كورك))ی ئیرلنــدا لەدایك بووە ، یـەكـەم بەرهــەمی كۆمەڵێك كورتە چیرۆكــە بە ناوی (میوانەكانی نەتەوە) پاشان دەستیدایە ڕۆمـان نووســین ، كتێبی (ئاوێنەكان لە ڕێگادا) لێكۆڵینەوەیەكە كە لە سەر ڕۆمانی نوێ، شیعرو گەشتنامەی نووسیوە ، لێكۆلینەوەی لە سـەر (مایكل كولنز و شۆڕشی ئیرلەندا) كردووە ، بە ناوی (منداڵەتەیناكەوە) كتێبێكی لە سەر ژیانی تایبەتی خۆی نووسیوە ، دوابەرهەمی كتێبێـكی ڕەخنەییە بە ناوی (بەرەوپێش چوونی شێكسپیر) لە ساڵی (١٩٥٢)ە وە ، لە ئەمریكا نیشـتەجێ بووە ، ئەم كتێبەی زنجیرە ووتارێكە ، ســاڵی (١٩٦١)[1] بە قوتابیانی زانكۆی (ستانفورد)ی وتۆتەوە . كتێبەكەی ((ئۆكنۆر)) بریتی‌یە لـە دە بەشی ، هەر بەشەی ووتارێكی سەربەخۆیەو ، بۆ چیرۆك نووســێك تەرخان كراوە ، بێجگە لـە پێشەكی‌و كۆتایی .

ئوكنۆر لە پێشــەكیەكەدا ، بەراورد لــە نێوان ، شێوەی چیرۆك نووســینی كۆن‌و ، ئێستادا دەكات ، چۆن تـا سـەردەمی ئەمیش چیرۆك ، وەك شیعرو شانۆ ، هونـەرێـكی میللی بووەو ، هەر لە سەرە تاوە نووسـەر ، جەماوەری خـۆی ، بـە كۆمەڵێك ڕووداوی كـوت‌وپڕو سەیرەوە بەستۆتەوە ، وەك ئەوەی ســەرەتای چیرۆكێك وا دەستی پێ كردووە :

((زۆر سەیرە ! ڕۆژێك لە ڕۆژان هەر لەم جێگایەدا ، كابرایەك كە ناوی (نیدســالیفان) بوو ، لەكۆتایی شەوێكدا ، كارەســاتێكی زۆر سەیری لێ ڕوودا ، لەو كاتەدا بوو كە لە ڕێگای ((فالّی رود))ە وە لە ((دارلاس)) دەگەڕایەوە)) .

هەر لەپێشـەكی‌یەكەدا ، ئوكنۆر ، لە ڕووی ئەوانەدا دەوەستێت كە بڕوایان وایە ، ڕۆمـــان‌و كورتە چیـــرۆك لە مردندان ، پێیان دەڵێت : (ئامادەم ڕای مردنی شیعرو شـــانۆ وەربگرم ، بەڵام بۆ ڕۆمان‌و كورتە چیرۆك .. نەء) چـونـكە ئەمان زیاتر پەیوەندیان بە ژیانی ئەم سەردەمەوە

هەیەو ، لەگەڵیا ڕێك کەوتوون ، کورتە چیرۆك وەك ڕۆمان ڕێبازێکی هونەری نوێیە ، زیاتر لە شیعرو شانۆ نوێنەری هەڵوێستی ژیانمانە . هەروەها ڕۆمانو چیرۆکی کورت بە کارێکی (عەقڵی)دا دەنێتو لە واقعیان جیاناکاتەوە ، جا واقیعەکە ئەوانەبن ڕوودەدەن ، یان وەك ئەوەی نووسەران بیری لێ دەکەنەوەو دروستیدەکەن .

لە بەراوردکردنو دابەشکردنی جوگرافی ڕۆمانو چیرۆکی کورتا ، نووسەر لەو باوەڕەدایە کە لە ڕووسیای قەیسەریو ئەمریکای نوێدا ، بەرهەمی ڕۆمانو کورتە چیرۆکی مەزن هاتۆتەکایە، کەچی لە ئینگلتەرەدا کە بە نیشتمانی ڕۆمان دادەنرێت کورتە چیۆکی لاوازە ، ئیرلەندەیش کە نەیتوانیوە تەنیا ڕۆمان نووسێك بخاتەوە[٢] چوارپێنج کورتە چیرۆك نووسی وای تیا هەڵکەوتووە لە پلەی یەکەمیدان .

لای ئوکنۆر وایە کەسانی کورتە چیرۆك ـ کۆمەڵێکی بێنەوا ـ ن . ئەم کۆمەڵە بێنەوایە لە نووسەرێکەوە بۆ نووسەرێکی ترو لە جیلێکەوە بۆ جیلێکیتر دەگۆڕێت ، ڕەنگە لای گۆگۆڵ مووچەخۆرە گشتییەکانو ، لای تۆرجنیف نۆکەرو ، لای مۆپاسان سۆزانیو ، لای چیخۆف بزیشكو مامۆستاو ، لای شیرود ئەندرسون گوندنشینەکانبن . ئەم بێ نەوایانە هەمیشە هەوڵی دەربازبوون ئەدەن .

بەشی یەکەم :

یەکەم ووتاری کتێبەکەی ئوکنۆر ناوی (هاملێتو کیشوت)ە باسی ئوسلوبی نووسینو بێنەواکانی تۆرجنیف دەکات . نووسەر وای لێكدەداتەوە کە تۆرجنیف وەك مرۆڤێك تەنگو چەڵەمە تایبەتیەکانی خستۆتە ناو بەرهەمەکانییەوە خۆی وا داناوە کەسێکی لاوازو بێدەسەڵاتەو کار لە هیچ ناکات . لە ڕاستیشدا دانەبووە ، بۆ نموونە لە ووتارێکی ڕەخنەیی ناوداریدا کە تۆرجنیف بە ناوی (هاملیتو کیشوت) بڵاویکردۆتەوە ، خۆی وا داناوە هاملیتەو گۆرانی بەسەر کیشۆتدا هەڵدەڵێت ، واتا کیشۆت « ئەو کابرا شێتەی » بە کاری سەیرو سەمەرە ناوبانگی دەرکردووە » ئەم خۆشیدەوێتو مایەی سەرسووڕمانییەتی ، لەکاتێکدا هاملێتی خاوەن باوەڕ دانیشتووەو خۆی دەلاوێنێتەوە ، **لەمەوە** دەردەکەوێت کە تۆرجنیف لە کاری جوامێرانە خۆشی هاتووە ، بۆیە کەبێت خۆیشی بێدەسەڵاتو لاواز نەبووبێت .

ئەم بەراوردکردنەی لەنێوان دوو کەسدا لە چیرۆکی تریشیدا دیارە . واتا تەنگو چەڵەمەکەی تۆرجنیف (ئەو دژوارییە تایبەتیەی لەخۆیدابووە) بنچینەی هەیە . بۆ نموونە لە چیرۆکی (خورو کالینتش)دا دوو پاڵەوانی تر بەراورد دەکات ، یەکەمیان (خور) پیاوێکی ڕق ئەستووری بەهێزە ، کرد،و نەخوێندەوارە ، لە هیچەوە بۆتە خاوەن خێزانو ماڵو سامانێکی باش ، (کالینتش)یش بە خەیاڵ ئەژیو هەمیشە بالالیکا لێدەداتو خوێندە[illegible]اریشە ، (کالینتش) سەرکزو چاو لە دەستی [illegible]اوەن موڵکی هەردوو لایان (بولیوتن)[illegible]گەمژەیە [illegible] (خور) لەوە گەورەترە (بولیوتن) [illegible]بگرێتو بە ئارەزووی خۆی هەڵی[illegible] .

ئۆکنۆر کە لە قالبی چیرۆکی تۆرجنێف ددوێت ئەو لایەنە دیاریدەکات کە تۆرجنێف ئەگەرچی بە مانای تەواوی ووشە کورتە چیرۆکی نووسیوە ، بەڵام لە چیرۆکەکانی.دوایدا گەڕاوەتەوە سەر شێوەی یەکەمیو قالبی چیرۆکی درێژی کورتی بەکارهێناوە ، لای ئۆکنۆر جیاکردنەوەی قالبی ڕۆمانی کورت یان چیرۆکی درێژی کورت ئاسانە ، بەڵام وەسفکردنو زاراوە بۆدانانی قورسە ، جیاوازی نێوان ڕۆمانی کورت ، یا چیرۆکی درێژی کورتو ڕۆمان گەلێك قورسە. بۆ ئەمە ڕای هەندێك بڵاوکەرەوە (ناشر)و خوێندەوار دێنێتو لە هەمانکاتدا ڕاکان بەوە دادەنێت کە زیاتر مەسەلەکە ئاڵۆزو دژواردەکەن. وەك ئەو ڕایەی لە سەردەمی ڤیکتۆری ئینگلیزیدا باوبووە گوایا ڕۆمان بریتییە لە سێ بەشو لە دوو سەد هەزار ووشە ، بەڵام ئێستا کە خوێندەوار کەم ئارامەو نرخی چاپکردن زۆرە ، پێویستە ڕۆمان هەشتا هەزار ووشەبێت ، تەنانەت ی.م.ن فۆرستەری بڵاوکەرەوە کە لەم لایەنەوە لە ئێمە زیاتر دەزانێت ئەوەی بەلاوە پەسەندە (ڕۆمان لە پەنجا هەزار ووشە کەمترنەبێت) ڕۆمانەکانی جۆرج سیمنۆن بۆیە لای جەماوەری فەرەنسی پەسەندن چونکە لە دەوروبەری (٣٠) هەزار ووشەدان .

ڕۆمانەکانی تۆرجنێف درێژنین ، زۆر جار ناگەنە هەشتا هەزار ووشە . ڕەنگە هەر لەبەر تۆرجنێف بێت فۆرستەر ئەو سنوورە ژمارەیەی داناوە چونکە لە عەقڵەوە دوورە.ڕۆمان نووسێکی گەورەی وەك تۆرجنێف بە تەعریفێك کە لە لاکەوێت .

لای ئۆکنۆر چاکترین چیرۆکی تۆرجنێف

(چەند وێنەیەکی کۆن) ە . لەم بارەیەوە دەڵێت: ئەگەر پرسیارێکی سافیلکانەم لێبکەن کە : (مەزنترین چیرۆکی دنیا کامەیە ؟) ڕەنگە وێنە کۆنەکانی تۆرجنێڤ هەڵبژێرم .

لە کۆتایی ئەم باسەدا نووسەر دەڵێت : کە من ئەونووسەرانەی بە ئەندازەی تۆرجنێڤ کەرەستە پێویستییەکانی مرۆڤایەتییان بەدەستەوە هاتبێت . .

بەشی دووەمی دەنگێکی تاك بە ناوی (چەند مەسەلەیەکی دەرەوە [illegible]ە .

سەرەتای [illegible] باسە بە [illegible]تەیەکی ئـا . ی کۆبارد دەس[illegible]وتوویە : ئەگەر هەڵبژاردەی کور[illegible] بخرێتە دوو توێی کتێبێکەوە کارەکە گەلێك ئاسان بەدەستەوەدێت ، چونکە نیوەی کتێبەکە بۆ چیخۆف تەرخان دەکرێتو نیوەکەی تری بۆ مۆباسان .

ئۆکنۆر بەدرێژی لە هەندێك چیرۆکی موباسان دەدوێت ، بەتایبەت ئەو چیرۆکانەی دەربارەی سیکسو سۆزانییەکانو ئەو کچانەی منداڵی ناشەرعیان بووە ، وەك (بۆل دی سوێف) کە هەر بەناوی ئافرەتە سۆزانییەکەوە ناوینراوە ، (خانووی تیلیر)و (گەشتێك لە لادێ) و (لە دارستاندا) و (قەرەوێڵەی ژمارە ٢٩) .

ئۆکنۆر ڕاستییەکی تر دەربارەی چیرۆکەکانی مۆپاسان دەردەخات ، ئەویش کاری ڕۆماننووسی گەورەی فەرەنسی (جۆستان فلۆبیر)ە بۆ سەر هەندێك بەرهەمو خودی مۆباسان ، بەهۆی ئەو نزیکییەی لەنێونیاندا هەبووە ، فلۆبیر هاوڕێیەکی گەلیك نزیکی مامی مۆپاسان بووەو بۆتە ڕاوێژکەری خۆیشی . زۆر ئامۆژگاری بەنرخی گەیاندۆتە مۆپاسان کە لە پێشەکی « بییروجون »دا مۆپاسان باسی کردووە . پێش مردنیشی گەلێك بە شانو باڵی چیرۆکەکەی مۆپاسان (بۆل دی سوێف)ی وتووەو بە شاکاری ئەدەبی ناوی هێناوە .

نووسەر لەگەڵ ئەوەدا مۆپاسان بە هونەرمەندێکی بەهرەمەند دەزانێت ، بە شەخسییەتێکی لاوازو ساکاریشی دادەنێت ، سەرجەمی ڕاکانی ئۆکنۆر لە بەرژەوەندی مۆپاسان نییە ، تەنیا لەبەرئەوەی ناوەرۆکی باسەکانی مۆپاسان سێکسەو کەمتر بە لای باسی تردا چووە، ئۆکنۆر بە سەرکەشییەوە دەڵێت :

(سەرچاوەی ئیلهامی مۆپاسان سێکسە ، ئەم سەرچاوەیەش گەلێك بۆ ئیلهام دژوارە ، ئەو پیاوەی لەو سەرچاوەیە ئیلهام وەردەگرێت وەك میراتگری خانووی سۆزانی وایە ، چۆن خانووەکە بۆ خۆشی ژیانی مووچەخۆرەکانی بەکاردێنێت ، هەروایش بۆ سوودو ئارەزووی تایبەتی خۆی ئەوانیش بەکاردەبات) .

کە ڕەخنە لە مۆپاسان دەگرێت ، هەر لە مەسەلەی سێکسدا ئەوە دەردەخات کە لای چیرۆکنووس پەیوەندی سێکس بە ڕێگا ئاساییەکەی خۆیدا ناڕواتو زۆر جار کوشتنو مردن جیگای ئارەزووەکە دەگرنەوە . ئەمەیش لادان (انحراف)ی مۆپاسانە ، خۆشەویستیو مردن غەریزەی دروستکەرو ڕوخێنەر جێگای یەکتری دەگرن ، وەك لە چیرۆکی (خاتوفیفی)و (قەرەوێلەی ژمارە ٢٩)دا دەردەکەون ئۆکنۆر ئەم چیرۆکانەی گێڕاوەتەوەو لە سەریان دواوە).

چیرۆکەکانی مۆپاسان زۆر جار دووبارە دەبنەوە ، چونکە باسەکان یەکێکن ، بۆ نموونە چیرۆکی [قەرەوێڵەی ژمارە ٢٩] هەمان چیرۆکی (بۆل دی سویف)ە ، چیرۆکی (خاتووفیفی)ش



ئێرەدا ئۆکتۆر ئاماژە بە قســـەی ڕەخنەگر سیتجمولیری " دەکات [داستان لە مەرچیرۆکی (بۆل دی سویف)ە .

بەشی سـەیەم
کورەبـەندەیـەك

ئەم بەشـــــە بۆ چیرۆك نووسی گەورەی ڕووسی – ئەنتۆن چیخۆف – تەرخـــان کراوە ، لەسەرەتا وە ئەوە دەخاتە ڕوو کە نووسین لەسەر چیخۆف کارێکی ئاسان نی یە ، چونکە لە ژیـــانی ئەدەبی‌و تایبەتی چیخۆف دا دژواری‌یەکی گەلێك ئاشکرا دیارە ، هەر ئەمـــەش بۆتە هۆی ئەوەی تائێستا کتێبێکی سەرکەوتووی لەســــــەر نەنووسرێت ، ئەوەش کە نووسراوە ، بێجگە لـــە ڕووی دەرەوەی پاڵەوان‌و ، چەند دیاردە یـەکی ئاشکراو زەقی بـابـەتی چیرۆکەکانی ، هیچی تر نین. بۆ ئەوەی بەشێکی ئەو دژواری‌یە دەر بخات، باســـەکەی بەو پێشنیارە پەرە پێدەدات کـــە چیخۆف لەتەمەنی (٢٩) ساڵیدا بۆ «سیفۆرین»ی هاوڕێی کردووە ، وای بۆ پێشنیار کردووە ، کە چیرۆکێك لەسەر خودی چیخۆف بنووســـێت ، بابەتەکەی بەم جۆرە بۆ گەلاڵە کردووە .

[چیرۆکی لاوێك ، کوڕە بەندەیەك لـــەو بەندانەی لە زەویدا کاریان پێدەکەن ، شـــاگرد دوکانێك ، ئەندامی کۆرسی منداڵان بووە ، بۆتـە قوتابی زانستگای بزیشکی ، لە ناو دوور ڕوویی گەورەکاندا پێ گەیشتووە ، دەستی قەشـــــەی ماچ کردووە ، بێ لێکدانەوە بۆتە مل کەچی ڕای خەڵکی ، منەت هەڵگری تیکەنانێك بووە ، زۆرجار بە لاوی بیراز کراوە ، بەپێی‌یەتی چووە بۆ دەرس وتنەوە ، لە شـــــەقامەکاندا شەڕی کردووە ، ئازاری گیاندارانی داوە ، پێی خۆش بووە پچێتە لای خزمە دەوڵەمەندەکانی تانانیان لا بخوات ، بێ پاساو دوو ڕوویی لەگەڵ خواو خەڵکیدا کردووە ، لەگەڵ ئەوەیشدا کە زانیویەتی چەند بێ نرخـە . ئایا ئەتوانیت چیرۆکێکی وا بنووسیت کە چـۆن ئەو لاوە توانی دڵۆپ دڵۆپی بەندایەتی لە خـۆی داچۆڕێنێت ؟ بەیانی یەك کە لە خەو هەشـــتا ، چۆن هەستی کرد ئەو خوێنەی لە دەمارەکانیـــدا دەگەڕێت ، خوێنێکی حەقیقی‌یەو ، خوێنی بەندە نی‌یە ؟] .

نووسەر لەوەدا گومانی نییە ، کە چیخۆف گەورەترین چیرۆك نووسی جیهانە ، بەڵام لە سەر ئەوەش سوورە ، کە چیخۆف لە ســـــەرەتای نووسینیدا سێبەری مۆپاسانی لەســـەر بووەو ، زۆر جار دەستی بە سەر کەســــانی چیرۆکی مۆپاساندا گرتووە . تا چەند ساڵێك ئەی توانیوە کۆمەڵی بێ نەوا « الجماعة المغمورة »[٣] (واتا ئەو کـــەرت‌و کۆمەڵانەی هـــەق خـوراون‌و . لـــە دەرنەکەوتووەکانی ناو کۆمەڵن) بۆ خۆی دروست بکات‌و ، بیانکاتە کەســـانی چیرۆکی ، بۆ ئـەم مەبەســـــــتە چەند بەراوردێك لـە نێوان چیرۆکەکانیاندا دەکات‌و ، لێك چوونە کانیـــان بێش چاو دەخات ، بۆ نموونە چیرۆکی – کچی کۆرسەکە – ی چیخۆف لـەگـــەڵ – بۆل دی سویف – ی مۆپاسان ، بەراورد دەکات‌و ، لـــە ئـەنجامـدا [illegible] ئـــەم چیرۆکە وەرگێڕانێکی راست[illegible]ەکەی مۆپاسان بێت) ، هەر وا چیرۆ[illegible]چی – و – شەپوڕ– لــە چیرۆکی – ژنی دەرمان گرەوە – و – نـانی نەفرەت لێ‌کراو – ی مۆپاســـان دەچن . بـــەڵام جیاوازی سەرەکی لە نێوان ئەو دوو نووسەرەدا ئەوەیە : زۆربەی پاڵەوانی چیرۆکی مۆپاســـــان ئافرەتی لەڕێ دەرچوو ، منداڵی ناشەرعین ، هاو کاری‌یە وبژدانی‌یەکەی ئێمە تـەنیــا لەگـــەڵ ئـەوانـەدایـە ، بـەڵام لای چیخۆف ، ســـۆزی مرۆڤایەتی مەزن‌و دادپەروەریمان دێتەڕێگا .

لە تەمەنی (٢٦) ســــاڵیدا چیخۆف خۆی دەگرێت ، وەك نووســــــەرێکی جیاواز دەنگی تایبەتی بۆ خۆی دەرەخسێنێت ، ئازارو خـەمـە ئینسانی‌یەکان ، لە بەندەری ناخیدا دەوەستن ، گیروگرفتەکانی ژیانی مرۆڤ دەبنە ســـەرچاوەی سۆزو ، کەرەسەی بەرهەمی ، دەست لە کۆمەڵە بێنەواکانی مۆپاسان هەڵدگرێت ، ئەو کۆمەڵـەی ئەم مامەڵەیان لە گەڵدا دەکات : مامۆســــتاو ، پزیشــــکو ، قەشەن . ئەوانەی لە کۆمەڵگای ڕووســـیای قەیســـەری‌دا ، نە لە کەســـــە دەرکەوتووەکانی خاوەن شوێن‌و نیشانی تایبەتی‌و، نە جێگای بایەخ پێدان بوون ، لە کاتێکدا پزیشك مۆتـەکـەی ئازارو نەخۆشی‌یەکان دەرەوێنێت‌و ، مامۆســـــتا تاریکە شەوی نەزانین‌و ، باوەڕی پروپووچ ڕەو پێ دەکات ، « بەتایبەتی ئەم دوانـە لووتکەی بایەخ پێ دانی چیخۆفن » هەردووکیـان لەو کۆمەڵگایەدا بەچاوی نزمەوە لێیان دەڕوانن‌و، بایەخ بەکارە مرۆڤایەتیەکانیان نادەن .

بـۆ نموونـە لـــە چیرۆکی – دژبەیەکدا – « کیریلوف »ی پزیشك کوڕە تاقانەکەی کە تەمەنی شەش ساڵانە مردووە . لەگەڵ ژنەکەیدا بەجووتە بەسەریەوە دەگرین ، لەو کاتەدا – ئەبوجین – ی یەکە دەوڵەمەندێ نـاوچـەیەکی تر ، دێت بـــە

دوایدا . گوایا ژنەکەی زۆر نەخۆشەو پێویستی بە پزیشکە . « کیریلوف » لەگــەڵیا دەڕواتو ژنەکەی لــەگــــەڵ کوڕە مردووەکەیدا تەنیا جێ دێڵێت . پاشان کــە دەگەنە ماڵی ــ ئەبوجینی ــ دەردەکەوێت کە ژنەکەی فێڵی لێ کردوەو نەخۆش نەبووە ، ویــستویەتی مێردەکەی دوور بخاتــەوە تا لەگەڵ دۆستەکەیدا هەڵبێت ، ئەبوجین ، نــە پوزش بۆ پزیشکەکە [illegible]ێنێتەوە کــە ئەو هــەمــوو ڕێگایەی بەوتاریکە شـ[illegible]وە بڕیوە . نەگوێ بە مردنی کوڕە تاقانەکەیشی ئەد[illegible]ت . تەنانەت کە ــ کیریلوف ــ دێتە قســــەو س[illegible]لا کردن ، ئەو زۆر بەتوندی بــەڕوویــ[illegible]و ، بێ چاوڕوانە ، دوودیناری [illegible]ت ، کیریلوفیش فڕێ یان دەداتە سەر [illegible]و پێیان لێ دەخشێنێت، پێی دەڵێت : « چۆن پڕکێشی دەکــەیت پـارەم بدەیتێ ؟ هەرگیز پارە جێگای ئەم بە ســـــووك زانینو گاڵتە پێکردنە ناگرێتەوە »[٤] .

دیاردەی سەرەکی بە چیرۆکی چیخۆڤەوە ، ئەو سۆزە مرۆڤایەتیە مەزنەیە ، کە لە کێشـــەو گیروگرفتەکانی ژیانی مرۆڤەوە سەر هەڵدەدەن .

هەندێك جار کارەساتەکان دەبنە دەگمەنو ، تایبەتیەك دە دەنە قووڵی ئەندێشەکانی چیخۆڤ ، بۆ نموونە چیرۆکی (ئەوانەی بە سەر خەڵکەوە بارن) . پیرە مێردێك توانای بەخێو کردنی پیرە ئەسپو سەگەکەی نەماوە ، ناچار بۆ لای ئــەو پیاوەیان دەبـــات ، کە پیشەی کڕینی ئاژاڵی بێ کەڵکەو ، ئەویش لە ناو یان دەبات ، کــــــە پیرەمێردەکە لاشەی سەگو ئەسپەکەی بەدارەوە دەبینێت ، خـــۆی ناگرێتو گوللەیەك بــــە نــاو جــاوی خۆیەوە دەنێت ، ئۆکفۆر دەربارەی ئــەم چیرۆکە دەڵێت : « لە مێژووی ئەدەبدا وەســفی ئەم ســــــۆزە مرۆڤایەتیە مەزنە ، بەم شێوەیە هەرگیز نەکراوە » .

لای ــ ئۆکنۆر ــ باشـــترین کورتە چیرۆکی چیخۆڤ ــ مردنی مووچە خۆرێك ــ ە ، لەویشـی چاکتر « کەمانچەکەی ڕۆچیلد »ە[٥] .

هەروەها وەك لە بەشی چوارەمی کتێبەکەیدا باسی دەکات ، دەڵێت : [چیخـــۆڤ گەورەترین چیرۆك نووسە تا ئێستا هەڵکەوتبێت] .

بێجگە لە تۆ کێ ؟

بەشـــــی چوارەمی کتێبەکەی دکتۆر فرانك ئۆکنۆرە ، کە بۆ چیرۆك نووس ــ رودیارد کپلنگ تەرخانکراوە . ئۆکنۆر پێشەکی باســــەکەی وا دەکاتەوە : « کە دێینە سەر کورتە چیرۆك ، لــە چەندوچوونو بەراوردکردنی بەرهەمی کپلنگ لەگەڵ چیخۆپو مۆپاساندا . تووشی دوودڵیو ڕاڕاییەکی تایبەتی دێم . ناتوانم بڵێم بۆ . ئەگـــەر چیرۆکی (کپلنگ)م خۆش نەویستایە کارەکە ئاسانبوو ، بەڵام خۆشم‌دەوێن . لە هەمان کاتدا ناتوانم بیـر لەوەیش نەکەمەوە : ئەگەر چیخۆڤو مۆپاســـان نووسەری گەلێك چاك بن ئەوا کپلنگ وانیــیە . خۆ ئەگەر کپلنگ نووسەرێکی زۆر چاك بێت ئەوا خەوش لە چیخۆڤو مۆپاساندا هەیە » . پاشان دێتە سەر باسی دوو شاکاری کپلنگ (بێستانی)و (لاف‌ئوویمن)و بەکورتی دەیان‌گێڕێتەوە .

ســـــەرجەمی ڕای ئۆکنۆر بەرانبەر کپلنگ ئەوەیە : کپلنگ گــــەلێك بایەخ بە جەمـــاوەری خوێندەوار دەدات ، بەرهەمەکانی فرمێســــــكو پێکەنینو ڕق لەگـــەڵ خۆیاندا دێنن ، بیر لــەوە دەکاتەوە چۆن بتوانێت کاریان‌لێ‌بکات ، بەڵام بیر لەوە ناکاتەوە ڕەخنەگرێك چۆن لەگەڵیا دەدوێتو هەڵس‌وکەوتی پاڵەوانەکانی بۆ شـــــی‌دەکاتەوە ، گرنگ لای ئـــەو ئــەوەیــە بگریت ، پێ‌بکەنیت ، ڕفتەهەڵســـــێت . با ئەمە لە ڕێگای چیرۆکێکی نامەعقو ڵیشەوە بێت ، لای نووســـەر ئەم ڕێبـازە زۆر تایبەتی‌یە بە کپلنگەوە .

کپلنگ لە چیرۆکی کۆمیدیشدا دەســــتی بـالای هــەبووە ، وەك چیرۆکی (ئــەو گونـدەی بڕیاری تەختی زەویدا و (نانی ســــەر ئاو) . لەم قالبەیشدا هەر هەمان ئارەزووی کارتێ‌کردنو بەستنەوەی تیایە ئەگەرچی دەیان پرســـــیاری بێتەسەر .

کپلنگ خۆشەویستی‌یەکی ڕاســـتەقینەی لــەگـــەڵ (کۆمەڵی نهێنی)دا هــەبووە ، ئــەم دیاردەیە بەشێکە لەو ئازارەی لە منداڵی خۆیـدا چەشتوویەتی ، کاتێ دایكو باوکی ناردیــــانـــە ئینگلتەرە تا لەگەڵ خێزانێکدا بژی ، خێزانەکـــە زۆریان ئازاردا ، ئەمە لــە چیرۆکی (بـابـا بلاك شیپ)دا بە زەقی دەردەکەوێت ، لەم چیرۆکەدا ــ بانش‌و جودی ــ لـــە هیندەوە دەنێررێنەوە وولاتی خۆیان ، لەگەڵ خێزانێکی سێ کەســیدا دەژین ، خێزانەکـــە جودیــــان خۆش‌دەوێت . بەڵام بانش ئەکەوێتە بەر ئازارو گاڵتەپێ‌کردنیان ، تەنانەت لە قوتابخانەیشــــــدا لەگـــەڵ جوو و قوولەرەشدا دادەنرێت . کــــە کوێریش‌دەبێت ، بیانووی خێزانە سادی‌یەکە زیاددەکات بۆ لێدانو سەرکوێرکردنی ، کە دایکی دێتەوەو بەسەریەوە ئەوەستێت ، بانشی بچووك مووچرکەی ترســـــی

بیادێت‌و وا دەزانێت ئەمیش هەر لێی‌دەدات ، بۆیە دەستی دەکاتە سپێر تا لە لێدانێکی نوێ خۆی بپارێزێت .

ئەم چیرۆکە وەك (ئیدموند ولسـن)ی رەخنەگر بۆ یەکەم جار هەستی‌پێ‌کردووە : بەشێکە لە ژیانی ڕاستەقینەو تایبەتی کیلنگ . هەروەها لە هەندێك چیرۆکی تریدا وەك (ستووکی‌و هاوبەشەکانی) ئازارو خەمە تایبەتی‌یەکانی کیلنگ بەدیاردەکەون .

لە قۆناخی کارکردندا :

بەشی پێنجەمی ئەم کتێبە بۆ نووسەری گەورەی ئیرلەندی (جیمس جۆیس) تەرخان کراوە .. بەتایبەت لەبارەی شێوازی پەخشانی جۆیس‌و ئەو گۆڕانکاری‌یەی لە مەیدانی پەرەپێدانو گەشەکردنی زمانو هونەری نووسیندا هێنایە ناوزمانو ئەدەبی ئینگلیزی‌یەوە .

ئۆکنۆر سەرەتای ئەم بەشە بە پرسیارێکی گەورە دەکاتەوە کە رەخنەگرو نووسەرانی تر بایەخیان نەداوەتێ ، پرسیارەکە ئەوەیە : بۆچی جۆیس وازی لە نووسینی کورتە چیرۆك هێنا ؟ لە کاتێکدا زیاد لەوەی شاعیربێت چیرۆکنووس بووە ، کەچی پاش دیوانە شیعری‌یەکەی [موزیقای جامبیر] شیعری گۆرانی (غنائی) هەر وتووە ، بەڵام پاش چیرۆکی (مردوو) ئیتر چیرۆکی نەنووسی . ئاخۆ لەبەر ئەوەبێت خۆی بە چیرۆکنووس نەزانیوە ، یان گەیشتۆتە ئەو باوەڕەی چەند لە تواناداپووە بۆ ئەو قالبە هونەری‌یەی کردووە ؟ . چونکە گەلێك ستەمە ئەوەت بە بیردا بێت چیرۆکنووسێکی مەزنی وەك چیخۆف ، کە تاقی‌کردنەوەی لەگەڵ باڵاترین کاردا هەیە ، لە پڕێکا بۆ هەمیشە واز لە کورتە چیرۆك بهێنێت ، هەروەك ستەمە ئەوەمان بە بیردا بێت (کیتس) واز لە نووسینی شیعری گۆرانی بهێنێت . ئەمە پرسیارێکە کۆمەڵە چیرۆکی (دانیشتوانی دبلن) وەڵامی دەداتەوە ، لای من وایە (ئۆکنۆر دەڵێت) ئەو کۆمەڵە چیرۆکە بەڕاستیی وەڵامی ئەم پرسیارەبان داوەتەوە لای ئۆکنۆر وایە کە لە شێوەدا جیاوازیەکی گەورە لەنێوان کۆمەڵە چیرۆکی بەرایی جۆیس‌و ئەموانی دواییدا هەیە ، کورتەچیرۆکی جۆیس چوار پێنج قۆناخی گۆڕانو پەرەسەندنیان تیا دەستنیشان دەکرێت ، دەشێ ڕۆژنامەنووسێك کۆمەڵە چیرۆکی یەکەمی بە (چەند وێنەیەکی ئەدەبی) ناوبەرێت ، هەریەکەیان بەشێکن لە ژیانی تایبەتی‌و یادگاری منداڵی ، دەتوانرا زۆر بە ئاسانی هەریەکەیان بخرێتە دوو توێی ڕۆمانی (وێنەی هونەرمەندێك لە لاویدا) کە یاداشتی ژیانی خودی جیمس جۆیسە .

جۆیس لەم چیرۆکانەیدا ڕێچکەی شێوازێکی تایبەتی‌و مەزنی گرتووە . دەیەوێت خوێنەروار لە ڕووداو جیابکاتەوە ، لەبری ئەوە زنجیرەیەك لە وێنەی ڕووداو پیشاندەدات ، ڕەنگە خوێندەوار بەسەندی‌بکات یا بیداتەدواوە ، جۆیس ئەوەی لا مەبەست نی‌یە ڕووداوەکە لەگەڵ باری تایبەتی‌و دەوروبەری خوێندەواردا دەگونجێت یان نا .

تێ‌گەیشتن ، [illegible] تێکەڵبوونی ڕووداو ، ئەمانە وامان [illegible] کەسێك یان لە تاقی‌کردنەوەیەکی [illegible] خۆمان ببینین ، ئەمانە هیچیان لای جۆیس مەبەستنین‌و بایەخیان ناداتێ :

« ئێوارەیەك چوومە ژووری پشتەوە کە بۆ دانیشتنمان تەرخان‌کردووە ، ئەو ژوورەی قەشەکەی تیا مرد ، ئێوارەیەکی باراناوی ، تاریك دەنگ لە خانووەکەوە نەدەهات . لەیەکێك لە چوار کۆشەی شووشەشکاوەکانەوە گوێم لە بارانەکە بوو چۆن خۆی بە زەوی‌یەکەدا دەکێشا ، دەرزی ئاوەکە قەرەوێڵە تەرەکەی کوندەکرد ، لەبەر چاوما هەندێك چرای دوروو پەنجەرەی ڕووناك دەدرەوشانەوە » .

لە چیرۆکە پاشەبەرەکاندا واز لەو ڕێچکەیە دێنێت ، زیاتر ڕوودەکاتە ئەفسانەو تیوری‌یە مەزنەکان ، بەتایبەت کۆمیدیای خوایی کە لە (دۆزەخەوە) دەستپێ‌دەکات ، ئەمە بۆ جۆیس گەلێك ئاسان‌بووە ، چونکە ئەدیبێکی ڕوشنبیر بووەو بە قووڵی لە مەسەلەکان تێ‌گەیشتووە .

دوا چیرۆکی جۆیس (مردوو) بەتەواوی لەوانی پێشووی جیادەکرێتەوە . ئاڵۆزەو بە ئاسانی نایەتە بەر چاو کە زنجیرەیەك بێت لەوان .

دیمەن : کۆمەڵە ئافرەتێکی مامۆستا لە ئاهەنگێکدا سەمادەکەن . چیرۆکەکە ڕاپۆرتێکە لە بابەت ڕووداوی ناو ئاهەنگەکەوە ، بێجگە لە کۆتاییەکەی (لە ڕاستی‌دا ئەو کۆتاییە حەقیقەتی چیرۆکەکەیە) . کاتێك جبریل کۆزی لەگەڵ ژنەکەیدا دەگەڕێتەوە ژووری ئوتێل ، ژنەکەی لەپەوڕوو لێی‌دەکەوێت . ئەنجا هەواڵی ئەو خۆشەویستی‌یە بۆ مێردەکەی دەگێڕێتەوە کە لە گەنجیدا لەگەڵ کوڕێکی تەمەن حەڤدە ساڵاندا

هەی‌بووەو کورە ئەمـــەندە لەپێش پەنجـــەرەی ژووری خـــەوتنەکەیدا چاوەڕوانی‌کردووە ، تـــا سەرما پڕووزەی بڕیوەو تووشی نەخۆشی هاتووەو مردووە .

لای ئۆکنۆر هۆی ئەوە ئاسانە کە جۆیس بۆ باش چیرۆکی (مردوو) وازی لە کورتە چیرۆك هێنا . وازهێنانەکە بەوە دادەنێت کە پوختەکردنی شێوازو قالب دەستیان بەسەـــــر ئارەزووە سەرەکی‌یەکانی جۆیسدا گرت ، چیرۆکی کـورت بەهۆی تەنگەبەری سنوورەکەیەوە بەرگەی ئـــەو بەرفراونی‌یە[illegible] کە شێوازو قالبێکی تایبەتی مەزن بک[illegible] بەلای ڕۆماندا لای‌دا . لەمەیش گرنگتر[illegible] ، جۆیس ســـەرەتـــای لەدەستدانی تێڕوانینی (کۆمەڵە بێ‌واکـــەی) لە چیرۆکی مردووەوە هەست‌پێ‌دەکرێت ، توانای ئەوەیشی نەمابوو کار لەگەڵ کۆمەڵە بێ‌نەنویـــەکی تردا بکا ، لـــە ڕۆمـــانی (یۆلیسیس) دا زۆر پاڵەوانی کورتەچیرۆکەکانی دێنەوەکایـــە ، بـــەڵام ئەندامی کۆمەڵەی بێ‌نەوانین . ئەو دیـــاری‌کردن‌و ئاشکرایی‌یەی لەناو کورتەچیرۆکەکاندا هەیـــانبووە ڕا نەماون ، دەگۆڕێن ، واز لە دەورە (کۆمیدیـــا ناوەختەکەیان) دێنن . هەرچەند گیانیان بەبـــەر کۆمەڵێکی تردا دەکرێت ، بەڵام ئەمان پەیوەندی‌یان بە جیهانی نووسەری کورتەچیرۆکەوە نامێنێت ، ئەو جیهانەی لەســـــەر ســـینیە پاقلاوەیەك کارەساتێکی گەورەو گران دەقەومێنێت .

ئافرەتێکی نووســـــەر بەدوای ناوەرۆکدا دەگەڕێت . .

بەشی شەشەمی کتێبەکەی ئۆکنۆر لەبـــارەی کچـــە نووســــــــەری نیوزیلەندی (کاترین مانسفیلد)ەوەیە .

سەرەتای باسەکەی وا دەست‌پێ‌دەکات :

« لـــە مێژووی کورتـــە چیرۆکدا کاترین مانسفیلد لای من شتێکی ئاسایی‌نی‌یە ، ئافرەتێکی بەتواناو زیرەك ، تا ئەندازەیەك بلیمەتی تیابووە . بەڵێ زانینێکی فرەوەو قالبی کورتـــە چیرۆکی بـــۆ خۆی هەڵبژارد ، لەگەڵ ئەمانەیشدا زۆر جار کە چیرۆکەکانی ئەخوێنمەوە زوو لـــە یادم ئەچن . تاقی‌کردنەوەی من لەگەڵ چیرۆکنووســـــــــە ڕاستەقینەکاندا ئەگـــەر چیرۆکەکە لـــە پلەی یەکەمیشدا نەبێت ، ئەوەیـــە کـــە کاریان زۆر تێ کردووم‌و ئینتباعێکی قووڵیان تیا بەجێ‌هێشتووم ، ڕەنگە ئینتباعەکە تەواو کامڵ نەبووبێت ، بـــەڵام هەمیشەیی‌و قووڵ‌بوون . چۆن شـــیعرم لـــە بیرناچێتەوە ئاوایش ئـــەو چیرۆکانەم لـــەیادن ، کەچی چیرۆکی مانســـــفیلدم بەم شـــێوەیە ناکەوێتەوەیاد .

مانسفیلد کۆمەڵێك کورتەچیرۆکی دەربارەی نیوزیلەندەی نیشتمانی ڕەسەنی نووســـیووە ، چیرۆکەکان شاکارن ، بەڕاستی شاکارن کـــەچی من ئەو چیرۆکانەیشم نایەنەوەیاد ، کە دەیـــان خوێنمەوە وا هەستدەکەم چیرۆکی نووسەرێکی تازەن » .

لای ئۆکنۆر وایە کە ئەو قـــەو قسەلۆکانەی وەك ئەفسانە دوای مانسفیلد خراون ، ڕێگایان لە پەرەســـــــەندنی بەرهەم‌و ناوبانگی گرتبێت ، (ئۆکنۆر مەبەســـــتی لەوەیە ، ژیانی تایبەتی هونەرمەندو ئەدیب بەتایبەت ئەگەر ژیانەکە لایەنی لادان‌و هەڵوێستی نالەباری تیابوو ، دەســـــت بەسەر مەزنی بەرهەمەکەیدا دەگرێت ، خەڵـکی ئەوەندە لەو لایەنە دەدوێن لایـــەنـــە هونـــەری‌و ئەدەبی‌یەکەی لەیاد دەکەن ، یان با بەرهەمەکـــە شاکارو نەوازەبێت ، لەبەردەم ڕەوشتی تایبـــەتی نووســـەرو هونەر مەندا ئەوانیش بایەخیـــــان نامێنێت (ر . ب) .

لەســـــــــەرجەمی ڕاکانی ئۆکنۆردا ئەوە دەردەکەوێت ، مانسفیلد ئافرەتێکی زیرەکـــە ، بەنـــازە ، هـــەرچەند بەڵگەی بەدەســـــتەوە نی‌یە کە مانسفیلد تاقی‌کردنەوەی لەگـــــەڵ هوموسێکس (شذوذ جنسی) هەبێت بەڵام لـــە شی‌کردنەوەی بەرهەمەکانیدا ئەگاتە ئەوەی کـــە ئازایەتی‌و پۆرخزی‌و ئەو گیانەڕووخێنەرەی لـــە مانسفیلدا بووەو لە بەرهەمەکانیدا دەردەکەون ئەو پرسیارە دروستدەکەن کە ئاخۆ مانسفیلد لـــە ژیانیدا هوموسێکی نەبووە ؟ بەتایبەت مانسفیلد خۆی لەو باوەڕەدایە کە ئەو خەیاڵە دروستکەرەی پیاو لـــە ئافرەت جیـــادەکاتەوە تەنیا زیـــادە سەربەستی‌یەکەیەتی‌و توانای دامرکاندنی ئارەزووی سێکسە ، بۆیـــە مانســـــفیلد خۆزگە بەپیاو دەخوازێت .

مانسفیلد لە زۆربەی چیرۆکەکانیداو تەنانەت لەو شاکارانەی‌دا کە بۆ نیوزیلەندەی نووسیوە ، سۆز دەوری سەرەکیان تیا دەبینێت‌و لە جێگای عەقڵ دادەنیشـــێت ، کاتێك دەمانەوێت لـــە نووسینەکانیدا دڵ بدۆزینەوە ســـــــۆزێکی بەرفراوانمان دێتەڕێگا ، ئەم سۆزە بێ‌سنوورە لە ئەدەبدا مانای ڕواڵەت‌و نادروستی دەبەخشـــێت جونکە مرۆڤ پەی بە درۆ بەرێت یان نا ، هەمیشـە

هەست بەوە دەکات کە بەرەو ڕوویەتی .

ئۆکنۆر لە چەند بەراوردێکدا ئەوە دەردەخات کە مانسفیلد ڕاستەو خۆکاری چیخۆفی لەسەر بووە ، بەتایبەت چیرۆکی (ژیانی ماباکر)ی تەواو لە (چارەڕەشەکانی) چیخۆف دەکات . لای ئۆکنۆر وایە چۆن چیخۆف سەرنجی لە شەخسیەتە ڕواڵەت بازەکان ، ئەوانەی حەقیقەتەکەیان دەشارنەوەو بەرگی تر لەبەردەکەن داوە ، کاترین مانسفیلدیش هەمان ڕێبازی گرتووە ، بەڵام شەخسیەتە ڕواڵەتی یەکان خودی مانسفیلدن ، تەنانەت لە دوادوای ژیانیدا لەبارەی خۆیەوە ووتەیەکی هەیە لەسەرزمانی ڕاناوی تاکی نادیارەو ئەمەیش زیاتر لە باوەڕەکەمان دڵنیادەکات کە دەڵێت : (ماوەیەکی زۆر ژیا ، ژیانەکەی وێنەیەکی ڕاستی ڕواڵەتبازی بوو) .

لە شەڕی یەکەمی جیهاندا « چۆمبی » برای دەمرێت ، ئەم کارەساتە گۆڕانکاری یەکی بنەڕەتی بەسەر بەرهەمەکانی مانسفیلدا دێنێتو دەبێتە پردێك لەنێوان خۆیو ئازارو خەمە ڕاستەقینەکانیدا .

بەشی حەوتەمی کتێبەکە لەژێر ناوی (ئەو نووسەرەی زۆر دوورکەوتەوە) دایە کە لە د.هـ. لۆرەنس دەدوێت .

« لەگەڵ ئەوەدا کورتەچیرۆك لای من قالبی ئینگلیزی نی یە ، بەڵام لە ئینگلتەرەدا دوو چیرۆك نووسی مەزن هەڵکەوتوون : د.هـ. لۆرەنسو ا. ی. کۆبارد . ئەم دوانە بە ئەندازەیەك سەرنجیان ڕاکێشاوم نازانم کامیان لەوی تریان باشترە ، هەندێك جار لۆرەنس بەچاکتر دەزانمو جاری تریش کۆبارد ، دوو نموونەی لەیەکتر جیاوازن ، ئەگەرچی لە دوو خێزانی سەر بە چینی کارگەری ئینگلیزن » .

ئەم ڕەچەڵە کە چینایەتی یە کاری زۆری لە ژیانیان کردووە ، کۆبارد نەی توانیوە هەست بە کەمێتی یەکەی بشارێتەوە ، بۆیە دەی بینین بە درێژایی ژیانی برسی ی ڕابواردنو سامان بووە ، کەچی لۆرەنس هەستی (دیارە ئەمە بۆ پڕکردنەوەی هەست لە کەمێتی یەکەیەتی) . ئەوەت دەداتێ چۆن دەسەڵاتی بەسەر ئەو کەمێتی یەدا (نقص) شکاوەو پێوەی دیارنەبووە . هەردووکیان لە کۆمەڵگا چینایەتی یەکە بێزاربوون . لۆرەنس بۆ تۆڵەکردنەوە لە چیرۆکەکانیدا چینە دەوڵەمەندەکان دەکاتە گاڵتەجاڕ ، ئافرەتێکیان لەگەڵ خۆیدا (وەك چیرۆك) دەخزێنێتە ناو جێگاوەو ئەوسا لەکاتی پەیوەستی یە جینسی یەکەیشدا دەکەوێتە قەشمەری پێ کردنی .

لۆرەنس زۆرجار لە چیرۆکیدا وەك لە (شەمشرونو دەلیل)و (تکایە چەند بلیتێك) بەکاربردنی زۆرو هێز بە بەشێکی تری پەیوەندی خۆشەویستی دادەنێت ، بۆ نموونە لە چیرۆکی یەکەمیدا باسی مێردێکی سەرسەخت دەگێڕێتەوە کە پاش چەند ساڵ وازهێنان لە ژنو کچەکەی دەگەڕێتەوە لایان ژنە لە جێگایەکی تەریکی (دیفۆندا) سەرپەرشتی مەیخانەیەك دەکات کە مێردە دێتە ژووری ژنەکە دە[illegible]دەکات ، وا خۆی نیشان دەدات کە نەی دیو[illegible] بە یارمەتی کۆمەڵە سەربازێك دەست[illegible]ستێنەوەو لە کەنار ڕێگایەکدا فڕێی دەدات ، پیاوە پاش ماوەیەك دەستو پێ ی خۆی دەکاتەوەو بۆ مەیخانەکە دەگەڕێتەوە . کەچی دەبینێت دەرگاکەی بۆ خراوەتەسەرپشت .

هێزبەکاربردن لەم چیرۆکەدا مانایەکی تری خۆشەویستی دەبەخشێت کە لۆرەنس پەی پێبردووە .

لە سەرجەمی چیرۆکی لۆرەنسدا دیاردەیەك دەبینرێت ئەویش مامڵەتکردنە لەگەڵ سروشتدا ، وەك بەشێك لە دیمەنێکی سروشتی تەماشای کەسانی چیرۆك دەکات ، بە تێکەڵکردنی خەڵکی لەگەڵ سروشتدا یەکێتی یەکی گەلێك مەزن دروستدەکات ، وەك (ڕۆسۆ) بڕوای بە مرۆڤی سروشتی هەیە ، لە هەندێك چیرۆکیدا بەرانبەری لەنێوان ڕێگای سروشتیو دەستکردا دەکاتو دەکەوێتە ڕسواکردنی دووەمیان . کە لۆرەنس وازی لە کۆمەڵە بنەواکانی هێناو کەوتە لەسەر نووسینی ناسیاوەکانی لەندەنو ئیتالیو هیندیو ئەمریکی یە ملیۆنەرەکان ، بەتەواوی لە کۆمەڵە ڕاستەقینەکەی دابڕاو بۆ کەسانێك کەوتە نووسین هەرگیز لە تاقی کردنەوە سۆفی یەگەریەکەیدا لەگەڵ سروشت نەی دیبونو شارەزایی لێیان نەبووە ، بۆیە لە بەرهەمەکانیدا لەنێوان پاڵەوانەکانو باگراوندە ڕۆناکبیری یەکەیاندا دژایەتیو ئاڵۆزی دەبینرێت .

ئۆکنۆر ڕەگەزی هۆمۆسێکس لە بەرهەمی لۆرەنس زۆر دەبینێت ، بەتایبەتی لە ڕۆمانە بەرایییەکەیدا [یورو ئەوینداەکان] ، پەیوەندی نێوان مێردو هەستی ژنەکەی لەو هۆمۆسێکسەدایە کە هەردوو پیاوەکە لە ئافرەتێکدا هاوبەشن ، دەبنە دوو هاوڕێی زۆر خۆشەویستی یەکتر ،

لەگەڵ ئەوەدا کە یەکێکیان مێردی ژنەکەیشە . ئەم دیاردەیە لە چیرۆکی (سێبەری بەهاران) و (جیمیو ئافرەتەداماوەکان) دا زیاتر دەردەکەوێت .

هەرچەند لۆرەنس پاشان دەستیدایە نووسینی ڕۆمان ، بەڵام لە پێچەوانەی جۆیسەوە ئەوەیە سیفەتی چیرۆکەکانی گۆڕان ، بەتەواوی وازی لە کورتە چیرۆك نەهێنا ، تەنیا تیژیشێوازی وای لێکرد لە دەستپێکردنی ڕستەدا ئامرازی پەیوەندی ، بۆ کۆتاییش نیشانەی سەرسوڕمان زۆر بهێنێت

لە بەرهەمە [illegible] شێوازی تەواو بێزارکەر بوو ، بەتایبەتی لە بەکاربردنی (و)و دووبارەکردنەوەی (بەڵام)و (هەروەها)و (بەمەرجێك)دا کەسانی چیرۆکیشی گۆڕان ، لە کۆمەلە بێ نەواکانی ناوەندی ئینگلتەرەوە بۆ کەسە ڕەمزییەکانی کۆمەڵگای ئینگلیز ، ڕۆژنامەگەر ، لۆردو ژنەکانیان ، دەڵەمەندەکان ، ئەمانەو هەستنەکردنیش بە ئەمری واقیع ، چونکە ڕۆمان چەندە موبالەغەی تیابێت پێویستە خوێنەدەوار هەست بە واقیع بکات ، ئەگەر وانەبوو ، چ کورتە چیرۆکو چ چیرۆکی درێژی کورت ، دەچنە ڕێزی حیکایەتو لە پۆشکینو (ئالان بو) نزیك دەبنەوە (مەبەستی ئۆکنۆر ئەوەیە چیرۆك هەندێك جار دەبێتە کارێکی خەیاڵی ڕوتو لە دەوری ترسو نهێنیو کاری ناماقووڵدا سووردەخوات) . بە پێچەوانەوە لە چیخۆفو مۆپاسان دووردەکەونەوە .

لۆرەنسیش وەك جۆیس وازی لەو کۆمەڵە بێنەوایە هێناوە کە لەناویاندا گەورەبووە ، چیرۆکی (میرخاتوون)و (ئەو ئافرەتەی دوورکەوتەوە) ڕاستیی ئەوەمان نیشاندەدەن کە چۆن لۆرەنس لەو ژیانە تایبەتییەی هەڵاتووە .

بەشی هەشتەم

[جێگایەکی پاکژو ڕووناك]

هەر بە ناونیشانی چیرۆکێکی هەمەنگوایەوە ئەم باسە ناودەنێت ، دکتۆر ئۆکنۆر بە درێژی لە شێوازی هەمەنگوای دەدوێتو سەرەتا نهێنییەك دەردەخات کە هەمەنگوای شێوازی جێمس جۆیسی بەکارهێناوەو کارتێکردنی جۆیسی لەسەربووە ، بەتایبەتی لە زمانی بەخشانو تەکنیکدا ، لە دووبارەکردنەوەی وشەدا بێئەوەی زیان بە ساختمانی چیرۆکەکە بگەیەنێت ، لە کاتێکدا ئەوەی باوەو لە قوتابخانەدا فێرکراوین دووبارە نەکردنەوەی ناوە ، بەکاربردنی ڕاناوە لەبری . دەشێ ئەم پارییە بە (دووبارەکردنەوەی جوان) ناوبەرین ، بۆ نموونە چیرۆکی (گردەکان وەك فیلی سپی وان) باسی پیاوێکە دەیەوێت ئافرەتە دۆستەکەی تەفرەبداتو سکەکەی پێ لەباربەرێت ، ووشەی (ئاسان)و ڕستەی (ئەگەر خۆت ئارەزووت لێنییە من نامەوێت ئەو کارە بکەیت)و چەند ووشەیەکی تر چەند جارێك دووبارە دەبنەوە .

« پیاوەکە پێیووت : زۆر چاکە ، ئەگەر خۆت ئارەزووت نییە من نامەوێت ئەو کارە بکەیت ، بەڵام من دەزانم کارەکە گەلێك ئاسانە » .

— ئەگەر بیکەم بەختیاردەبیت ، شتەکان دەچنەوە دۆخی جارانیان ، خۆشتدەوێم؟

— من ئێستا خۆشمدەوێیت ، خۆت دەزانیت چەندم خۆشدەوێیت .

— دەزانم ، ئەگەر ئەم کارە بکەم ئەوسا لات خۆشە جارێکی تر بڵێم : شتەکان وەك فیلی سپی وان .

— خۆشە ، ئێستایش لام خۆشە ، بەڵام ناتوانم تەنیا بیریلێبکەمەوە ، کە دەکەومە ڕاڕایی دەزنیت چیم بەسەردێت .

— ئەگەر بیکەم ڕاڕاییەکە نامێنێت ؟

— ڕاڕای ئەوە نیم ، ئەوە کارێکی گەلێك ئاسانە .

— کەواتە دەیکەم ، قیروسیا لە خۆم .

— مەبەستت چییە ؟

— خۆم لا مەبەستنییە .

— بەڵام من تۆم مەبەستە .

— بەڵێ : خۆم مەبەستنییە ، دەیکەم ، پاشان هەموو شت چاکدەبێت .

— ئەگەر وای بیرلێدەکەیتەوە من نامەوێت بیکەیت » .

ئۆکنۆر لەو باوەڕەدایە لە ڕووی تەکنیکەوە هیچ نووسەرێکی سەدەی بیستەم ناگاتە ئاستی هەمەنگوای ، توانا ئەدەبییەکەی ئەمەندە باڵایە ڕووداوێکی زۆر پووچو بچووکی کردۆتە شاکارێك ئەگەر یەکێك پێش سی (٣٠) ساڵ خوێندبێتییەوە ئێستایش بە خۆشییەوە پیادەچێتەوە . ئەم باڵادەستییە لە لایەکی ترەوە مایەی گیروگرفتی هەمەنگوای بووە . چونکە پشتی زیاتر بە کەرەسە تەکنیکییە باڵاکانی بەستووە بۆ داپۆشینی

ناودرۆکێکی بێ برشت . باشـــترین ناو بۆ ئـەم دیاردەیە ئەوەیە پێی بوترێت (تەکنیـك بەدوای ناوەرۆکدا دەگەڕێت) . یا بە مانەیەکی گشتی تر بڵێین : (ناوەرۆك لای هەمەنگوای نی‌یە) .

هونەری ڕاســــتەقینە شێوەو ناوەرۆك لێكدانابڕێت‌و وەك‌یەکیان دەبینێت ، بۆیە ئۆکنۆر شێوازەکەی هەمەنگوای بە تەجرید دەداتەقەڵەم ، کۆمەڵە بێ‌نەواکەیشی زیاتر سەرگەرمی ڕابواردنن نەك کارکردن. پاڵەوانەکان، بۆی ، بۆکس‌وەشێن، ڕاسـزمان ، ڕاوچی‌و لەم بابەتانەن . بابەخدان بە ئازایەتی لەش گیروگرفتێکی تایبەتی هەمەنگوایە ، نەبوونی وەك‌یەك‌وایە ، لە هەندێك چیرۆکیدا وا ئەم ڕێبازە کارناکاتە ســەر کەس . واتا بوون‌و لە خوێندەوار دەکات ئینتباعێکی نادروســت لــە ژیـانی مرۆڤ وەرگـرێت‌و تـەنـانـەت پێکەنینی پێ‌بێت ، وەك چیرۆکی (ژیانی فرانسیس ماکومبر کورت‌و شاد بوو) ، پاڵەوانەکە ـ فرانسیس ـ لە ڕووی شێرێك خۆی ناگرێت‌و ڕادەکات ، دیـارە هەموو مرۆڤێکی عاقڵ هەر ئەم کارە دەکـــات ، ژنەکەی کە ئەمەی لێ دەبینێت ناپاکی لەگەڵ دەکاو لەگەڵ سەرۆکی ڕاوکەرانی گەورە جەبواندا کـــە ئینگلیزە ڕێك‌دەکەوێت ، دیارە هەندێك ئـافـرەت ئەندازەی خۆشەویستی‌و شانازی بەهێزو توانـای مێردەکەوەیەتی کە چەند دەتوانێت لەگەڵ شێریکدا چنك‌بدات ، بۆیە گیروگرفتی ژنەکە وامان لێ‌دەکات بەزەییمان پیابێتەوە ، بەڵام بۆ ڕۆژی دوایی مێردە دەبێتە پیاوێکی چەلەنگ‌و هێرش دەباتە ســـەر گامێشێك ، ئازایەتی‌یەکی پێوێنە دەنوێنێت ، ژنــەکــە پەشیمان‌دەبێتەوەو بڕیاردەدات لەوەودوا ژنێکی داوێن‌پاك بێت‌و ناپاکی لەگەڵ مێردەکەیدا نەکات . بۆیە نیشەکێك بەسەری کابراوە دەنێت، ئەم بەســـەرهاتە سەرکەوتنی ماکوبر دەردەخات هەرچەنـدە ئەنجامەکەی دژوارە ، چونکە تـاقـە ڕێگایەکی فێرکردووە چۆن ژنەکەی لەوە بپارێزێت نەکەوێتە ئامێزی پیاوێکی ترەوە .

نرخی ئازادی
بەشی نۆیەمی کتێبەکەی ئۆکنۆرە

« مایەی نیگەرانی‌یە چاکتــرین کـورتـــە چیرۆکنووس لەسەر ئەوە سوورە زوو واز لـــە چیــرۆك بهێنێت ، کورتەچیــرۆك هـونـەرێکی تاقانەیە ، نووســـــەرانیشی هەروان ، بەدوای هاوڕێدا دەگەڕێن ، لە دەست کۆمەڵە بێ‌نەوایەك ڕادەکەن لەبەر ئێمە گیـــانیان بە بەرداکردوون . جۆیس بە ئاسانی وازی لە کورتەچیرۆك هێنـا ، د.هـ. لۆرەنس ڕێگایـــەکی تـری گرتـەبـــەر . کوباردیش کە پێشـەوایەکی تری چیرۆکی کـورتی ئینگلیزە بە لایەکی تردا لایدا . هەموو هـــەوڵی دەربازبوونیان بوو » .

لەم بەشـەدا ئۆکنۆر باسی (کۆبارد) دەکات‌و چەند دیاردەیەکی ســـەرەکی لە چیرۆکەکانیدا دەستنیشان‌دەکات ، وەك ئازادی شـــەخسی ، ئازادی لە لێپرسینەوە ، لە ڕەوشـــت‌و نەریتـە کۆمەڵایەتی‌یەکان (بەتایبەتی سێکس) ، ئازادی لەو پێویستی‌یانەی بەرانبەر دەوڵەت‌و کنیســـە هـەیـە ، لــە هەموو ئەمانە گرنگتر لای کۆبارد ئازادی‌وەرگرتنە بۆ [illegible] ، ئەمە لــە زۆر چیرۆکیدا شتی [illegible] ، ڕەنگە ئــەم دیاردەیە بۆ کردنەوەی [illegible] بە کەمی‌کردنەکەی بێت کــە لــە ئەنجامی ئینتیما چینایەتیەکەیەوە تووشی هاتووە ، هەرچەند ئەمیش وەك لۆرەنس لە چینی کارگەر بووە ، بەڵام کۆبارد گەلێك لـــەو زیاتر هەژاری دیوە ، خوێندنی بۆ تەواونەکراوە . منداڵی‌یەکی تووش‌و پڕ لە ئازاری چەشـــتووە ، شاگردی خەیـات بووە ئەو هـــەژاری‌یەی لـــە منداڵی‌یەوە بەرۆکی‌گرت، بووە هۆی ڕەنگ‌دانەوەی لە بەرهەمەکانیدا ، لە زۆربەیاندا ئاوازی نـاڵــەو خۆلاواندنەوەیان تیا بەدی‌دەکرێت ، وەك لـــە پاڕانەوەی منداڵێکدا دەڵێت : [خوایە ئەمشـــەو ببخەیتە دڵی‌یەوە پەنسێکم‌بداتێ ، تەنیــــــا پەنسێك ، وای لێ‌بکەیت پەنسێکم بداتێ ، خوایە تۆ گەورەیی خۆت .. ئامین] .

کۆبارد ئەمەندە تامەزرۆی ئازادی شـــەخسی بووە کە لە ژیانی تایبەتی‌و چیرۆکەکانیدا ئاشکرا دیارن ، کـوختی بەکرێ‌گرتووە ، لــە خـەیوەتـا ژیاوە ، گەشــــــتی ئەورووپای بە پێ کردووە ، دەی‌توانی بە نووسینی گەشتنامە سامانێکی زۆر دەستبخات ، لە چیرۆکی (سەگی ڕەش) ١٩٢٣ و شا چیرۆکی (کمـانچەی ماسی‌یەوان) ١٩٢٥ ئازادی‌یە شەخسی‌یەکە دەبێتە هەســـتێکی نوێ بەرانبەر نیشتمان ، ئەمە تێڕوانینێکی گەلێــك نوێ‌یە لای چیرۆکنووس .

لای ئۆکنۆر وایە : زوربەی چیرۆکنووسەکان لە سەرەتایاندا کورتەچیرۆك بە پەیڕەوی‌کردنێـك دەزانن کـــە ئارەزوویانە بیکەن . پـەیڕەوکردنی چیخۆف‌و مۆپاسان ، لە ئەمریکای ئێستایشـــدا بەتایبەتی پەیڕەوی‌کردنی جۆیس ، بەڵام گە زیاتر چوونەپێشەوەو بەرهەمیان گەشـەی‌کرد واز لـــەو پەیڕەوییـە دێنن . کۆبـارد درەنگ چیخـۆف‌و مۆپاســـانی ناسی . هەرگیز چاوی لە یەکێکیان نەکردووە بێ ئەوی تر . [illegible] بە شـــێوەیەکی

ڕاستتر لەســـــەر پەیڕەوی کەس نەماوەتەوە . ئـاتـاجی تەنیـــا بەوەبووە بەرۆکی خوێنـــدەوار توندبگرێت و وای لێبکات بە پەرۆشـــەوە گوێی بۆبگرێت . بۆیە لە ڕووی قالبی چیرۆکەوە کوبارد گەلێك بەدەستە . دەتوانم بڵێم مەزنترین چیرۆك نووسی ئەم لایەنەیە . هەرچەند لـە تاکـە تاکـە چیرۆکیدا دەتوانین ش[illegible]ێن پێی چیخۆف و موپاسان دیاریبکەین . هەند[illegible]ك نموونەی پەخشـــانێکی ڕووت یان و[illegible]ەشتێکی [illegible]رلەندەیە ، کـــە دەتوانرا [illegible]ەکاندا بڵاوبکرایەتەوە .

هەرچەند [illegible] دەرگای لەسەر زۆر باس کردۆتەوە ، بەڵام بە جۆرێکی تایبەتی کـــە ڕەنگە پەیوەندی بە تاقیکردنەوەی شـــەخسی خۆیەوە بێت ، باسی | نهێنی ئافرەت | دەکات . بۆنموونە لە چیرۆکی (دســـکی ڕوش)دا کە بەرهەمێکی شاکارە ، باسی پیاوێك دەکات بە پێ زۆر دەڕوات (ڕەنگە کوبارد خۆی بێت) ، دەگاتە کـــاروان ســــەرایەك ، لەوێ ئافرەتێکی جوانی کارگەر دەبەبینێت ، پاش لاواندنی ، ژنـەکـە بڕیاردەدات شەو بێتە ژوورەکەی ، کە دێت دەست بە گریان دەکات ، پیاوەکە لەباتی دەســـتبازی دەکەوێتە دڵدانەوەی و بـــە درێژایی وەختەکە هەوڵدەدات تەمی خەم و ئازارەکانی برەوێنێت ، ســــەیر ئەوەیە نایشزانێت گیروگرفتەکەی چییـــە ، بـۆ بەیانی کە پیاوەکە لە کاروان ســــەرا دێتەدەرێ ژنەکە زەردەخەنەیەکی گەشی تێدەگرێت ، پیاوەکە

لە چیرۆکی کەمانچەی (ماســـیبەوان) و بە سەرسووڕماوییەوە ئەبڵەقدەبێت .

(کچی ئەلۆترکوێس)و هەندێکی تریدا ئەمدیاردەیە زیاتر دەردەکەوێت .

کچێك لەبەر دەرگی زینداندا

لەم بەشەدا ئۆکنۆر کورتەباسێك دەربـارەی کچە نووســــــەری ئیرلەندی (ماری لافن) دەنووسێت ، پوختەی ڕاکانی ئۆکنۆر لـە ڕووی شـــێوەو ناوەرۆکی چیرۆکەکانەوە ، بایەخدانی (ماری لافن)ە بە ڕەوشتی باڵا (قیم) بەڵام لـە چیرۆکێکەوە بۆ ئەوی تر ئەم ڕەوشتە دەگۆڕێت .

بۆنموونە لە چیرۆکی (وەســـ ـیەت)دا ـ لای گۆتروی ـ ئافرەتێکی ناوبانگ خراپەو لە خێزانێکی بووەیە . دایکی لە سەرەمەرگدایەو نەم ددیەوێت پێش مردن بگاتە لای . کە دەگاتەوە ماڵێ دەبینێت دایکی مردووە ، کـــەچی لـــــە مردنیشدا کەمی نەویستووەو تەنانەت لە وەســیەتەکەیدا هەر ناوی نەهێناوە . بەڵام ـ لالی ـ تاقە کەسێکە دایکی بـە خراپ دەزانێت نەك خۆی ، بۆیە لەســـەر ئـەوە سووره تەرمەکەی بە شکۆوە بەرێبکرێت و خێرو چاکەی بۆبکرێت ، بۆ ئەمە ئـەو پارە کـەمـــەی پێیـــەڵی خەرجیدەکـات و هیچی پێنـامێنێت ، (ئەوی سەرەوەکاری ماڵی خراپ دەکات تەنیــــا ئەوە توانای چاکـــەکردنی هەیە) . لە چیرۆکی (زەمانی کۆن)و (دەفری ناسك)دا هەمان شت بەڵام بەشێوەی جیاجیا دەردەکەونەوە .

ـ لافن ـ لە هەندێك بەرهەمیدا بەراوردی دین لەگەڵ ســــێکسدا دەکات ، وەك چیرۆکی (یەكشەممە هۆی یەكشەممەیە) ، کچێکی منداڵ کاری لادێیی سكپڕ هەفتە لەدوای هەفتە گوێ لە قـــــەی پووچی قەشەیەکی عەقڵ تێكچوو دەگرێت . یان لە چیرۆکی (بەیانێکی ئاسوودە)دا قەشەیەك پیرۆزبایی لە خۆی دەکات کە بۆتە هۆی مردنی مێردی خوشکەزایەکی گـــەنجی بۆ ئەوەی ژیانە تایبەتییەکەی خۆی ئاسوودەبێت ، ئەم بارە جیاوازانە بۆ ڕەوشتی باڵا وای لە ـ ماری لافن ـ کردووە زیاتر ڕێگای ڕۆمان نووسین بگرێتەبەر لە چیرۆکەکانیدا ، لای ئۆکنۆر ئەمە سوودی زۆرە .

ئۆکنۆر دەڵێت : لافن لە هەموو نووسەرانی ئێستای ئیرلەندە زیاتر ڕام دەکێشێت ؛ چونـکە بەرهەمەکانی زیاد لە بەرهەمی نووسەرانی تر ئەو ڕاســــــتییە دەسەلمێنن کە لافن ئەوەی پێیەتی هەمووی نەوتووە . لەنیـــوان چیرۆکـــەکـــانی (حیکایـــەتـەکـانی پردی بکتیف) « ١٩٤٣ »و چیرۆکەکانی (کوڕی نیشتمان پەروەر) «١٩٥٦» پەرەسەندن و پێشکەوتنێکی زۆر هەیە .

ئۆکنۆر لە کۆتایی باســــەکەیدا ڕای خۆی بەرانبەر ـ لافن ـ وا دەردەبڕێت کە ئەوەندەی لە

تاڵبی چیرۆکی درێژی کورتا ســــەرکەوتووە زەی‌توانیوە ئەم سەرکەوتنە لە رۆمـــانو کورتـە چیرۆکدا بەدەست‌بهێنێت .

ئۆکنۆر لە بەشی کۆتایی کتێبەکەیدا ، باسی تاقی‌کردنەوەی خۆی دەکات لە وێنەوەی وانـەی نووســـینی کورتەچیرۆك بە قوتابیانی زانکۆ ، هەرچەندە لە ســەرەتاوە وای هەســـت‌کردووە ووتنەوەی ئەم وانـەیـە گەلێك قورسو دژوارەو رەنگە زۆر دەوام‌نەکات ، کـەچی پاش راهـاتنی دێتەسەر ئەو رایەی چۆن وانەی رەســـــم دەوترێتەوە هەروایش وانەی نووسـینی چیرۆکی کورت بەدەستەوەدێت . لای ئۆکنـۆر دایـــە : فێربوونی کورتەچیرۆك لە فێربوونی رۆمـــــان ئاسانترە ، فێربوونی درامایش لە هەردووکیـــان سووکترە .

دوا ووتەی ئۆکنۆر لەم بەشەدا ئامۆژگاریەکـە بۆ چیرۆك‌نووسەکانو دەڵێت :

[نووسەر پێویستە خۆڵەمیش بەســر ئەو ئاگرەدا بکات کە خۆی هەڵی گیرساندووە ، تا بە وردی لەوە بگات ئاگرەکەی چی تێ‌دەگــرێت . چیرۆك‌نووس نابێت ئەوە لەیادبکات کە خـــۆی خوێندەواری خۆیەتی ئەگەر نەی‌توانی بەرهەمەکەی جار بخوێنێتەوە ، هەرگیز چاوەڕێی ئەوە نەکات خەڵکی دووجاری بخوێنێتەوە ، خۆ ئەگەر پـاش شەشەم جاری خوێندنەوەی تووشی بێزاری هات، ئەوا خوێندەوار هەر لە یەکەم جاری خوێندنەوەیدا وازی‌لێ‌دێنێت ، ئەگەر پاش دوانزەهەم جـاری خوێندنەوە هێشـــــــتا لای خۆش‌بوو ، ئەوا خوێندەوار لە دووەم جاریدا تاسەی لێ نەشکاوە ، من زۆربەی چیرۆکم دەیان جار نووسیووەتەوە ، هەندێکی کەمیان گەیشتوونەتە پەنجا جار ، بـــە داخەوەم کە ئەم کارە بەردەوام نابێت ، چونکـــە ووشە شتێکی سنووردارە] .

پەراوێـز :

١ ـ دەنگێکی تاك (الصوت المنفرد) ساڵی ١٩٦٩ دکتـــور مەحمود روبەیعی وەری‌گێراوەتە سەرزمانی عەرەبی‌و ، موحەمەد فەتحی پێی




داچۆتەوە .

٢ ـ نازانم ئۆکنۆر لـــەم رایەیدا بۆ « جیمس جۆیس » چی‌دەڵێت ؟ کە رابەری رۆمـانی نوێی ئەم سەردەمەیەو ئیرلەندیشە . ـرـ

٣ ـ کۆمـــەڵی بێ نـــەوا « الجماعة المغمورة » زاراوەیەکی تایبەتی فرانك ئۆکنۆرە ، لـــە سەرەتای کتێبەکەیەوە تا کۆتایی بەکـاری دێنێت ، ئەورای وایە پاڵەوان ـ لە کورتـە چیرۆکدا نی‌یە ، بەڵکوو کۆمەڵی بێ نـەوا هەیـە .

٤ ـ ئۆکنۆر بەم شــــــێوەیە چیرۆکەکەی نەگێراوەتەوە ، تەنیا سەرپێی‌یی ئاماژەی بـۆ کردووە ، ئێمە بۆ زیاتر شـــــارەزا کردنی خوێندەوار لـــەو هاوبەشی‌یە وێژدانی‌یـەی چیخۆف لەگەڵ پزیشـــکدا کردوویەتی ، کورتەی چیرۆکەکەمان هێنایە ئێرە . ـرـ

٥ ـ « کەمانچەی رۆچیلد » لەلایەن ئامادەکەری ئەم ووتارەوە ، لە فارسی‌یەوە کرا بەکوردی‌و لە ژمارە (٦٤)ی گۆڤاری « رۆشـــنبیری نوێ »دا ، بەناوی (تابوت ســـــاز)ەوە بڵاوکرایەوە .



برنارد شۆ

ژیانو ، کەسایەتی‌یە کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و ئەدەبییەکەی برناردشۆ ، لە سـاڵی ١٨٥٦ ز دا، لە شاری دبان هاتووەتە دنیاوەو ، لە ساڵی ١٩٥٠، لە لەندەن کۆچی‌دوایی‌کردووە . ئەمەش ئـەوە دەگەیەنێت کە تەمەنی نزیکەی سـەدەیەکی خایاندووە .

شۆ پیاوێکی باڵابەرزو بلیمەتێکی ئەوتۆ بووە کە بلیمەتییەکەی بێ‌سنوور بووەو هەمەچەشن‌و هەمە جۆر بووە . ئەدیب‌و زماناس‌و نووسەرو ڕۆمانووس‌و شانۆگەرینووس بووە ، هەروەهـا ڕەخنەگری شانۆگەری‌و مۆسقا بووە لەگـەڵ ئەوەشدا ڕۆژنامەنووس بووەو هەوڵی ئـەوەی دەدا کەم‌وکوڕی‌یەکانی کۆمەڵایەتی چارەسەر بکات. ئەنجا سۆشیالیستی بووە . دەستەڵاتدارو بەشان‌و شکۆ بووە . ڕاستگۆو زیرەك بووەو لەکـەس نەترساوە ، زەینی باش بووەو زوو قسـەی جوان‌و نایابی بۆ دەهـات . زیرەکی‌ی ڕادەبەدەر بوو . لێرەشدا پێویـستە بیروڕای فەیلەسووفی ناسراوی ئنگلیز. تۆمار بکەین کە دەربارەی شـۆ دەڵێت :

لەراستیدا شۆ بایەخێکی ئەوتۆی بە دراما نەدەدا بە قەدەر ئەوەی بایەخی بەوە دەدا بیکات بە هۆیەك بیروڕا فەلسەفییەکانی بـەناو زۆترین خـەڵکی ڕەش‌وڕووتدا پێ بڵاو بکاتەوە .

«چۆ» دەڵێت : شۆ ، بەر لە هەموو شتێك بایەخی بە ئاکارو سیاسەت‌و فەلسەفە دەدا ، لە ڕاستیشدا ، فەیلەسووفێك بوو ، هـەروەکوو ئەفلاتوون بەهرەیەکی درامیانەی بە هێزی هەبوو. ئەم بەهرەیەی بە جۆرێك بەکاردەهێنـا بۆ خستنە رووی بیروڕایەکانی سەبارەت بە ژیانی مرۆڤایەتی‌و چۆنەتی بەسەربردنی‌و ، سەبارەت بـە کۆمەڵە مرۆڤایەتییەکانو چۆن دەبێت فەرمانڕەوایی بکرێن‌و نزیك کردنەوەی ئەم بیروڕایانە لە خەڵکەوە ئەوانەی لە کتێبی فەلسەفیانە ناخوێننەوە ئەم بیروڕایانەشی بە ڕێگایەکی زۆر خۆش‌و سـەرسوڕهێنەر پیشاندەدا بە جۆرێك هەر کەسێك ئـەو شانۆگەری‌یانەی دیتبایە هەمیشە ئەو بیروڕایانەی لەیاددا دەمایەوە ان لەبەر ئـەوەی پێ‌ی‌خۆش بوون ، لەبەر ئەوەی لە پڕو لە لەناکاویدا بەرگوێ‌ی کەوتبن .

« شۆ » ش سەبارەت بە خۆی دەڵێت : من شانۆگەرینووسێکی ساکارم ، لەو شانۆگەریانەدا پـێوڕم کەدژی ئاکارو ئاینن .. بـەوە ناوبانگم دەرکرد کە هەمیشە هەوڵی ئەوەم داوە جەماوەری خەڵکی چاو بە پێوانە ئاکاریەکانیاندا بگێڕنەوە .من کە شانۆگەری دەنووسم مەبەستم "ئەوەیە بـە ئەنقەسـت وا لـە نەتەوەبکـەم باوەڕ بە بیروڕایەسێکسی‌و کۆمەڵایەتییەکانم بهێنن ..

هیچ پالپێوەنەرێکی تریش نی‌یە پاڵم پێوەبنێت شـانۆگەری بنووسم ئەگـەریش هەبێت بۆ وەدەستهێنانی ڕزقی خۆم پشتی پێ نابەسم .

ئەمەش ئەوەمان بۆشی‌دەکاتەوە کـە ڕەخنەگرەکان چەند ڕەخنەیەك لە شانۆگەری‌یەکانی بە شێوەیەکی گشتی دەگرن ، گرنگەکانیان ئەمانەن:

١ ــ کەسەکانی سروشتی نین ،بەزمانی (شۆ) خۆیەوە دەدوێن‌و بیروڕاکانی لەو دەردەبڕن .

٢ ــ شانۆگەرییەکانی کرداریان تێدا نی‌یە واتە (ئەکشن) .

لە ساڵی ١٩٥٠دا شو ، هاو سەردەمی ئەبن‌و « کە لەتەمەندا لەو بچووکتربوو » ستریندبرج‌و چیخەف‌و سینج‌و پیراندیللو « کەلەوان گەورەترە». هێشتا دەژیا. بەڵام دوای ماوەیەك کۆچی‌دوایی‌کردو

هەستی زۆر خەڵکی بزواند . لەگەڵ ئەوەی زۆرجار گاڵتەی بەمردن دەهات . بەڵام مردن ڕایێچی کرد . ـوبانگی ئەسنووری سەردەمی خۆی تێپەڕی کردو بوو بە مەتەڵێکی ئەو تۆی سەرسوڕهێنەر کەس هەڵینەهێنێت . یەکەمین کەس بوو.بەرەنگاری ئەوە بووەوە کە ئیقۆنەکان تێکبشکێنێت. ئەگەر چی لەکاتی خۆیدا دەستەواژەی « گەورەو مەزنتر لە شکسپێر » بەنارەوا دادەنرا . بەڵام ئەمڕۆ ئەگەر بووترێت « شۆ مەزن نییە » ئەوا بەقسەیەکی نارەوا دادەنرێت . ئەویش بە هۆی بەناوبانگیو کارتێکردنیەوەیە .

کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکەی شۆو بەلێپرسراوی چەند شتێك دادەنرێت کە ناتوانرێت لەلایەن چەند بۆ چوونێکی ترەوە شیبکرێنەوە . ئەوەبوو شۆ وەکوو کەسایەتییەکی ئەدەبیی مەزن وابوو لە کۆمەڵێکدا ــ بایەخی کەمیان بە ئەدەب دەدا . هەروەها ئەو ڕەخنەیەی کە وەکوو هەناسە لە سینەی شۆدا دەهاتو دەچوو هیچ کاری لە کەم یان لە فۆری ئەو هەڵوێستانە نەدەکرد کە بە دەستی زۆر کەسەوە تووشی ئازاوە بوو بوون هەروەها بەدەستی شۆ خۆشیەوە . ئەوەی کە ناوبانگیی شۆ ناوبانگیەکم ئەدەبی . نەبوو بەقەدەر ئەوەی لە هەموو واتایەکیدا ناوبانگیەکی (ئەدەبیی سیاسی) بوو .

لێرەشەوە دەبێت بگەڕێینەوە سەر خاڵێکی گرنگ ئەوەش ئەوەیە سێیەمین بابیرە گەورەی لە جوامێر (نبلاء)ەکان بووە ، بەڵام بەگوێرەی یاسای میراتگریی بەریتانیا کوڕی گەورە نەبێت کەسی ترمافی ئەوەی نییە میراتگری سامان یان نازناو بێت . بۆیە ئەم کە نە کوڕە گەورە بوو نە باوکیشی. لەبەر ئەوەیە بنەماڵەکەی شۆ سامانی بە میرات بۆ نەمایەوە بەڵکوو هەڵسوکەوتو ڕەووشتی (جوامێرەکان)ی بۆمایەوە . هەر لەبەر ئەوەش بوو ڕێگا نەدرایە شۆ بچێتە قوتابخانەی بە خۆڕایی دەوڵەتەوە لەترسی ئەوەی تێکەڵی منداڵانی خاوەندی پیشە بازرگانیەکان نەبێت کە پلەی کۆمەڵایەتیان لە ژێر پلەی کۆمەڵایەتیی ئەوەوەیە . ئەنجامیش ئەوەبوو شۆ لەو قوتابخانەیە هەڵێ کە زۆرجار دەیانناردێ ، خۆی خۆیی ڕۆشنبیر کردو لەدواییشدا لە ئیرلەندە کە تیایدا لەدایك بوو بوو هەڵات ئەوکاتەش تەمەنی بیست ساڵان بوو . واتە ساڵی ١٨٧٦ ڕۆیشت بۆ لەندەن . لەبەر ئەو کارەساتو ئازار چێشتنەی بەدەستی جیاوازیی چینایەتییەوە چەشتبووی بوو بەیەکێك لەوانەی داوای سۆشیالیستی یان دەکرد .

کاغیان قارەمان

سۆمەرسێت موم نووسیویەتی
مەجید سەبران وەری گێڕاوە

سۆمەرسێت مۆم نووسەری بەناوبانگی ئینگلیزی لە ساڵی ١٨٧٤ ی زایینی لە (پاریس) لە باوکو دایکێکی ئینگلیزی زمان لەدایك بووە . لە پاش مردنی باوکی ١٨٨٤ گەڕایەوە لەندن بۆ ئەوەی لە ماڵی خزمێکی خۆی ژیان بەسەر بەرێو خوێندن تەواو بکا .. هێشتا هەر قوتابی بوو کە زۆر چیرۆکی باشو گرنگی بڵاو کردەوە ، یەکەمین چیرۆکی درێژی لە ساڵی ١٩٩٧ دا بە سەرو سەدایەکی فراوان بڵاو کرایەوە ، کە بوو بە مایەی بەناوبانگیو دەنگ دانەوەو سەرسامی ڕەخنە گرەکانی ئەو سەردەمە .

بۆ ئەوەی بە چاکی « موم » بناسین پێویستە بزانین کە سەدەی نۆزدەهەم سەدەی پیشەسازیو دەست پێ کردنی پێچیدەکی ژیانو قوول بوونی ئاسۆی بیرو بەشۆکاوی دەروونی بوو ، هەندێ لە ڕەخنەگران موم بە نووسەرێکی هەرە بەرزدائەنێنو هەندێکی تریش دەڵێن بە هۆش و ژیریو ژیانی مرۆڤایەتی پێکەنیوەو ئامانجی لە ژیان خۆش گوزەرانیو پارە کۆکردنەوە بووەو بەس ، بۆ ئەوەی خوێندەواران بە خۆیان هونەرمەندیو نووسینی موم تاقی کەنەوەو هەڵبسەنگێنن ئەم چیرۆکەی خوارەوەیان پێشکەش دەکەین .

❋ ● ❋

تیشکی خۆر بە شایەڕە ڕەنگاوڕەنگە جوانەکانی تازە گەردەنی هەڵدەکیشاو سەرەتاتکەی لەگەڵ لوتکەی شاخەکانو سەرو پۆپەی دارستانەکان دەکردو کەم کەم ڕووی زەمینی ڕووناك دەکردەوە، بۆنی چرۆی پشکوتوی دارە جۆربەجۆرەکانی « میزارکەی دلداران » و « باخی یەیکەران » گشت شەقامەکانی شارە بچکۆلانەکەی « ناپۆلی » پڕ کردبوو .. لەو کاتەدا | ولیام | بە خۆیو کۆمەڵە ڕۆژنامەکەوە گەیشتە بەر دەرگای قوتابخانەی « چیرو » . قوتابییەکانی ئەو قوتابخانەیە بە ووردو [illegible]ستیانەوە کەلو پەلی ڕەنگو جوان . لە سەر [illegible]نگی سوێی‌و دلفڕێن بە توندی ڕیز [illegible] . کەوتە دەریای بێ کەناری [illegible] بیرەوەرییەکانی چواردە ساڵەی تەمەنی !

هەتا باوکی نەچووبووە دەریاگەری ئەویش وەك ئەم قوتاییانە کەلوپەلی جوانی لەبەر دەکردو لەگەڵ منداڵە هاوڕێکانی بە شادیو سروود خوێندنەوە دەچوونە گەڕانو مەلەوانی . بەلام ئێستا ناچارە بۆ نان پەیداکردن ڕۆژ هەتا ئێوارە بۆ ڕۆژنامە فرۆشتن سەر شەقامو جێگا گشتییەکان بگوتێتەوە ! لە پاش ڕۆیشتنی باوکی ماوەیەکی زۆر داکی بە کارەکەریو خزمەت کردنی ئەمو ئەو و گوڵ فروشتن نانو خەرجی پەیدا دەکرد ، بەلام لەو کلۆلە ماندوویەتیو نەخۆشیو دەردو ئازارو خزمەت لە پای دەرهێناو ئێستا بە سەختی کاروباری ماڵی خۆیانی بێ ئەنجام دەدرێ، تۆماسی باوکیشی بەر لەوەی هەوەسی گەڕان لە سەری بدا بە فرۆشتنی نیگارو نەخشەی شارو دیمەنەکانی وولاتەکەی لە بەندەری ناپۆلی کە ڕێبازی دەولەمەندو پوولدارەکانی ڕۆژهەلاتو ڕۆژئاواییەکانە بە باشی نانو پێداویستەکانی خێزانی خۆی دەر دەهێنا ، ئێستاش ویلیام بە ساختی بە ڕۆژنامە فرۆشتن نانی نەمرو نەژینی خۆیان پەیدا دەکا بەڕاستی کارێکی سەختو بەئازارە. . بەیانیان زوو لە کاتێکدا بە قورسایی خۆی ڕۆژنامەو گۆڤار دەگرێتە باوەشییەوە ، دەنگە تیژە ناسکەکەی لە هەموو شەقامو یانەو شوێنە گشتییەکانو ناو کەشتییەکانی بەندەی ناپۆلی دەنگ ئەداتەوە ، دوو ساڵە کە لوپەلی تازەی بەبەر خۆیەوە نەدیوە ، ساڵێکەتەواویشە دەرمانی بۆ دایکی پێ ناکڕێ ، بە ناچاری بۆ پەیدا کردنی دەرمان هانا بەرێتە بەر دەرمانخانەی بێ‌ئەدایان ! ئەم بیرەوەریو خەیاڵانی دوورو درێژی بێ کوتاتییە ویلیامی بردبووە جیهانێکی تەلەسماوی دژوارەوە . لە ناکاو بینینی نووسراوێك کە ناوی باوکی تێدا بوو تەکانیدا . لەسەر پارچە قوماشێك نووسرابوو و لەسەر سەری قوتابییەکان بەرز کرابووەوە | بە گەڕانەوەی جیهان گەردی شادکەمان (توماس جیرو)ی قارەمان سەربلندو شادمانین | کەمێ کەمێ لە پێشەوە تاساو دەستە پاچە بوو . لە خۆشیان ڕۆژنامەکانی لە بیر کردو هەر لاپەڕەیەکی بەدەم ڕەشەباوە بۆ لایەك لوول دەدراو . پەڕ پەڕ دەبوو . ویلیامیش وەك باڵندەی باڵ سووك ڕیزەکانی ئەو هەموو خەڵکەی بەجێ دەهێشتو نەیدەزانی بۆ کوێ دەچێ . خەڵك بە ڕۆیشتنو چەپلەڕێزانو ئەو بەغاردان . ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی باو زریانی کوشندەی بێ ئەمان بوو . بەراوێژی نابۆلییان دەریا خوێنی دەویست . ئەو کەشتییەی تۆماسی هەلگرتبوو یەك کیلۆمەتری مابوو بە بەندەر بگات . لەو کاتەدا کە شەپۆلەکان هەنگامەیان ددکرد . ویلیام بێ سێو دوو لە پێش چاوی ئەو هەموو خەلکەی بۆ پێشوازی تازە گەیشتبوونە نزیك کەناری دەریاودو بە سەرسامییەوە تەماشای ئەو دیمەنە سامناکەیان دەکرد خۆی هاویشتە باوەشی ئەو شەپۆلانەی خوێنیان دەکرد!!کەس توانای ئەوەی نەبوو خۆی بە ئاودا داو ڕزگاری بکات . هەرچەندە ویلیام بە دەستو پاو بازووو سینە دەیویست بەرەو کەشتییەکە مل بنێ بەلام شەپۆلەکان تێکیان دەشکاندو وەك پارچە مقەبایەك جارێ دکەوتە ژێر ئاوەوەو جارێکی تر لەسەر پشتی شەپۆلەکان وەك پەڕە موچە دەچەرخا . .

ئەو خەلکەی بۆ پێشوازی هاتبوون هەموو شێواوو دەستە پارچەو سەرسام نەیان دەزانی چی بکەن ؟ لە میانی ئەو دیمەنە گیان بڕە کەشتییەکە بە توندوتیژی لە ویلیام نزیك بۆوەو گوریسی نەجاتیان بۆ شۆڕ کردەوە . .

لە ماندوویی یان زەبرو توندی شەپۆلەکان ویلیام بۆی نەدەکرا گۆریسەکە خۆی پێوە هەلبواسێ ، ئیتر تۆماسی باوکی خۆی بۆ نەگیراو لەسەر کەشتییەکەوە خۆی پەلار کردە خوارەوە . بە سیتە نیرو مەندەکەی شینە شەپۆلەکانی دڕیو هەتا بلێی یەكو دوو خۆی گەیاندەویلیام.باوكو کوڕ لەسەر باڵی شەپۆلەکان دەست لەملان بوون ... سەرۆکی شارەوانی ناپۆلی فرمێسکی شادی لە چاوەکانیدا وەك گەوهەر دەدرەوشایەوە ڕووی کردە خەلکەو ووتی : کامیان قارەمانن ؟!.

* * *

کە شیعرەکانی ژمارە «٦٠»ی «بەیان»م خوێندەوە

لەتیف هەڵمەت

کاك عبدالله قەرەداخی شاعیرێکی لاوەو لەو شاعیرانەیە کە لەسەر خۆ هەنگاو دەنێن‌ونایانەوێ بەزۆرەملێ هەنگاوی بلاو بنێن لە هەڵبەستی ـ چەند گۆرانی‌یەکی خەمبار بۆ ئامزەتیشکی نەناسراوـدا باسی چاوی ئافرەتە نەناسراوەکە دەکات‌و دەڵێ :

چاوەکانت دووکا ناوی فووڵی خەمن
باسی شەوی چاو ڕوانی وگومان ئەکەن

هەرچەندە لە شی ری کوردی و عارەبیدا ئەم چەشنە چواندنەی چاو زۆرە بەڵام قەرەداخی لاو زۆربە وردی گیانی بەبەر شەپۆلی ئاوی کانی یەکەدا کردوە و ... لەباتی ئەوەی بڵێ :

شەپۆلە کانی جو ... ی یەکە تاریك و پڕ لەگومانن دەڵی :

باسی شەوی چاوڕوانی و گومان ئەکەن

لە بەشێکی دبکەی هۆنراوەکەدا قەرەداخی دەربارەی چاوی ئافرەتە نەناسراوەی نەڵێ :

چاوەکانت دوو کۆتری باڵ سپین و
لە ئاسمانی شینی هەستما هەڵئەفڕن
بەرەو کۆختی زامەکانی هەژارەکان رەو ئەکەن‌و
لە ژانیانا ئەشنیێنەوە ..

ئەم بڕگەیە زۆر ئاڵۆزەو هەر چەند دەکەم بۆم لێک نادرێ ..

لە راستیدا چواندنی زامی هەژار بەکۆخت و کردنی بەهێلانەی جووتە کۆترێك لێچواندنێکی نابەجێ و ناسازە .. جگە لەوەش (شنە) لە شادی و خۆشی یەوە هەڵدە قوڵێ کەچی جووتە کۆترەکەی عبدالله لەناو زامی هەژاراندا دەشنێنەوە .

لە کۆپلەی دووەمدا خوا حافیزی لە خۆشەویستەکەی دەکات‌و دەڵێ :

بەرەو کۆشی نامۆیی‌و ئەشك ورد ورد ئەڕۆی
رێگا زەردی هەنگاوەکەت ئەخواتەوە ...

لە کۆتایی هۆنراوەکەشدا دەڵێ :

کین شێوەی دەریایەکی فراوانت پێ ئەبەخشێ لە راستی‌دا ئەوکەسەی بەرەو کۆشی نامۆیی‌و ئەشك بڕوا هەرگیز کپ نیە ... جا ئەگەر کانی (وەکو لەسەرەتای شیعرەکەدا وتوویەتی) :

« باسی شەوی چاوەڕوانی‌و گومان بکات »

دەبێ دەریایەکی فراوان چۆن کپ بێ ؟ ..

جگە لەوەشی پێویست‌ناکات کاك عبدالله بەم دێرە شیعرە کۆتایی هۆنراوەکەی بێنێ :



بیرەوەریت تەنیا بۆ خـــەم ئەبێتە چـاو چونکە لە ســـــەرەتاوە خوێنەر دەزانێ ئافرەتە نەناسراوەکەی قەرەداخی خەمبارو پەستە ئەوەتـا شاعیر لەسەرەتای شیعرەکەدا دەڵێ :

بەرەو کۆشـــــی نامۆیی‌و ئەشك ورد ورد ئەڕۆنی گومان لەوەدا نیە هەر کەســــێ بەرەو کۆشی نامۆیی‌و ئەشك هەنگاو بنێ هـــەر تەنهایەو خەمبارە ...

لــە برگــە... سێیەمدا هەست بەچڕی‌و خەســـــتو ...لی وێنەو گوزارەکان دەکەین‌و دەگەینە ئەو بۆ ...ونەی کە شاعیر لە دارشتن‌و بەکارهێنا... ...کردنی مۆســـــیقای ناوەوەو دە... ...دا وریایەو گەلێ ژیـریی بەکارهێناوە .

تۆش ئـەو دەنگەی

کە هێمنێت دژ بەمردن کردۆتە چەك بـەڵێ هێمنیش چەکە کورد دەمێکە وتوویانە (لە ناوی مەنگ بترسە) لە بـرگەی چوارەمدا توندو تۆڵی رستەکان خاو دەبێتەوە و لە هەندێ جێگەدا لــە بزنەی شیعر دەردەچێ‌و شاعیر لە نێوانی قـەی ئاسایی و شیعردا خول دەخوات :

لە کاتێکدا لە شەقامی بیرەوەریدا پیاسە ئەکەم
چیم لەدەس دێ جگەلەوەی دەســـتێ بەرم بۆ
دەرگای خەم

لە کۆتاییدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە کاك عبدالله لەم شیعرەدا کە لە ژمارە (٦٠ ســـالی ١٩٨٠) ی گۆڤاری بەیاندا بلاوی کردۆتەوە :

١ ـ بایەخی زۆری بە هەلبژاردنی وشەو توندو تۆلی رستەداوە .

٢ ـ ناوەرۆك ئالۆزو بچـڕ بچـڕە و مرۆڤ بۆی ناخرێتە چوارچێوەوە ...

٣ ـ بایەخی بە شـــێوەی زیاترداوە وەك لــە ناوەرۆك وابزانم لەوکارەشدا لـە بیرو ڕای ئەو شاعیرە فەرەنسایی‌یە نزیك دەبێتەوە کە وتوویەتی : (من دێرە شـــیعرێکی توندو تۆڵ‌و پڕ لە مۆسیقاو بێ ماناو گوزارەم لـە دێرە شیعرێکی بێ مۆســـیقاو پڕ لە ماناو گوزارەم پێ خۆشترە) .

★

لە هۆنراوەی ـ ئەوین ـ ی کاك عوســـمان شەیدادا کە پێشکەشی نووسەر و شـــــاعیری عێراقی ـ حســـین مردان ـ ی کردووە ... من هیچ پەیوەندیەك لەنێوانی شیعرەکەو حوســـین مەرداندا بەدی ناکەم ... ســـــــەرجەمی

هۆنراوەکە هەر باسی خودی شاعیر خۆیەتیو هیچ پەیوەندی یەکی بە حوسێن مەردانو ژیانی کۆمەڵایەتی یا ڕامیاری یا ئەدەبی یا دەروونی ئەوەوە نیە .. کە شاعیرێك شیعرێکی خۆی پێشکەش بەیەکێك دەکا دەبێ چمکێك لە ژیانی یا لەبیری یا لە باوەڕی ئەو کەسە لە شیعرەکەدا ڕەنگ بداتەوە ... شتێکی سەیرە ئەم شیعر پێشکەش کردنە لەلای ئێمە بوە بەباو و خوو هەندێ کەس بە مەزهەری خالقی و هەندێ کەس حەمەی مامڵێو هەندێ کەس بەهێمنو هتد ! پێشکەشی دەکەن ...

کەچی کە ئەو شیعرانە دەخوێنینەوە هیچ پەیوەندی یەکیان بەو کەسانەو بیرو باوەڕی ئەوکەسانەوە نیە !

شیعرەکەی کاك شەیدا لە پێنج کۆپلەدا داڕێژراوە سەرجەمی شیعرەکە زمانێکی توندو تۆڵو کوردی یەکی ڕەوانو قووڵو ئاسانی هەیە :

کچی دەریا
هۆ کچەکەی خۆر و بەهار
ئاسمان گریا خۆت نیشاندە
کە خۆر سووتا تۆ دەرکەوە
هەرکاتێ بەهار بەسەرچوو
کراسی سەوز لە بەرکە

★

لە کۆپلەی یەکەمدا باسی باران بارین دەکاو دەڵێ :

نم نم باران
شەقام ... مرۆڤ
ئۆتۆبیسەکان تەڕ دەکان

سەرەتا نازانم بۆ لەباتی - ئۆتۆمبێل ... ترمبێل ... ئۆتۆمۆبێل ... وشەی (ئۆتۆبیست)ی بەکار هێناوە من بەشی بەحاڵی خۆم زۆر سەفەر دەکەمو لە هیچ گەراجێکدا ئەم بینیوە و گوێم لێ نەبوە کوردێك بڵێ -ئۆتۆبیست- ئەنجا لە سەر شیعرەکە دەڕواتو دەڵێ :

دڵۆپێکی ئەشکی سووری چاوی ئاسمان
ئەکەوێتە سەر شەکرە سێوەکەی گۆنات

چەند حەز ئەکەم لێوێك بهو ئەو دڵۆپە بخۆمەوە

ناوەرۆکی شیعرەکە زۆر ئاسایی‌یەو لەو جۆرە ناوەرۆکە لای گەلێ شاعیری کوردی پێش شەیدا هەن زۆر شاعیری کورد گۆنای یارەکەی بەشەکرە سێو چواندوەو حەزی کردوە ئارەقەی سەر گۆنای بمژێ ئەم حەزەی شەیدای شاعیر کۆنەو نەیتوانیوە بەشێوەیەکی تازە دەری بڕێ ...

لە کۆپلەی دووەمدا ناوەرۆك ئاڵۆزاوە و شاعیر زیاتر هەر بایەخی بە ئارایشتکردنی دەرەوەی شیعرەکەو مۆسیقای وشەکان داوەو خۆزگەکەی پڕووکاوە :

خۆزگە لە نێوانی خواو فۆزی تۆدا
لە هەوادا دەتوامەوە
دەهاتمە ناو تاڵی زەردی کەزیەتەوە
کچەکەی خۆر

لە فۆلکلۆری کوردیدا گەلێ خۆزگەی لەمەی شاعیر جوانترو قەشەنگتر هەیە کە شاعیر دەیتوانی کەڵکیان [illegible] وەربگر[illegible] بۆ نموونە :

خۆزگەم بە گ[illegible]
جارجار ئەکەوی[illegible]ی ڕانی
خۆزگەم بەوکەسەی دراوسێتانە
بەشەو و بەڕۆژ چاوی لێتانە

★

لە کۆپلەی سێیەمدا هەست بە توندو تۆڵی وشەو ڕەوانی ڕستەو یاداوی زمانو ڕێكوپێکی‌ی مۆسیقا دەکەین بەڵام ناوەرۆك ئاڵۆزەو تەماوی‌یە :

تۆش بەکراسی زۆر تەنکی ڕەنگ سەوزەوە دەرمەکەوە
بەهار عیشق و خۆشەویستی‌یە بۆ گیانم
نەباگری حەزو عیشقو خۆشەویستی
شەونمەکەی ناو گیای سەوزی بەهارە کەم
کوتی زیوبی بۆ ڕۆحی خاوێنی ئازار
کچی بەهار

ڕام دەربارەی کۆپلەی چوارەمیش هەمان ڕایە دەربارەی کۆپلەی سێیەم ... کۆپلەی پێنجەمیش هەربەو جۆرە ...

لە کۆتایی‌دا کاکڵەی سەرنجەکانم دەربارەی هۆنراوەکەی شەیدا ئەمانەن :

١ - هۆنراوەکە پەیوەندی بەپێشکەش کردنی‌یەوە بە حوسێن مەردان نیە .
٢ - زمانو داڕشتنو مۆسیقای دەرەوەو ناوەوەی توندو تۆڵە .
٣ - ناوەرۆکی هەموو کۆپلەکان زۆر وتراون شاعیر نەیتوانیوە لە چوار چێوەیەکی تازەدا دەریان بڕێ ...
٤ - هەمان شیعر لە ژمارە - ٤٣٤ - ڕۆژنامەی هاوکاری‌دا لە ڕۆژی دووشەمەی ٢٤-٧-١٩٧٨ بڵاوکراوەتەوە ... ؟

★

هۆنراوەکەی - ئەزی - بە بڕوای ئێوە من

کێم – بە بڕوای من لەدێڕی یەکەمەوە کەدەڵێ :

لەدەلاقەی گلێنەما شەپۆلی پرچی یادی تۆ

هەتاوەکو دەڵێ :

هەرچی سوپای تاریکی‌یە بەیەکدا دێ

زیادەیەو ئەگــەر هــەبێ‌و نەبێ هیچ لـــە هۆنراوە کە ناگۆڕێ [illegible]. هۆنراوەکە ڕێك‌و پێکەو لەوێوە کە باسمان‌کرد پڕ لە مۆســیقاو مانایـــەو ئەو دەگەیەتی کە شا[illegible]ر دەسەڵاتی تەواوی بەسەر وێنەو ئاوازو دارشـ[illegible]دا هەیە بۆ نموونە :

منیش [illegible]ی هەنسکی خۆم ناوە بەسنگی
ش[illegible]ی شمویکی وەك هەموو
شە[illegible] ئەم ڕەشایی‌یە .. ئــەم
تارمایی و تاریکی‌یە لە ڕووی ڕێــگاکانــا
برنم ...

ئەژی لە دێری یەکەمی ئەم کۆپلەیەدا گیانی بەبەر هەنسکدا کردووەو کردوویەتی بە مرۆڤێك‌و سەری خستۆتە سەر سینگی شیعر ... بەتاریکی ڕێگاکاندا؟ دەڕواو ڕەشـــایی‌و تارمایی دەڕنێ ... تاریکی زۆر جوانە مرۆڤ لە ناخەوە قسەی وابکاو لە پێناوی مرۆڤایەتیدا خۆی بەخت کاو بکەوێتـــە ڕنینی تـاریکایی‌و تـارمـــایی ڕێگاکـــان کە وەك قولەیبانی دەستیان لە بیناقاقای مرۆڤایـــەتی ئاڵاندوە ... ناظم حیکمەت وتەنی :

گــەر من نەســووتێم وتۆنە ســـووتێی
ئیتر کێ تاریکایی ڕێگاکان ڕابماڵێ ... ؟

پاڵەوان ئازایەو گەلێ جار مەحاڵ جێ بەجێ دەکات ... لە شانامەی فیردەوسیدا ڕوستەمی زاڵ پاڵەوانێـکە بـاڵـدارو ناڵدارو دێوو درنجو قارەمانانی سەرانـــەری زەوی سڵی لێ دەکـەن‌و لە ناو هێنانی دەترســـــــــن ... لە چیرۆکی – کلۆلەکان – ی فیکتۆر هیگو – شدا – جـــان خال جان – ی پاڵەوانی چیرۆکەکە هیچ کۆسپێك ورەی پێ بەرنارا ... هەروەها لە ئۆپەرێتی گوڵی خوێناوی گۆرانیشدا پاڵەوان دڵدارێکە لە پێناوی دڵخوازەکەیدا خۆی بەکوشت دەدات ... کەچی پاڵەوان لە لای ئەژی شتێکی ترەو ڕوویەکی تـرو دەورێکی تری هـەیـە باگوێ بگرین بزانین ئەژی چی دەڵێ :

لە جیهانی سێ هەمینا پاڵەوانی سەردەمێکم
بەسەر تاریکیا ئەگریم
بەسەر سنگی شیعرا ئەگریم

لە کۆتاییدا ســـــــەرنجم دەربارەی ئەم هۆنراوەیەی ئەژی ئەمەیە :

١ – ئەو چەند دێرەی کەلە سەرەوە باســم کرد بە زۆر لکێنراوە بەشیعرەکەوە ..

٢ – مۆســـیقاو ئاوازو دارشتن‌و وێنــــە لـــە شیعرەکەدا ڕێك‌و پێکن ..

٣ – پاڵەوانی شیعرەکە ترســــــــنۆکەو لە هیچ سووچێکی ئەم سەردەمەی جیهانی سێیەمدا جێی نابێتەوە ...

٤ – شــــیعرەکە بە هیچ جۆرێك پەیوەندی بــە – بالونا – ی کچە پاڵەوانی ڕۆمانەکەی ئەم دواییەی – ڕوجیە گارۆدی – یەوە نیە کە ئەژی پێشکەشی کردوە ...

★

شـــــــیعری – بەیانیەك – ی محمد ئەمین پێنجوێنی شیعرێکی ســــادەیەو تاقیکردنەوەیەکی تایبەتی شاعیر خۆیەتی ... دارشتنی شـیعرەکە ڕێکەو زمانێکی ڕەوان‌و بێ گرێ‌و گرتکی هەیە بەڵام کاکڵەی شیعرەکە ئاڵۆزەو من لێی تێناگەم ... شاعیر باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە بەیانی یەکی لێ بووە بەشەوی تاریك و ژیانی پڕ لە کێشەو ئازار و ناخۆشی کردووە و هاوڕێ کانی دوێنێی هەموو پێی پێ‌دەکەنن ... بەڵام ئێمە نازانین ئەو بەیانە چۆن بووە بەشــــــــەوو بۆچی هاوڕێکانی پێی پێدەکەنن‌و شاعیریش نەکەم‌و نە زۆر هیچی لــەو بارەیەوە دەرنە بڕیوە :

لە ناو کەشتی گریان‌و پێکەنینا
بەناو دەریای ماتەم و تەمی ژینا
ملم نــاوە
چوار دەورم لێ گیراوە
دۆستی دوێنێ هاوڕێی گیانی بە گیانیم
پێ ئەکەنێ بە ویژدانی ژیانیم ...

لە کۆتایی سەرنجم دەربارەی ئەم شیعرەی شاعیری پێنجوێنی ئەمانەن :

١ – زمانێکی ڕوون‌و بێ‌گرێی هەیە ئەگــــــەر شاعیر لە تاقیکردنەوەدا خۆی قاڵ کــــات دەتوانێ بەم زمانە بەرهەمی جوان‌و پوختەو سەرنج ڕاکێش بنووسێ ...

٢ – ناوەڕۆکی شـــیعرەکـــە تاقیکردنەوەیەکی تایبەتی‌یەو زۆر ئاڵۆزەو خوێنەر هیچی لێ هەڵنا کرێنێ ...

٣ – مۆسیقاو دارشتن‌و زمانی شـــــــیعرەکـە (ئەگەر هەڵە چاپی یەکانی) چاك‌کەینـەوە ڕێك‌و پێك‌و بەجێ‌یە ... !

ئیتر هیوا دارم لەکەم‌و کووڕی یەکانی منیش ببوورن‌و ئەگەر لە لایەنێکی ســــــــەرنجەکانمدا بەهەڵەدا چووبم گلەییم لێ‌نەکەن ...

قافیە لە پرچی ئەو کچەوەدا

پێشەکی :

جارێك نووسەری عەرەب « رضون الشهال » لە « البابا »ی خۆشنووسی پرسی : ئەگەر ویستت دێرە شیعرێکی نایاب بنووسی بە کام شێوەی دەنووسی ؟ لەوەلامدا ووتی : بە خەتی فارسی . نووسەری ناو براو وەلامەکەی زۆر بەدڵ بوو ، چونکە دەیزانی خەتی فارسی لە وەکانی تر جیاترەو ئیقاعاتی مۆسیقی زۆرترەو دڵکێش ترە . لێرەدا لە هێنانەوەی ئەم نموونەیە مەبەستم ئەوەیە کە یەکێ دەستی بۆ بابەتێ برد دەبێ بزانێ چۆنو بە چ جۆر ئەرکەکەی بە پوختیو رێکوپێکی مەیسەر دەکا نەك هەر چۆنێ بوو پێکی بێنێو خۆشی نەزانێ چ دەکاو چی کردووە . لێرەدا دەمەوێ چەند خاڵێك روون کەمەوە ئەو جا بێمە سەر نووسینەکەی ئازاد ، کە بە ناوی « قافیە لە پرچی ئەو کچە ... »دا بڵاوکراوەتەوە .

بەرلە هەموو شتێك کە ناوی قافیە دێنین ، دەبێ ئەوەمان لە بیر نەچێ کە لە تەك قافیەوە « کێش » یش لەنگەری خۆی رادەگرێ کە لە قافیە دەدوێین نابێ « کێش » فەرامۆش کەین . ئەو بەو پێیەی کە « هۆنراوە قسەی کێشدداری سەروادار »ە . ئەگەر چی ئەو پێناسینە لایەنی « نظم » دەگرێتەوەو بۆچوونێکی کلاسییە . هەربۆیەش لەدوایدا « منبعث من العاطفه ــ لە سۆزەوە هەڵقوڵاوە » یان بۆ زیادکردووە . بەڵام ئەوە وا ناگەێنێ کە لە هۆنراوەی نوێدا نابێ ئەوەندە بایەخ بە کێش وقافیە بدەین . هەرچەندە هۆنراوەی نوێ یاخود سەربەست (حر) وەك هۆنراوەی کلاسیی کۆن ئەوەندە خۆی بە قافیەو کێشی تایبەتی نابەستێتەوە چونکە کێش وقافیە تارادەیەکی زۆر هۆنراوە دەبەستێتەوەو شاعیر ناچار دەکا کە بیرەکەی بە قوربانی قافیەو کێشەکە بکا ، بۆیە هەڵسەنگاندنی هۆنراوە لە چوار چێوەی کێش وقافیەدا جارێ لە پێشەوە سەبارەت بە هۆنراوەی نوێوە لە گەڵ رووتی بەر بڵاوی ناگونجێ ، چونکە هۆنراوەی نوێ لە جەوهەردا شۆرشێکە بەرووی کۆتو پێوەندی قافیە وکێشی تایبەتی ، جگە لە وەی لە رۆژگارێکی وەکو ئەمرۆدا ئەم جۆرە رەخنانە دەچنە باڵ رەخنەی بە پرتی « النقد الجزئی » کە لە بنچینەدا پەیوەندی بە شیعری کلاسییەوە هەیە [illegible] بە تایبەتی شیعری عەرەبی کە مل کەچی « قا[illegible]ەو عەروض »ی تایبەتی یە بۆیە سەرناوی

نووسینەکەی ئازاد دەب[illegible] (کێشو قافیە) بوایە ، نەك تەنیا قافی[illegible] ، لە لایەکی ترەوە لەکێشو قافیە دو[illegible]ی چۆنیەتی رێکی وناڕێکی قافیەکەو کێ[illegible] گیروناخوات ، بەڵکو دەبێ رەخنەگر لە کۆمەڵێك شت بدوێ کە لە نوو سینێکی ئاوادا ئەو ماوەیەمان نیە کە بە دوورو درێژی لێوەیان بدوێین . هەر لە سەرەتاوەش مەسەلەی هەڵسەنگاندنی هۆنراوەی شاعیری ئەمرۆ بە شێوەیەکی خەستو قووڵو لە روانگەی قافیە شتێکی ناڕێکەو لە جێی خۆی نیە، چونکە مەسەلەکە زیاتر پەیوەندی بە «عەروض»ەوە هەیە ، کە هۆنراوەکانی (لەتیف هەڵمەت) یش پەیرەوی « دەریاکانی خەلیلی فەراهیدی » ناکەن ، بەڵام سەرەرای ئەوەش ناچار دەبین هەر چەند بەکورتیش بێ بچینە ناو باسەکەوەو هەندێ خاڵی ئەم بابەتە دەس نیشان بکەین کەرەخنەگر هەر بوشی نەچووە :

بەر لە هەموو شتێك مەسەلەی هاو رەگەزی یا خوذ بڵێین گونجان لە نێوان « ووشەو گوزارە» مەسەلەیەکی گرنگە دەبێ تا رادەیەکی زۆر قافیەکە لە گەڵ ماناکەدا بگونجێ ، واتا مانای دێرە شیعرەکە یا سەرجەمی هۆنراوەکە : لێرەدا قافیە کەتەنیا بە مەبەستی ئاوازی مۆسیقای ووشەکە بەکار ناهێنرێ ، بەڵکو زیاتر بۆ تەواوکردنی ماناکە یاوێنە شیعری یەکە دێتە کایەوە . زۆر جار شاعیرانی کۆن بە مەبەستی سازکردنی جۆرە ئاوازێکی مۆسیقا ، هەندێ قافیەیان بە کار دەهێنا کە لە کۆتایی دێری شیعرەکانیاندا هاو ئاوازێکیان پێك دەهێناو گوێگریان بۆ مۆسیقای پیتەکانی دوایی راکێش دەکردو دڵیان دەسرەواندن . خەڵکیش حەزیان لەوە دەکرد کە لە قافیەکاندا رەگەزی دەنگی لەیەك چوو زۆر بە کار بێنن ، لە باتی وەی شاعیر دەنگێك بە کار بێنێ ودووپاتی بکاتەوە . دەبوایە دوو دەنگ یا زیاتر بە کاربێنێ بۆ ئەوەی مۆسیقاکە بە جۆشو خرۆش تر بێ وابزانم ئەم

کام بۆچوونی رەخنەگرانە

• کەمال غەمبار •



جۆره داوا لێ کردنەش وای لە شاعیر دەکرد لە سروشتی شیعر دەرچێ‌و مل بداتە بە کار هێنانی قافیەی ناسازو دەستکرد ، ئەم جۆره کارەش بە خەوشێکی گەوره دادەنرێ‌و لە فەرهەنگی قافیەدا جێگەی نابێتەوە « هەر چەند کاك ئازاد خۆی حەز لە بەکار هێنانی زیاتر لە دەنگێك دەکا [illegible] ...یوه دەکەین »چونکە قافیە دەبێ [illegible] جۆرە عەفەو یەتێکی تیا هەبێ .

کە لە قافیە دەدوێن دەبێ حیسابی ئەوە بۆ شاعیر بکەین کە هیچ راستنیە ، بێ بە لگەو پێویست کردن قافیە دووپات کاتەوە لە کاتێکا دووباره کردنەوەکە وەك (تآکید) کرد نێك نەبێ ، بەلکو تێ ئاخنین وپڕ کردنەوە بێ ، چونکە دووباره کردنەوەی قافیە بێ پێویستی کردن دیسانەوە خەوشێکی ترەو کەم‌و کووری‌و بێ دەسەلاتی شاعیر دەر دەخات .

هەروەها ئەو قافیانەی مانایەکی تازە لە بەر هۆنراوەکە یا دێره شیعره کە ناکەن ، جێگەی رەخنە لێ گرتن‌و پەسندنە کردنە ، ئەو قافیانەی ناچنە دڵەوەو گوێ وەریان ناگرێ ، یا پیتی قورس‌و ویشکیان تێدایە عەیبێکی گەوره دەخەنە سەر رەوتی هۆنراوە ، هەر ئەوەش وادەکات هەندێ یەك دەبن‌و دەنگەکە دەشێوێنن بۆ نموونە زۆر جار پیتی « ز » دەبێتە « س » یا « دال » دەبێ بە « گ » یا کە بە دوای‌نوونەوە دێ دەقرتێزی . بۆیە دەبێ شاعیر رەچاوی ئەو جۆره پیتانە بکاو تا پێی دەکرێ لێیوەیان دوورکەوێتەوە .

هەندێ جار نەك تەنیا مانای ووشەکە رووی ووشەکە ناشیرین دەکا ، بەلکو ڕووناني وجۆری ئەو پیتانەی کەلێ‌ی پێك هاتوون کارێکی گەوره دەکەنە سەر سروشتی ووشەکە ئەگەرچی شاعیر بۆی هەبە بە پێی پێویست هەندێ ووشە دارێژێ‌و بیکا بە قافیە .

کە سەرنج دەدەینە قافیە دەبێ سەیری پاش وپێشی بکەین بۆ ئەوەی بزانین تا چ رادەیەك پەیوەندی بە ماناو وێنەکانی پێش خۆی‌و دوایی‌یەوە هەیە ، ئایا ووشەی قافیەکە هەر لە خۆیەوە هاتووە یا پەیوەندی‌یەکی دیا دیالێکتیکی لە گەڵ ماناکەوە هەیە یا خود نا ؟

ئەگەر دوێنێ داوا لە شاعیر دەکرا بایەخ بە هونەری ووردەکاری ووشەو مانا بدا ، وەك بەکار هێنانی هونەری « بدیع » لە بابەتی جناس وطباق‌و توریە وحسن التعلیل وهی تر ئەمرۆ ئارایش کردنی هۆ نراوە بەو جۆره بابەتانە بە کارێکی دەستکرد دەدرێتە قەڵەم ، بۆیە تا رادەیەك ناتوانین شاعیری ئەمرۆ بخەینە سەر محەکی ئەو جۆره رەخنە بەپرتی‌یەی گوایە کێش‌و قافیە بە رەگەزێکی بنچینەیی‌و سەرەکی هۆنراوە دادەنێ . من لە گەڵ ئیقاعاتی شیعرم . بە تایبەتی ئیقاعاتی ناوەوە ، بەلام ناشمەوێ شاعیر بە تەواوەتی قافیەو کێش پێشیل کات‌و ناشمەوێ دیمەن‌و وێنەی جوان جوانیش بە قوربانی کێش‌و قافیە کات .

جا با بێینەوە سەر نووسینەکەی ئازاد تابزانین بەچ نیازێکەوە هاتووەو دەیەوێ هۆنراوە کانی (ئەو کچە رەشماڵی گەرمیان وکوێستا نمە) تەتەڵە کاو هەر بە تەنیا لە ڕوانگەی قافیە وە هۆنراوە کان رەت کاتەوە و سەر جەمی کۆمەڵە شیعره کە فت کات ؟؟

هەربۆیەش چاوەکانی کردۆتە دەچاوو بە پرۆجێکتەر لەو قافیانە گەڕاوە گوایە بەزۆره ملی خراونەتە دێڕەکانەوە ، خوێنەر زۆر چاك هەست بەوە دەکا کە هەندێ شتی لە نووسینە کەی دەربڕیووە کەلا باس‌و پەیوەندی یان بە سەرناوی نووسینە کەوەنیە ، ئەوەتا جارێ لەچوار بەشی ◄

ووتارەکەی بە شێکی زیاتری بۆ کۆمەڵە هۆنراوەکانی تری تەرخان کردووە وەك کۆمەڵەی « خوار شارە بچکۆلەکەمان » و « ئامادەبو ون بــۆ بەدایکبوونێکیتر » ئەمەش بە مەبەستی ئــەوەی کەهەڵمەتی « پرچی ئەو کچە » هەڵمەتی دوو کۆمەڵە هۆنراوەکەی یەکەم ودووەم نیە ئەوەتا دەڵێ :

« کە کاك لەتیف ڕوو دەکاتە ساکاری لــە نووسیندا . نازانم بۆچی ئەم ساکار یە ســەری ئیقاعی شیعر بخوا ؟! با بڕواکردن بە ڕوو کردنــە (سەروا) بۆ بێتە هۆی هــەڵبزرکاندنی ڕووی شیعرە کانی ؟ » .

من لێرەدا تەنیا ئەوەندە دەڵێم ئەو پێشەکیە تەنیا هەر بۆ ئەوەیە کەئەوە بسەلمێنێ گوایە لەتیف هەڵمەت ئەمڕۆ شاعیر نیەو لە شاعیر یەتی پێشوو کەوتووە بۆتە شاعیرێکی ملکەچی قافیەی دەست کرد . من نا مەوێ لەم ڕووەوە بەر پەرچی ئەو ڕایە وبۆچوونە بدەمەوە ، چونکە ئەوە جاری یەکەم ودووەم نیە (ئازاد) ئەو جۆرە ڕایانــــە دووپات دەکاتەوەو لە کاتی خۆشــــیدا من ونوو سەرانی تر ڕووبەڕووی نووسینە کانی بووینە تەوە وڕای تایبەتی خۆمان دەربڕیوە . لە ناو کۆمەڵێك هۆنراوەی (پرچی ئەوکچە)دا بیست نموونــەی هێنا وەتەوە کە (لەتیف هــــەڵمەت) ڕووی شیعرەکانی هەڵبزرکاندوە .

واڵە خوارەوە یەك یەك لێیان دە دوێن :

✱ چۆلەکەی وەرزی ئەوین

لەناو ماخی پرچەکەتدا هە لدەفرین .

خەوم بینی من منال بووم تۆش هەنگوین .

دەڵێ : « ئەم دێرەی دوایی زێدەیەو هیـــچ پەیوەند یەکی بەدێرەکانی سەرەوە نیە چونکە (هەڵفرین) و (هەنگوین) ناچنە ژێــــر خیوەتی مانایەکەوە پێکە وەیان کۆ بکاتەوە لەدوایدا دەڵێ: « ئەگەر مانایەکە شی بکەیاندبایە » ئەوە ووشەی (هەنگوین) لە سێ پیتە کەی دوایی (و ی ن) لەگەڵ (هەڵفرین) واتە ، لەگەڵ (ر ، ی ، ن) نە دەگونجا » ..

بەڵای ئارادەوە دێری دوایی هیچ پەیوەندی یەکی بە دوو دێرە کەی پێشەوە نیە ، بەڵگە چیە لێرە کە پەیوەندی نیە ، تەنیا هەر بەقــەو بەس، ئەو جۆرە حوکمدانە پێی دە وترێ رەخنــــەی بەئارەزوو حوکمە لەسەردان (النقد الحکمی) کەنا چێتە ناو فەرهەنگی رەخنەوە بۆ ڕوون کردنەوەی مانای ئەو پارچە هۆنراوە دەڵیی ، چۆلەکــەی وەرزی دڵداری بە ئارەزووی خۆیان لەنا وپرچی کچەکەدا باڵە فرکێ یانە . چۆلەکەش بــــەلای شاعیرەوە رەمزی سەربەستی یەو . سەربەستە . هەروەها منالیش بەرەللایە بۆی هەیە هــەندێ کردەوەو جووڵانەوەی وابکات کە لێ پرسینەوەی تێدا نەبێو سەربەستی پێ درابێ . بۆیە شاعیر خەوی بینیوە کە منال بووە . منالە کەش حەزی لەهەنگوینەوە. کیژولە کە‌ش بە لای ئەوەوە هەنگوینە وەك چۆن پرچەکەی بۆ چۆلەکەیخۆشەویستی بۆتە لقوپۆپێ دار ولانە، خۆشی بۆتە منال بــۆ خواردن ولێستنەوەی ئەوەکە کەهەنگوینە ئەمە لەڕووی

ماناوە لەڕووی [illegible]ەوە وەك قافیە ، نازانم بۆدەبێ هەڵفرین (ر ، ی ، ن) لەگــەڵ هەنگوین (و ، ی ، ن) نە گونجێ ، لێرە مۆسیقای گوێ بەیا شی کردنەوە ڕێزمانە ، ڕاستە ((هەنگوین)) و ((ئەوین)) مۆسیقاکەیان خۆشترو گونجاوترە ، بەڵام بۆ قافیە دوو پیتی وەکو یەك بەسە وەکـو شەرمین وبەفرین (م ، ی ، ن)و (ر ، ی ، ن) .

✱ ماچی ئاگر

ماچی شەکر

دەڵێ : لە هێنانی دوو ووشەی « ئاگر » و « شەکر » بە مەبەستی سەروا هەڵەیە .. ئەم دوو ووشە ناکەونە بەر یەك تەزازووی مۆسیقا » . جارێ « گر » و « کر » تەنیا دوو پیت نــــین هەردووکیان وەستاو (ساکن) بن بەلکو لەنیوانیاندا بزوتنەوە یەکی بە ئاستەم هەیە کە لە ڕێنووسی لاتینی دەردەکەوێ کەپیتی «i» یەولە نووسینو خوێند نەوەی پیتی لاتینی هەســـتی پێ دەکەی وبەرچاوە ، بۆیە ئاگرو شەکرو لەگەڵ یەکدادە گونجێن ورەخنەکە لە شوێنی خۆیدا نیە .

✱ نە چاو شکێن دەکرام بەلیس

نە پەلوپۆم دەبە سترایەوە بە گوریس

گوایە (لیس) و (گوریس) بە قــەی ئازاد بۆئەوە بەکار هاتوون ، بەلکە ئاهێك لە شیعرە کە دەگەرێ و سرنجی خوێنەر ڕابکێشی بۆ گونجاندنی ووشەی (لیس) بەگوریس بەڵام دێری یەکەم (۸) بڕگەیەو هی دووەمیش (۱۲) بڕگەیە ..

مەسەلە سەرنج کێشانی خوێنەرنیە ، بەلکو شاعیر دەیەوێ ئەوەمان بۆ دەر خــا کەنەبەلێدان دەیان توانی چاوی بشکێنی کوڵی پێ بدەن ونــە دەشیا نتوانی دەستو پێی بەپەت ببەستنەوە ، چونکە بە ڕوویان دە تەقی یەوە وبە هیچ جۆر خۆی نە دەدا بە دەستەوە .

مه سەلەی ٨ بڕگەو ١٢ بڕ گەش لـــە شیعری نوێدا .

هۆنراوە کانی لەتیف هەلمەت وەکو لەپێشەوە ووتم لەسەر کێشی عەروضی عەرەبی نین تاحیسا بی تەفصیلاتیان بۆ بکەین . یامە ئەوی یەکی تەواو بن حیسابی پەنجە یان بۆ بکەین .. شاعیر بۆی هەیە . چەند بڕگە یەکی جیاواز لە هۆنراوەیەکدا بە کاربینی بەلام بە جۆری ئاگای لەئیقاع بێ .

● **لە تۆی پەنجەرە[illegible]کەوە ئەخزامە نـاو ماڵێکی شارەکەم**
زەنگوڵ[illegible] ناو دەمی یارەکــەم
دیسانە[illegible]ەنگبێ دوو ووشـــەی (شارەکەم) و (یارەکەم)ی دانابێ ئەوجـا دوو نیوە دێڕەکانی پێشتری تەواو کردبێ .

وابزانم ئەگەر لەتیف هەلمەت وەك ئـازاد دەیەوێ بەسەری بسـەپێنی قافیە ریزکاتو ئەو جا ڕستەکان داڕێژێ توانای ئەوە شی هـەیـە کەبتوانێ دێڕ دێڕ بە پەنجە تەرازووی کێشەکـە شـــیان ڕاگرێ ، بەلام عەفەویە تەکە وای لێ کردووە کە ئەوی بە مێشکیا دێت بێ پێدا چوونەوە بیخاتە سەرکاغەز ، بەپێچەوانەی ووردە کـاری کردنی هەندێ شاعیرو دەستکاری کردنێکی زۆری هۆنراوەکانیان ئازاد لەمەش زیاتر رەخنە لەمانای دوو دێڕەکە دەگرێو گالتەی پێ دێ « خزیـن » بۆ ناو پەنجەرەی ماڵێکی شـــــارەکەم ، زیاتر فریشتە بە بیر پیاو دەهێنێتەوە بە کارە هـەللا ، دوایی کە فریشتە فڕیبە ناو ماڵێکی شارەکەوە ، ئەوە چ سڕیکە زەنگوڵ زەنگوڵ بتکێتە نـاو دەمی یارەکەی » ..

زۆر سەیرە لەلایێ ئازاد هەندێ لەو نموونانەی دەیانخاتە بەر چاو بەقسەی ئاساییو بێ مانایـان دەزانی ، لەلایەکی تریشەوە ئەگەر شاعیر بەخەیاڵ بێ بەفریشتەو لەتۆی پەنجەرەوە بخزێتە نـاو ماڵێکـــەوە زەنگوڵ زەنـگوڵ بتکێتـــە ناو دەمی یارەکـەیـــەوە ، ئەو بۆ چوونە خەیاڵاوییە دەبێ جێگەی گاڵتەو سەیر پێ هاتنی ئازاد بێ ئەگـــەر ئێمە بەپێی ئەو بۆ چوونەی ئـەو وێنـانەی کـە شاعیر دەیانکێشی هۆنراوە هەڵـەنگێنین ، دەبێ هەموو هونەرێکی ڕەوابنێژی وەك « مەجـــازاتی زمانەوانی » کەماکی ئەدەبە بخەینە ژێر پێ ... ئەمە لە لایێ ، لە لایەکی تریشەوە کە خۆی دەخاتە ناو ناکۆکی قسەکانیو هەندێ ڕای سەیر سـەیر بەرامبەر ئەو نموونانەی کە گوایە جێی ڕەخنـەو ڕەت کردنە وەن دەردەبڕێ .

● **دای لە شووشەی پەنجەرەکەم هەلمی سان :**
ـــ من هەڵبەستە نوێکەت دەبەم بۆ چاو جوان

« ئەم دێڕە سەروا دارە بەهیچ حیســـابان ناکەوێتە ڕیزی شیعرەوە .. ئەئیقاعی تیدایـە ، ئەدارشتنی گۆکەو ئەهەســـــــتو هەڵچوونی شاعیرانەی تێدا دەبینم ... » جارێ لە پێشەوە ئەوە دەڵێم کە ئیقاعەکـە تەواوەو کێشی هـــەر دێڕەی ١٢ بڕگەیەو لەنگیو وەستانی تیا نیە لــــە ڕووی مانا شەوە جۆرە پەیوەندییـەکی وێژدانی هەیە لەنێوان شاعیرو ئەو گیان لەبەرەی هـاتووە هۆنراوە نوێ یەکەی ببا بۆ یار ، دیارە زانیوەتی شاعیر هۆنراوەیەکی نوێی دارشتووەو کەس نیە بیگەیێنێتە چاو جوان ، ئەم ئیشـــــەی بە خۆی سپار دووە .

● **ئەی پەلە هەورە دوورەکە ... بشـکێنە**
تینوێتی لێڵم
ئەی دارەکـــــە وەرە بۆ لام خۆت بدەرە
بەرشەستە بارانی وێڵم
وەرە بۆلام خـۆ مـن نـە پـاچـم نەبێڵم

« تینوێتی لێڵ) لەئارا دانیە چونکە تینوێتی لێو بۆاپی لێ نابێتەوە » . لێرەدا ئازاد دەیەوێ ڵێ تینوویەتی تەنیا یــەك جۆرەو بەس ئەویش تینوویەتی . بەلای منەو تینوویـــەتی لەیەك رادە ناوەستێ .

لێڵیش مانای ئەوە نیە کە تاریکەو چیتر نا ، مانای تینوویەتییەکی زۆرە بەرادەیێ زمـــــانی وشك بووەو ڕەش داگەڕاوە . کـــە شاعیر داوا لەپەلە هەورە دوورە کە دەکا تینوویەتی بشکێنێو لە دوایدا بە سەریا دادەبارێ ، بارانەکە بارانێکی وێڵەو بارانی شاعیرە، چونکە لە خۆیەوە نەباریوە، لە سەر تکاو دا خوازیو ئارەزووی شــــــاعیر باریوە ، یاخود بە زۆر باریوە . هەر تەنیا شـاعیر تینووی نیە ، دارەکەش کە ڕەمزی ڕەگ حەسپانو خۆڕاگرتنو ژیانە ئەویش تینوویەتی ، بەلام شاعیر نایەوێ بارانەکە هــــەر بۆخۆی بێ ، دەیـــەوی دارەکەش بەشدارکات ، بەلام نایەوێ دارەکـــە سڵی لێ بکاو لێی بترسێ .

● **شەوێ هەموو پاسەوانو حەسحەسەکان نووستبوون**
هەوریش تازە جێی دارکاری لەشی بوو
گۆشتەو زوون

« باسی نارێکی ئیقاع ناکەم . بەلام ئەگــــەر ڕستەی یەکەم ئەوەمان پێ رابگەیەنێ کەلەبەرچاوی ئەو گۆشتەو زوون)ە نە نووسرابێ .. ؟! دوایی دەبێ مەبەستی لە گۆشتەو زوون چی بێ ..؟! »

نارێکی ئیقاعەکەی دەرنەخستووە ، دەبوایە دەست نیشانی کا ... کە رەخنەش لە ووشەی گۆشتەو زوون دەگری کەدەبێ مەبەستی چی بێ ، وادیارە لەبنچینەی وێنە کێشانە کە نە گەیشتووە .

هەرواشە . وەك من بۆی چووبم شـاعیر داوا لە هەورە دوورە کە دەکا کـە لێی نزیك بێتەوەو بەسەریا بباری‌و تینوێتی بشـکێنێ ، وادیارە هەورە کە گوێی پێ نەداوە بۆیە شـاعیر مەسەلەیەکی میتۆلۆژی بەکار هێناوە کە گوایـە باران بارین لـە ئەنجامی ئـەوەوە هاتووە کـە فریشتەکانی ئاسـمان بەقەمچی دەکەونە وێزەی هەورەکان‌و ئینجا باران دەبارێنن . کـە کـاتێ پاسەوانەکان خەوتبوون هەوریش تازە برینـەکانی سارێژ ببوون واتە ئاسمان خەرێکی فرمێسـك سرینەوە بوو باران خۆشی کردبۆوە .

● لـە دووری تۆ زۆر زۆر هۆلمە
هەلگورد خەمـو باری کۆلمە

« ئەوە زانیمان (کولمە) مەبەستی کۆلە . بەلام (هولمە) دەبێ مەبەستی (هۆڵ) بێت یـا هەوڵ بێتەبڕوا ناکەم ..! بەلام ئەگەر مانایەکەی یەکێك لەم دوانە مەبەست بێت دیسان لەگـەڵ دێـری دووەم هیـچ مـانـایـەك پێکەوەیـان نابەستێتەوە .. ! » .

(هۆلم) ، نە هۆلەو نەهەولە ، بەلکو مانای بەرۆشی‌و بەتاسەوە بوونە ، وادیارە شاعیر لـە دووری ئەوا یەکجار خەمخۆرەو بە هەموو دلێکەوە تاسەی دیدەن دەکاو لەبەروی ئارامی هەلگیراوە . بەلام کە ئازاد نازانێ مـانـای (هۆلم) چیـە . هەلمەت تاوان‌و سووچی چیە ؟!

● هەستم کرد کە مەلەوانی زۆر بەتـامـە
خۆم دایە دەست ، ئەو گشت شەپۆلەی
بەسامە

« ئەم جۆرە دێرە شیعرانە ئەو کەسـانەم بیردەخاتەوە تازە خەرێکی گروگالی شـیعرین ، نەك شاعیرێکی خاوەن تاقیکردنەوە ، لـە هەندێ شیعردا ئەوەی مەبەست نەبێت کێش‌و سەر وایە، لەجیاتی بلێ ئەو (گشت بە سامە) ئەبوایە بلێ : (ئەو گشت شەپۆل بەسامانە) واتە دەبوایـە بخرێتە حالەتی ـ کۆ ـ وە چونکە باسـی‌یەك شەپۆل ناکا .. » .

وادیارە (ئازاد) مانای ئەو دوو دێرەی زۆر بەڕوو کەشی‌و تەنکاوی تێ‌گەیشتووە ، مەسەلەکە مەلەیەو مەلەش بەتامەو شـاعیر خۆی داوەتە دەست شەپۆلی بەسـام ، کەواتە ئەم دوو دێرە فریان بەسەر شێوازی ئەدەبی‌یەوە نیەو قسـەی منالانەو زۆر شتێکی ئەنگ‌و نارێکە قسـەی ئاوبخرێتە ناو شیعرەوە . هەقی ناگرم هـەر هێندەی لێ هەلکراندووە ، ئەی کوا دیوی ناوەوەی مەبەسـتی مەلەو خۆدان بەدەسـت شـەپۆلی بەسامەوە ؟! ئەگەر شاعیر مەبەستی تێکۆشـان‌و زۆرانبازی نەبێ لە ژیان‌و تێ‌هەلچوونی بەسامترین‌و سەخترین رێگە نەبێ ، دەبێ ئەوەندە سـاویلکەو ساکاربێ‌و هەر تەنیا لەبەر ئەوەی مەلە شـتێکی بەتامە خۆی‌بداتە بەر بەسـامترین شـەپۆل ؟ رابزانم شاعیر لە بەگژداها[illegible]ی سـەختی ژیان لەزەت دەکاو ، ناشـیە[illegible] بێ‌مەلە زانین لـە ئاوبدا .. کە دەشلێ [illegible]ت شـەپۆلە بەسامە » هەلەیە ، هە[illegible] نازانم ، چونکە ووشەی شەپۆل بـە مانا[illegible] نایە بەلکو لێرەدا بەمانای کۆ دێت ، ئێمە زۆر جار لەبەکارهێنانی رستەی ئاوادا دەلێین « ئەو هەموو دارە . ئەو هەموو خەلکە ، ئەو هەموو ئاوە ، دیسـانەوە بەمانای زۆریش دێ واتە شـەپۆلێکی زۆر یا گەورە .

● سـەدەی وەرزی ئەویـن نیـە
سـەدەی نـان‌و هەنگوین نیـە

دیارە ڕای لە دێڕی یەکەمە ، بەلام لەرووی دێری دووەمەوە دەلێ : بەلام سـەدەی نان‌و هەنگوین . ئەگەر دیسان مەبەستی لە برسێتی‌و حەوسانەوەی مرۆڤ بێت ، ووشەی (هەنگونیەکە) وەکو سـەروایەك بۆ (ئەوین) جێگای خۆی نەگرتووە یان دەتوانم بلێم (هەنگوین)ەکە هـەر زیادە ... ! ئەگەر نا بۆ (سەدەی نان‌و هەنگوین بێت) بۆ سەدەی نان‌و مرەبا نەبێت .

ئەگەر مەسەلە هێنانەوەی ناوی شتی شیرین بێ . خۆ دۆشاو زیاتر دەگونجێ کورد ووتەنی : ئەو نانە بەو دۆشاوە ، دۆشاوەکەش زیاتر لـە واقیعی ئێمەوە نزیك‌ترە نەك مرەبا ، هەرچـەندە کاك ئازاد بەگالتەوە ناوی مرەبای هێنـاوە ... مەبەستیش لە « نان‌و هەنگوین » خۆش گوزەرانی‌یە نەك خواردنی نان‌و هەنگوین بەمانا رووتەکەیەوە. لە نێوان وەرزی ئەوین‌و نان‌و هەنگویندا پـەیوەندی یەکی نەپچراو هەیە ، کە خۆشەویستی لە ئارادا نەبێ ، کە نیشانەی برایەتی‌و ئاشتی‌و هێمنی‌یە . خۆش گوزەرانی‌و بەختەوەریش لە ئارادا نـابێ ، نازانم بۆ دەبێ بەکارهێنانی (هەنگوین) بەزۆر بە کۆتایی دێرەکەوە لکێنرابێ‌و پەیوەندی بە نانەکەوە نەبێ ، شتێکی زۆر سروشتی یەکە شـاعیر ووشـەیەك هەلبژێرێ لەگەل قافیەی پێشـوودا بگونجێ‌و لەگەل مانای رستەکەی خۆی بەتەواوەتی بلوێ . بەلام کە ئازاد تەنیا بەمەبەستی پووچەل

کردنەوەی ئەو نموونانە بێت کە دەست نیشـانی کروونو بێ بەلگە هێنانەوە ئەوە شـتێکی‌ترەو کەس پێی نالێ « کاکە مالت لە گوێیە » .

● **دەرگای دلّم تون تون لە تۆ دادەخەم**
باخی زامە تینوەکانم

رەخنەی بەرامبەر دارشتنی رسـتەی (دەرگای دلّم لە تۆدادەخەم) هـەیەو دەلێ : دێڕییەکەم بەم شێوە بوایە جوانتر بوو :

دەرگای دلّم توند بە رووی تۆ دادەخەم
ئاشکرایـە لە کوردیدا دەتوانی مانایەك بـە چەند شێوە [illegible] کو :

دەرگـای [illegible] ڕووتا دادەخـەم
دەرگـای دلمت لێ دادەخـەم
دەرگـای دلّـم لە تۆ دادەخـەم

یا دەلێ : (بۆ کچێکی تر رادەکەم) ئەگـەر مەبەسـت لە رادەکەم (غاردان بێت) لـە (ڕادەکەم) ، (والا دەکەم) بێت ئەوە نەدەبوایە بەم سەروایە شێوان بخاتە شیعرەکە و شـاعیر مەبەستی خۆی بە ئاشکرایی بخستبایە روو .. »

نازانم بۆ دەبێ ئازاد مەرجی تایبـەتی بۆ شاعیر دابنێ ؟ بۆ دەبێ لەتیف هەلەی کردبێت‌و ئازاد راست بێ ؟ وەك ئاشکرایە لە نێوان هـەر دوو دێڕەکەدا نەگونجانێك لە هەلوێستدا هەیە ، یا بلێین شاعیر دوو هەلوێست دەنوێنێ . کـە دەرگای دلی لە ڕووی کچەکەدا توند توند دادەخا کە مانای زوێر بوون‌و دلشکان‌و واز هێنانە ، هەر تەنیا بەوەندە ناوەستێ ، دەیەوێ کچە کە زیاتـر بەست کات‌و تۆلەی لێ بکاتەوە بۆیە نەك تەنیـا دەرگا بۆ کچێکی تر والا دەکا کە ووردەکارییـەك (طباق)ێك پێك دینی . بەلکو بۆی غـاردەدات من هیچ کەمو کووڕییەك لـە نێوان هـەردوو هەلوێستدا بە دی ناکەم کـە جێگەی رەخنـە نێ گرتن بێ دەبێ ئەوەشمان لە بیرنەچێ کە دەقی دێڕەکە (رادەخەم)ە نەك (ڕادەکەم) ؟؟!

● **کچێ هەرچی سـاتێ ئەم دلـەی من**
تۆی خۆش نەوێ
چەقۆ دەنێم لە گەردنی وەکـو کەوێ

گوایە بە پێی قسـەی ئازاد (نەوێ) و (کەوێ) بۆ ڕێك بوونی هەردوو ووشـەی هیناوەتەوە . ئاخۆ چ ناڕێکییەك لەو سێ دێڕەدا هەیە کە جێی رەت کردنەوە بێ . نەك تەنیا دلەکە (تشبیە)ەو بەس بەلکو (اسـتعارە)شە ، بەخشینی گەردن بە دلّ دارشتنێکی داهێنەرانەیە، قافیەی (نەوێ)و (کەوێ)یش دوو ووشـەی ڕێکوپێکن‌و پر بە پێستی وێنە کێشانەکەن .

● **گشت چۆڕێکی دەبێ بە دەم**
گشت چۆڕێکی دەبێ بە مەم

« دەلێ : مەبەستی (لە چۆڕەکە) چۆڕەی بارانی زستانە کە خەیال هەر دلۆپێکی لێ بووە بە (دەمێك)و (مەمێك) کە ئەم جووت سەروایـە سەروای حازرن‌و ئەرك‌و ماندوێتی تێدانیە » .

جارێ لە پێشـەوە (چۆڕە) نیـە بەلـکو « چۆڕ »ە ، لەتیف نەبووتوە : چۆرەیەکی ، بەلکو چۆڕێکی . چۆڕ : واتە کەمێك شـلەمەنی چۆڕە چۆڕ : هاتنە خوارەوەی شلەمەنی بە کەمی و بـە شێوەیەکی بەردەوام ، چۆڕە چۆڕی ئاوی بـارانی زستان . ئەمە لە لایێك لە لایەکی تریشـەوە ئەگەر (دەم‌و مەم) سەروای حازرو بێ ئەرك بن ، کەواتە غەم وشـەم‌و کـەم‌و هـەم‌و چـەم‌و تەم‌و ... هتد هەموویان هەر حازرو لە بەردەستن، کام ووشەم بۆ دێنی کە لەگەل دەیان ووشەی تر جووت نەبن ؟

● **بەلام هەرگیز نە دار ، نە بەرد ، نەشار ، نـە کـۆ**

ناتوانن لێم قەدەغـەکـەن بۆنی پرچ‌و هەناسەی تۆ

ئازاد دەلێ ئەمانە قسەی زیادن‌و پێویست بە گوشن ناکا ، چونکە نە دارو نە بەردو نە هیچ بێ گیانێکی وەکو ئەمانە دەسەلاتی ئەوەیان نییـە کچەکە دوور بخەنەوە » .

ئەگەر بەو پێیەی بۆ چوونی ئازاد بێ ، دەبێ شاعیر بە هیچ جۆر ، سروشت نەدوێنی ، چونکە دارو بەردو کێوو شار ، بێ گیانن ، کەچی شاعیر ئیلهام لە سروشت بە دارو بەردو کانی‌و قەلبەزو شاخ‌و کێوو ئاسمانییەوە وەردەگرێ . جا دەبێ هەر بە پێی ئەم حیسابە هەر شیعرێك کەدواندن‌و بە زمان هێنانی سروشتی تیا بێ رەت بکرێتەوە ، چونکە شتی مەنتیقی نیە ، شـیعر دەبێ مەنتیقی بێ . بێ گیـانـەکان ڕێگەی بۆن کردنی پر چ‌و هەناسەی یارەکەیان نەگرتووە ؟

من سـەرم لەو هەموو ناکۆکییانە سوورماوە کە لە ناو نووسینەکەیدا بە زەقی بە دی دەکرێن‌و جێگەی سەرنج‌دانن .

● **هەندێ پـەرم پێ بفروشـن**
یـا هەندێ شـابالی بچووك
یـا هـەلمگرن بـە دەنـووك

دەڵێ : ئەم دێڕە . ئەگەر لێك بدرێتـــەوە . باسی شیعری منداڵانیش بێت ، چونکە منداڵانیش ئەوەیان ناچێتە عەقڵەوە چۆلەکەی بەســـتەزمان پەڕ و باڵی خۆی دەربێنیو بیفرۆشێ ، یا زەلامێ بە دەنووك هەلگرن .. « دیـــــــانەوە ئازاد دەمانگەڕێنێتەوە سەر مەنتیق و واقیـــع ، دەبێ شاعیر وەکو ژمـارەی ماتماتیك بڵێ ٢ + ٢ = ؟ ، خۆ مەســـــەلەی خەون و خەیاڵ و باڵ گرتن بۆ جیهانێکی تر شتێکی ناماقووڵ و بێ جێیە !

پابلۆ نیرۆدا لە یادداشتەکانی دا دەڵێ : نـە ژمارە لە ئازادایەو نە داڕشتەی نووسراو لە ســەر کارتـەند ، نە رەگەزو کەرەستەی وا هەیە خۆدا دانیابن یا شـەیتان پەسـندی کردبن . بەڵکو ئـەو دوو شـەخسیەتە گرنگە لە ناو شیعردا لـــە مـل ملانێ دان و لەم جەنگەدا لەوانەیە ئـەم یـا ئــەو سەرکەوێ ، بەڵام شیعر هەرگیز نابەزێ » .

[بڕوانە : مذکرات بابلو نیرودا ل ٣٨٥]

بە قـــەی ئازاد ئەو خەیاڵەی لەتیف ناچێتە ئەقڵەوە . وا دیارە هەقی خەیاڵ و بیرکردنەوە بە شاعیر نادا ، ئەوە لەتیف شـــاعیرێکی کورد . ئەی دەبێ لەبارەی شیعری عەرەبی‌یەوە چ بڵێین کە نموونەی ئەوا زۆرن ، شـــاعیرێکی عەرەب وتویەتی :

اسرب القطا هل من یعیر جناحه
لعلي الی من قـــد هویت اطیر

● **ئەی زەلامـــە پواوەکان**
ئەی شـــاعیرە پێڵاوەکان

ئازاد دەڵێ : بەلامەوە ئەم دێڕە شیعرە کــە مەبەستی لە شاعیری بێ هەڵویستە ، لەو شتەوە نزیکە کە شاعیرێکی هیناوەتە ریزی پێڵاوێك کە کاك لەتیف دەبوایە بەر لە هەموو شـتێك ئەوەی لەبەرچاو بێت خۆیشی شیعر دەنووسێت » .

وا بزانم لەتیف لەخۆیەوە شاعیر ناکابەپێڵاو . دەبێ زەمینەیەك هەبێ بۆ بەکارهێنانی تشبیە(بلیغ)ە دەربارەی هەندێ شـاعیر کە ئەرکی شـــەرەفی وشە نازانن و هەموو نرخ و بەهایەکی بەرز پێشێل دەکەن ، دەبێ لەوەشیان زیاتر پێ رەوابینرێ . جا ئەگەر ئەم هەڵوێستەی لەتیف هەندێ کـەس بەستبکا ، با « مەڕ بەپێی خۆی و بزن بەپێی خۆی » بێ .

● **کێـــلانی خەنجەرمـــان گــۆڕی**
بەڵام دڵمان لێی نەبڕا تاڵی و شۆری

دەڵێ ئەم (تاڵی و شۆڕی)یەش وەکـــو رەمزێکی کۆن ســـواوە کە بۆ کارەساتی جەرگ بڕ و زو قمی رۆژگاری بەکارهێناوە . کە دڵنیابووم ئەگەر ووشەی (شۆری) نەبوایە کە مەبەســتی (سوێر)یە ، چاکتر مەبەســـتەکانی خـۆی دەپێکا » .

بەلای‌منەوە (تاڵی) لەرستەدا بەتەنیـــا زۆر بەکەمی بەکاردێت ، بەڵکو سوێریشی بەدواوە دێ . جا ئەگەر سوێری بێ ، یاشۆری هەروەکو یەکە ، ئەگەر رەمزێکی کۆن و ســــواوبێت ، دەبێ شاعیرانی ئەمڕۆ هیچ قافیەك بەکارنەهێنن کــە زۆر بەکارهاتبێ ، چونکە کۆنەو سـواوە ، لێرەدا ســـــــوان و کۆنی قافیە نیە بەڵکو چۆنیـەتی بەکارهێنانی‌یەتی .

● **هەزارەها خەم[illegible]ڵ زل**
چـاوەکـانی دەخستە گل

دەڵێ : « نازانم دڵۆپەی باران بۆچی چاوی بنیـــادەم بخاتە گڵ ، دوای ئەوەش کەی (زل) لەگەڵ (گل) هاوسەروان ، باسی کێش ناکەم » .

ووشـــــەی (گل) گڵ نیە وەك ئازاد تێی گەیشتووە « گل »ەکە کە هەڵمەت بەکاری هێناوە بە مانای چاوپەشان دێت ، یا چاوســـووڕان ، بەڵام گڵەکەی‌تر خاکو خۆڵە . شتێکی سروشتی و ئاســـایی‌یە کە زۆر ئاوکردنی چاو یا ئاوێکی زۆر چوونە ناوچاو ، جا فرمێسکەکانی چاو دڵوپـەی زل بن ، یا دڵۆپەی زل زل بچنەناو چاوەوە ، چاو دەخەنە گل کردن یا بڵێین دەبنە هۆی گل‌کردن . (زل) و (گل)یش هاو قافیەن .

لێـــرەدا نامەوێ زیاتر لە ووتارەکەی ئـازاد بدوێم ، لەکاتێ وەکو من لــە هۆنراوەکانی وورد بوومەتەوە ، گەیشتوومەتە ئـەو ڕایەکە هەڵمەتی شاعیر ئەوەندە گوێی نەداوەتە کێش و قافیـە ، چونکە مەسەلەی عەفەویەت و بۆ هاتنی بیرو وێنەی کتوپڕ وای لێ‌کردووە جارێکی‌تر نەگەڕێتەوە سەر هۆنراوەکانی چارەسەری کێش و قافیە بکـات .

ئازاد خۆشی دەڵێ : ((شاعیری ئەمڕۆکە ، خۆی لەکێش و ســەروا رزگار دەکا بۆ ئەوەی کـــۆت و پەیوەند نەگرێتە دەستی لە دەربڕین و دەســـتە باچەی بکات ، بەڵکو بۆ ســـەربەستی دەربڕین و بەپێزکردنی بیرۆکەی شیعرەکانی)) .

ما دام دەبێ شیعر ئاوابێ کە زۆر چاکیش دیارە لەتیف ئەوەندە عەشقی قافیەو کێش نیە ، بۆ بەزۆرە ملی دەیەوێ ئەوە بسەلمێنی کـە جۆرە (افتعال) یك هەیە لە دارشتنی قافیەو لەنگـەر ڕاگرتنی کێشـــــی شـــیعرەکانی‌دا .. تەنیـــا پرسیاریکەو هیچی تر ؟؟

---

(١) گۆڤاری بەیان ژمارە (٥٩) .

چیروك

ئەو شەمالەر ژبیرناكەم

د. نافع عقراوی

نێزیك پەنجەرا فارگونێ ڤیتاریێ ل سەر كوسیكا خوە ئەز رونیشتم .. بایەكێ سار ل سەرو مێشكێن من ددا گەرما دەرڤەی ڤیتاریێ ژبیرا من بر .. خەلك یەك یەكەو دوو دووە د هاتنە ناڤ فارگونیدا .. كورسیكا ل دەڤ من بەتال ما .. كەس لێدانەنیشت .. هزرێن من د دیەلا ڤەبون .. كی دێ هێتە جەم من دێبێتە هاورێ ریكا من د ڤێ سەفەرێدا ..

.. ئەرێ ... مروڤەكێ قەلەو یا لاواز .. تێگەهیشتی یا نەزان .. دناسم یا نەنیاسم .. ژن یا مێر .. ئەگەر مێر بیت .. گەنجو تولازەكێ بیرتێژو ئاقل یا پیرەمێركێ د سالادا چویو ژیان تاڤیكریەڤە .. یان نەزانەكێ نالوزە .. بەلی ئەگەر ژن بو .. دێ كچەكا جحیلو گەنجا جوان یا پیرەژنەكا پرپێژ بیت .. ئەو مروڤێ دهێتە رەخ منڤە گەر نڤست دێ خرخر ژێ هێت یا نە .. دوان هزرادا نقوبومو چاڤێ من ل دەرێ فەكرێ فارگونێ بو ل دەمێ كچەكا پرچ زەرو چل جوانو قامەت بلند سەركەیتە د ناڤ فارگونیدا ... جەنطەیەك ب ملی ڤەبوو جەنطەیەك د دەستیدا هەر تەماشەی وی لای ویلای دكر .. د دلێ خوەدا من دگوت : « ئەرێ تو دبێژی ئەڤ كچا شوخو جوان نەهێتە جەم من رونێت ... بەلكو ئەز بشێم دگەل ب ئاخڤمو ب ناسمو ناسینا مە درێژ بیتو ببیتە دوستا منو تا ئەز خویندنا خوە خلاس دكەمو بو خوە بینم .! زورا جوانە ..! »

ئەز دوان هزرا دا بوم ل دەمێ من دیتی هاتە سەر كورسیكا ل جەم منو رونیشتو ب ئەزمانێ عەرەبی گوتی : « ئیشارەباش » دلێ من لێدا .. زمانێ من نەگەریا ل دەمەكێ نەكێم چاڤێن من بێتە ـ مان تا بخورتی ئاخفتن ل گەریا من دەرجوی .. « نیــ .. ڤاری با .. ش .. تر » ـ ب ئەزمانێ عەرەبی هەر وەكو وێ گوتی ... ئاخێنكەك ل كوبریا هەناڤێن من دەرجو .. تا نهو ژی ئەز نزانم ئەو ئاخێنك بو دەرجو .. دكەیڤا یان ژی د شەپرزەیادابو .

دبن ڤەرا من جارجارە تەماشەی كچەكێ دكر ل دەمێ وێ هەست بە وێ هندێ دكر تەنوریێ خو دادكێشا بن جوكێن خوە .. ئەو مێزا ل پشت كورسیكا ل پێش وێ داناڤەو جەنطەو جەند كتێب د كوشا خوەدا هەلگرتنو ل سەر وێ مێزێ دانان ..

هەر دبن ڤەرا وەختێ من تەماشەی كتێبا كری ـ كتێبەكا ستوبرو بەرگ سپی پاك سەرڤە .. ناڤێ كتێبێ دیاربو .. ئاه .. ئەڤە چیە .. غەریبە .. » من د دلێ خوەدا گوت .. زێدەتر ئەز شەپرزە بوم « دیوانا مەلای جزیری .. شەرحا زەڤەنگی » .. ژمێژ بو ئەز ل وێ كتێبێ دگەریام .. هەر من دیتباو بەس .. بەلی چەوا .. هزرێت من زورتر بون .. « ڤێ كچێ ب عەرەبی گوتی « ئیشارە باش » و كتێبا « دیوانا مەلای جزیری » یا هەلگرتی .. ئەڤێ هندێ چ دبێژێ ... بەلێ ئەگەر كورد ژیبیت وەكی من دێ ل كیڤە زانیت ئەز كوردم یانەو دا سلاڤێ ب كوردی بكەت .. من خوەل سەر كورسێكی لەقلەقاندو سطوێ خو ئیناوبرو ب نایەكێ چاڤێ من تەماشەی ناڤەكی كركول كوژێ سەرڤە نڤیسیبو ـ:

« غەریبە .. نەفروز .. ئە .. .. ئا .. » ئەڤ ناڤە ل بیرێن من دویر نیە .. خودا ناڤێ ناڤی ئەز دناسم .. ئەم جیرانێن یەك بوین ل دەمێ زاروكیێ .. ئەرێ جێدبێت ئەڤ كچا ل تەنیشت من « نەفروز » بیت ..؟ هەر ئەو بخویە ..؟ یانژی دوستا وێیەو ئەڤ كتێبە یا ژێ وەرگرتی ..؟ ژمێژە من « نلفروز » نەدیتیە .. نهو ل كیرێیە ؟. مایە ..؟ هەر وەكو خویە ؟.. مێركریە .؟ د خوینیت یانژی خویندن هێلایە ..؟ چ ب سەر هاتیە ..؟ ئەڤە دوانزدە سالە من نەدیتیە .! بەلێ ئەڤ كچا ل تەنیشت من چ پەیوەندیەك دگەل « نەفروزێ » هەیە ..؟ خزما وێیە ..؟ دوستا وێیە ..؟ نەدوێرە ئەو بخوە بیت .!! بەلێ ئەگەر ئەو بخوەبیت چەوا دێ ناسمەڤە .. ب چ نیشان ..؟ ئەرێ تشتەك نیشان

هەبون ..! نزا .. نزا .!! ها.. ها .. بەلێ .. بەلێ خالەکا رەش ل سەر رویێ راستێبو ..!! بەلێ چەوا دێ شێم رویێ وێ ببینم.. ئەڤـــە رویێ وێ یێ چەپێ یێ ل لایێ من ڤە ..!! ئەرێ چ بکەم . نزا .. ئا .. بەلێ ..» .

ئەز هەستامەڤەو ب عەرەبی من گوت : « زەحمـەت نەبی دێ چمە دەرێ » رێ بو من چولکرو ئەز جومە بەر دەرێ فارگونێ.. دەمەکی ئەز راوەستام‌و تەماشەی وی لای وی لای کرو ڤەگەریام .. ل دەمێ جویمە جیهێ خوە ... باش من تەماشەی سەرو چاڤێن کچەکێ کر : ــ

« نوه .. پــــا بخودێ « نەڤروزە » .. ئەڤە پەخالا ل سەر رویێ وێ .. هەر ئـەوەو کەسێ دی نیـــە .. پرچا زەرا خورمەیی .. چاڤێن ئەزمر نەشین نەرەش .. چەند جارا ل بچیکاتێ منو زاروکاوە دگوتێ .. پا ب خودێ هەر ئەوە ..!! بەلێ چەوا ئەزدێ دگەل ئاخڤم .. بەلکو ئەو نەبیت ..؟! گومان نیە .. هەر ئەوە .. بەلێ پاچەوا ..») .

جارەکا دێ ئەز کەتمە هزرا.. دویر دویر چوم هاتە بیرا من .. چەند جارا ل زاروکیێ مـــە یارێن پێکڤە کرین‌و .. جەنـــد جارا مە شەرێن کـــرین .. جارەکێ من ســـەرێ وێ ژی پێ شکاندی .. هزار جارا ژی ئەم پێو ژیەك سل‌بین‌و پێکهاتینەڤـە .. گەلەك ئەم هەڤالێت یـــەك بوین .. ئەم ل یەك سەف بوین بەلێ ئەو ل خوێندنگەها کچاوئەز ژی ل خوێندنگەها کورا بـــەلێ هەمی دەما مەپێکڤە دەرسێت خوە د خوێندن .. زورا زیرەكبو .. ئەم هەردوو دزیرەك بوین ل بەر هندێ هەر دگەل من دخوێند ..نهو ئەز قوتابییێ کولیجێ‌مە .. بەلێ نزا ئەو نهو ل کیڤەیە ..!؟ دخوینیت یان ژی خویندن هێلایە .. بیە تشتەك یان ژی وەکی من هەرمایە .. ئەو ل مالەکـــــا دەولەمەندبو .. بابێ وێ زور پارە هەبون .. ئوتومبێل ژی هەبو .. وەکی منێ هەژار نەبو ..!

من خوە لەقلەقاندو خو ژیەك راکیشاو ب ئەزمانێ کوردی دگەل هەستانێ گوت : « یا خودێ.! ».

کچەکێ هاڤری ل من ڤـەداو تەماشەی من کر .. بـەلێ من خوە تێنەگەهاندو ئـــــــەز رونیشتمەڤەو دەست هاڤێتــە کتێبەکا خویندنێو تەماشەکر .. ل بن‌ڤەرا هەر جار جارە ژی‌و ب دزی ڤەد دیڤانکا چـــاڤی‌را من بەرێ خو ددایێ .. بەلێ ل دەمێ چاڤێن وێ دکەتنە چاڤێن من .. من خو دناڤ پـــەرێن کتیبێ‌دا بەزردکر ..!

تەماشەکرنا کچەکێ زورتربو .. هەر بەرێ‌خودا من .. تـــا دەمەکی وێ ژی خوە لڤلڤانــدو پشتا خو ئیناو برو قــرەقر ژێ ئیناو ب ئەزمانێ کوردی گوتی : « ئای خودێ چەند گەرمە..!!» بێ رادەستان من گوت : ــ «ئەرێ خوێشك تو کوردی ؟!..

گوتی : ــ « بەلێ .. بەلێ .. ئەز کوردم » .

ــ پا بوب ئەزمانی عەرەبی تە سلاڤ کر ..؟

ــ ما من ل کیڤە زانی کو تو کوردی .. خو ئەز فەتتاح فال نیمە ؟!..

ــ پا ب خودێ وەیە .. کەس ل ڤی دەمەی کەســـێ نەنیاسیت !

ــ ئەزا دبینم شیوا ئاخفتناتە وەکو شیوا بــــــاژێری « ئا .. »یە ..؟!

ــ بەلێ .. بەلێ .. ئـــــەز خەلکێ وێ دەرێ‌مە ..

ــ ها .. پا ئەز ژی د ئەسل‌دا خەلکێ وی جیهی‌مە ..

ــ ئەرێ پرسیار د بێ‌عەیبن.. تو « نەڤروز » نی..؟

ــ بەلێ ب خودێ ئــــەز « نەڤروزم » .. بەلێ پـــا تو کی ..؟

ــ ئەز « سودبەخشم» .. تو من [illegible]نیاسی ..؟!

ــ ت[illegible]ـودێ تـــو [illegible]ی» پا چەوا م[illegible]نیاسی ..؟!

ــ مائەز چو زانم .. تـــو یامەزنبی وگەلەکا هاتیـە گوهارتن ..!

ــ نە .. نە ئەز «نەڤروزا» کەڤنم .. ئەز نەهاتیمـە گورین .. بەلێ چـــەوا « سودبەخش » تو هوســـا هاتیە گوهارتن دا ئـــەز تە نەنیاسم ..؟

ــ پا لالی من‌ڤە ئەز هەر وەکی خومە .. ئەز هەر ئـــەو زاروکێ کولانا ..

ــ مە مە لدەمێ مە پێکڤـــە یاری‌دکرن ..!


ــ ئەرێ ل بیرا تەنە ئەو روژ.؟

ــ بەلی .. بەلی جـــەوا دێ لبیرا من چن .؟!

ڤێجا ئاخفتێن مە خوش بون‌و کەتینە بیرهاتێن کەڤن‌و نوی .. تا من زانی ئەو ژی قوتابیـــا کولیجێ‌یەو یا بـــــەرکەتیە ل خویندنێ ..

پاشی مە دەست هاڤێتە باسێت دونیـــــایێ‌و من‌زانی زورا تێگەهیشتیە تا دەمێ ئاخفتنێن مە پر تیفکل بوین‌و پرســـیارو بەرسڤێن‌مە کویروپر مانـا بـین وەختێ گوتی :

ــ لێڤێن تە د پرن لە دلوپێن خوینی ..!!



ـ نزا .. ... ەشێم تەماشەی بکەم ..

ـ بو ..؟!

ـ چونکە ئاوێنا منا شکەستی.!

ـ هەست پێ ناکەی..؟

ـ نە .. نە .. دویر نیە برینەکا نویبیت ..!

ـ کەربێن من ل خوینێ د بنەڤە ..!

ـ بەلێ هەر ئەو خوینە د ناڤ رەهێن مەدا دێتو دچیت

ـ ل من گەرێ دا پاکژکەم بە پاکژترین دەسمالێن خوە.!

ـ نە .. دەسمالێن تە یێوسپینە .. ترسما پیس بن ..!

ـ بلا .. بلا .. ل من گەرێ.!

ـ نە .. نە من دڤێت هەلریسمو ڤەئالیسمەڤە .!

ـ زویبە . . نەکەهیشك ببیتو رانەبیت ئەڤ خوینە ..!

ـ هیشك نابیت .. جونکە ل سەری کانیەکا توندوتیژ دهێت .!

ـ دیارە برینە .. برینەکا کویرە ژی .!

ـ بەلێ .. بەلێ برینەو ... رەهێن ژێ پرچیاینو ... زورا کویرو مەزنە .. ما تو ..نابینی .؟!

ئەز بێدەنگ بومو ئەو ژی راوەستاو ناڤچاڤێت خوە پەرخاندنو خوە لڤلڤاندو کتێبێت خو راکرنو دانانو دووسێ جارا بیهنەکا کویر ئینا ویرو گوتی :

ـ بو تەماشەی خو ناکەی..؟!

من گوت : ل بەر چێ ..؟ ل منە ..؟

ـ تەماشەکرنەك بەسەو .. هیچ ئاخفتنین دی پێنەڤێن ..!

ـ ئەرێ ئەز دێشێم تەماشەی خو بکەم ..؟

ـ بوچی نە..؟

ـ ما من نەگوت ئاوێنا منا شکەستیو هیج وەخت نیە بو ڤان تشتا !..

ـ غەریبە ..!! کەسەك هەیە ل بیرا تشتێن دی بی زێدەتر ل خوە .؟

ـ غەریب نیە .. خو شێت نەکە .. چاڤێن من هیچ نابینن .. گوهێن من هیچ نابیهستن .. جو هەست من نەماینە .. هەست ب چو ناکەم ..!!

ـ ل ڤێ چەندێ دیارەتو یێ مریی.؟!

ـ مروڤێ مری ئەو نیە ئەو یێ ل بن ئاخێ ڤەدشێرن بەلکو ئەوە ئەو یێ د ژیانێدا بێ هیڤی بیت ..!!!

« نەڤروز » داماو کتێبێن خو راکرنو دانانو جەنطا دەستی ڤەکرو شەیێ خو دە دەرئیناو و پرچا خو شەکرو شەیێ خو هەلگرتو د جەنطێ ناو ڤەپاتکر ..من هیچ چولانەڤەو ئاخفتن نەکرن من هەر تەماشەی وێدکرو بیرو هزرێن من دویر د چون تا ئەز هوشیارکریمو گوتی :

ـ بو نا ئاخڤی .. پەرسڤا من نادەی ..؟

من گوت : بو ما تە چ پرسیار کرینەو من پەرسڤ نەدایی ..؟!

ـ زور پرسیارێن هەین دەبیا پەرسڤا وان بدەی ئەگەر چ ئەز نەپرسم ژی ..!!

ـ وەکی چێ .؟!

ـ دەکو ڤان هەمی روداوێن ل دەوروبەرێن مە .!

ـ بەلێ .. وەیە .. تو راست دبێژی .. بەلێ ئەز نەشێم ..!

ـ هەر تشتەکێ کێم ..!!

ـ زمانێ من یێ گرێدای .. ل پێشگرێ دانا دەستێن من ..!!

ـ جەوا دێبیت .. کەنگی بیە زمان بێتە گرێدان ئەگەر رینەکا ئەشەنە ل ئەزمانی نەبیت ..؟!

ــ دیارە تو ڤێ ژیێ نەڤیێسی!

ــ لای خوڤە ئەز ب هەمی ئەسی ئەزدراتزم بو ژیێ .!!

ــ تە گوهـ نەدایە گوتنێت مەزنا ل دەمێ دبێژن : ــ

ژیێت جەكا چاكو پاكـژ د بنەڤە

ژیێت زمانا هەر د تەشەنەو جێ نابنەڤە

ــ دیارە تو برینداری زمانێ كەسەكی ..!

ــ خوزكە یەك برین با ..!!

ــ دیارە برینێن‌تە دزورن.؟!

ــ زور دزورن ..!

ــ تو ژی وان بریندارکە وەکو تو بریندارکری ..!

ــ جەوا خوە وەکی وان کێمو بێ‌بها بکەم ..؟

ــ ب بێژە خەلکێ ..؟

ــ ئەرێ ما من نەگوت ئەزمانێ منێ گرێدایە ..!!

ــ دیارە ئالوزێن تە دزورن‌و ل هەمی لایەکی ڤەنە ..!!

ــ بەلێ ل هەمی لاڤەنە ..!

ــ چارە سەرکرن‌و دوماهیا وا ئالوزیا چەوا دێ‌بیت؟!.

ــ دوماهی‌و چـارەسەرکرنا ئالوزێن من نزا ب دەست کێ نە .؟!

ــ چەوا ..؟ تو نزانی ..؟ یا دێ چ کەی ..؟

ــ نە ئەز .. نە تو .. نە هیچ کەس دزانیت ..!!!

سـەح ژی کەرو پشکینەرێ ڤیتارێ دگەل هندەك پولیسا هاتنە د ناڤ ڤارگونا مەدا و پرسیارا پێناس و بلیتێت ڤیتارێ دکر لیڤێن بلیتا داد ڤرجاندن .. من ژی تەماشەی دەرڤەی ڤیتارێ‌کر دیاربو هیچ تشتەك ئاشکرا نەبوو شەڤ ب سەرمەدا هات بوو مە ئاگا لێ‌نەمابو ... ئاخفتنێن مە وەسا دتیرو کویر بون .. مە بەر ل شەڤێ نەمابو .. کا چەوا ب سەرمەدا هات .. هیچ دیار نەبو غەیری چەند روناهێن بچیك ل دویرڤە غاردداد هەروەکی ل بەر مە د بەزن ... « نەڤروزێ » ژی پالتوێ خو ئینادەرێ د جەنطا مەزندا و ل بەر خوەکر من ژی هەست ب سەرمایێ کرو بلوزەك کولسەر دەستێ کورسیکێ بو .. من هەلگرت‌و ل بەر خوە کروگوت :

ــ ئەڤە یە شەڤ .. هەمی تشتێن شەڤێ د خوش‌و جوان .

وێ گوتی : نە هەمی تشت..! چەوا ..؟!

ــ ئەرێ ئەو تشتێن خەوێ ڤەدرەڤینن‌و خەلکی پـر ئازاردکەن د خوش‌و جوانن ..؟!

ــ بەلێ .. هەتا ئەو ژی دخوش‌و جوانن ..!

ــ غەریبە .. چەوا ؟!

ــ شەڤ هەمی تشـتا ڤەدشێریت ..!

ــ یانی چێ ..؟ ئەگەر هەمی تشت ڤەشارتن ..؟!

ــ ب تایبـەتی ئەوتشت‌و هەستێن د دلێ مروڤی‌داو هیچ کەس پێ‌نزانیت..!!

ــ ئەگەر ل مـروڤەکی دلێ پربیت ..خەواوی نەهێت .. یا نەخوش نیە ..؟

ــ شەڤ یارە ل نەیەنی‌و سرو ئاخێنکێن دلدارا .. ئەو سرو نەیەنێن دمینن‌و دەرناجن جگەل شەڤێ کەس پێ‌نزانیت .. ل بەرڤێ جەندێ شەڤ زور زورا جوان‌و خوشە..!!

ــ دیارە تو ب تشتێن پـر ئاخێنك‌و نەخوشی کەیف خوش دبی .؟

باش بزانـە ئەڤە ژی نەخوشیەو دبیـا چارەسەربکەی .!!

ــ نە .. نە .. وەسا نیە .. بەلێ ئەو هەناسا پر ئاگرو گەرم[illegible] ل دلێ من دەردچیت تەمەتێ [illegible]ئێش‌و نازارێن هەمی دونیا[illegible] !!

ــ ل[illegible] .. تـو ل هیڤیا [illegible]چی ..!!

ــ ژیان ماندی بینە .. ئاردڤ رێژتنە .. شێتە ئەو کەسێ ماندی‌بین‌و ئاردڤ رێژتـن خوش نە ڤێن ..!!

ــ بەلێ ئەڤە ل ئاخفتنا نینە .. تو کێڤەچوی ..؟!

ــ تو دگەل وێ هندێ نی کو ژیان ماندی‌بین‌و ئـاردڤ رێژتنە .؟

ــ بەلێ .. بەلێ .!! بەلام ل هەمی دەمانە ..!

ــ وەکی ماسیا لویس نەبە .. وەکی زیبەڤێ کو نـاڤ تلیادا نارەوەستیت نەبە .. ل راستی خوە لانەدە ...

هەر چەند تا ل یاشیرین بیت .. سەیرە زور سەیرە .. چـەوا مروڤێ پر هەست ل ل راسـتیا دشێت خوە لادەت ..؟!

باوەشك هاتنە « نەڤروزێ »و بزمارێ کورسیکا خوە ڤەکێشاو کورسیك پانو درێژ بوو بەتتانیەك ل جەنطا خوە دەرئیناو بە سـەر رانو بیت خوەدا داو گوتی :ــ

ــ ب خودێ خەوا منـا د هێت .

ــ ئەرێ « نەڤروز » ئـەو کەسێ ل بیروهرزێت کوبردا

بژیت چـــەوا خەواوی دێ‌هێت ..؟!

ــ بەلێ .. ئەگەر خەوا وی نەهێت‌و نەنڤیت .. نەشێت بو تشتێ کویرتر بچیت‌و جارەسەرکرنا بو پەیداکەت!

ــ ما مە نەگوت دونیاو ژیان ماندی بن‌و ئار[illegible]ریژتن؟!

ــ بەلێ ودیە ..[illegible]بەلێ ئەگەر هەر ماندی [illegible]ن‌و نەنڤین‌و [illegible] وەکو [illegible] دێ بوهێژین .[illegible]

ــ ڤێجا تو چ دبێژی ..؟

ــ ئەز دبێژم دا نە بوهێژین دەبیا کێمەکێ بخوە بنڤین .

ب دەنگەکێ خوش‌و نـــەڤی‌و بێ‌کەنینەکا دل ڤەکـــەر گوتی : « شـەڤەکا خوش » و بەتانی ب سەر سەرێ خوەدا ئینا خارێ .. بەلێ ئەز مامە ڤەد هزرادا .. من نەزانی تا کەنگی‌و چ دەم ئـەز وەسامام .. هەر هند من زانی کو « نەڤروز »و خەلکێ دی ل ناڤ فارگونیدا یێ د کەتینــــە جولان‌وو ئاخفتناداو هەر کەسەکێ خو ئامادەدکەت بو دەرچوونێ . ئەز ژی هەستام جەنطا خوە من پێک ئیناو کەتمەرێ ل دیڤ خەلکی « نـــەڤروز » جو بو دەرێ ل فارگونی .. ل دەمێ ئـــەز ژی هاتیمە دەرێ « نـــەڤروزا » راوەستیای بو ل نێزیك دنگەکێ بتەتاری .. جومەلالی‌و سپێدە ب خێر من لێ‌کر وگوتی :

ــ بو راوەستای ..؟

ــ ئەزا ل هیڤیا خزمێن خوە دابهێن .

ــ ماتە خزم‌و کەس هەنە ل ڤێرە ..؟

ــ بەلێ .. زور .

ــ کینە ئەو خزمێن تە ..؟



ــ ما نابێژمە زورن ..!

هیچ ئاخفتنێن دی نەکرن .. نزا وی حەز نەدکر خزمێن وێ بناسم ..؟ دیارە مێرێ‌کری‌و حەز ناکەت خزمێن مێرێ وی بناسـم بەلی جو گوستیل دتلیێ دانینە!!. گاڤەکێ وەسا راوەستاین تـــا ئوتومبێلەکا مەزن‌و جوان‌و مودێلێ نوی راوەستاو دوو کچ‌و کورەك ژی هاتنەدەر بیە ماچ‌و موچاوان دگەل « نەڤروزێ » .. ئەز ژی ل وی‌لای مامەڤە .. هیچ هەست ب من نەکر .. تا ل دەمێ چونێ گوتە هەڤالێن خوە : « ئـــەڤ مروڤێ دگەل من راوەســـتای هەڤالێ زاروکیا منە .. ئـــەم جیرانێن یەك بوین دکەڤندا ... وەنیە « سودبەخش » ..؟! » .

زور بشەپرزەیی من گوت : « بەلێ .. بەلێ .. ئەڤـــە ل مێژە ..! » هەڤالێن وێ ژی سلاڤ کرە من‌و پاشی ئەز هێلام د جیهێ خوەداو چونە د نـــاڤ ئوتومبیلێ‌داو ب رێ‌کـەتن ... من ژی تشتێن خوە هەلگرتن‌و ب رێ‌کەتم تا ئوتومبێلەکا کرێ پەیدا بکەم‌و بگەهمە جیهێ خوە ..

« نەڤروز » چوو من نەدیتەڤە! نزا .. تا نهو کچـــــە یان ژی شی‌کریەو بچیك هەنە ..؟ مایە.. یا نەمایە ..؟ ل کارەکی دامەزرایە یا نە ..؟! ئەز هەر هند دزانم .. تا نهو ژی ئەز هــــەر ل دیڤ ئوتومبێلێن کرێ دگەریێم ئەگەر حەز ژ هات‌و جون‌و گـــەریان‌و سەفرا بکەم .

*

کۆمەڵە وەڵامێکی نەزۆك

لە ژوورێکی رازاوە بە تازەترین دیکۆر .. کورسی‌یەك چنگی لە لەشی توندکردبوو ئەی جەڕان و ناخی بزمار ڕێژ ئەکرد .. لە بەردەمیا لە سەر مێزێك تەپلە جگەرەیەك ورگی لی هاتبوو ئاگری نارەزایی ئەڕشایەوە.. لوولەی دووکەڵ جۆگەلەی هەردوو کۆنە چاوی تەقاندبۆوە لە دووتوێ کانیا دێو و درنجی گورزو گوپاڵ لەشان و دەعبای هەمە تەرحی لە ئاسمانی ژوورەکەیا بە شەڕ ئەدا ..

جیرەی دەرگای ژوورەکە کاتی دەم کردنەوەدا نەشتەری ئەکرد بەدەمارەکانیا .. قیژە و غەڵبە غەڵبی ئەودیو دەرگاکە تەپلی مێشکیان ئەنجن ئەنجن ئەکرد .. پەنجەی لە بینی زەنگەکەی تەنیشتیوە توند کرد:

ـ فەرموو ئەمرکە .

ـ دەرگاکە توند داخە . کەس نەیەتە ژوورە وە ئیشم هەیە .

بەڵی ئەمر ئەکەیت درایەوە بە گوێیا .. باری خەیاڵ و لێکدانەوەی نایەوە سەرشانیو بۆی کەوتەوە ڕێ .. بارگران بوو لە ژێریا نقەی ئەهات .. بڕ برە پشتی بە سەر مێزدکەدا شکاندبۆوە .. تۆپەڵە دووکەڵ بەیتا پەیتا لە ئەشکەوتی قورگی‌یەوە ئەڕژایە ژووری سی‌یەکانیەوە . زەردەواڵەی مێشکی ورووژا . هەزارو یەك خەیاڵ تیایا ملوانکەی پرسیارو وەلامیان دروست کردبوو .. چاوی پرسیارەکان زەق ئەچووەوە وەلامەکانیش کز و بێ دەسەڵات هەڵنیشتبوون . مەلی قەناعەتیان تۆرابوو . بە ئاستەم نوزەیەکیان تیامابوو ..

هەر دوو چەمۆڵەکانی نیشتنە کەللەی سەری و لە لەشیان جیاکردەوە . بەرد و ئاسمانی جارانی هەڵیان گرت ... ئاسمانێکی شین و بێ گەرد ... تیشکی زێڕینی هەتاو تارای دا بوو بە سەریا .. زەوی کەشی بەهارێکی تێرو پاراو .. ئەو رۆژە هەزار جار خۆی و ماڵ ومندالی ئەکردن بە قوربانی ئەو ئاسمان وزەوی‌یە .

برادەرەکانی شەو وڕۆژی .. یادگار و هەڵویستەکانی ئەو رۆژانەی ژیانیکی خۆش . زۆر خۆش .. تا بڵێی خۆش .. لە پڕ چەمۆلەکانی کاسەی سەریان بەرە و ئێستای گەڕانەوە ... گۆمێکی راوەستاو .. زەلکاوێك قەوزاوی . لە ناوەراستیا چەقیوە . چاوەکانی چقلیان تیا ڕوواوە نابینن . چوار پەلی شکا. هەولی ئەدا کونە لووتی بە دەرەوە بێ هەناسەیەك بدا ... چەمۆڵەکانی توند تر لە کاسەی سەری ئەوینەوە ..

جۆگەلەی پرسیار بەروویا تەقی‌یەوە ..

ـ بۆچی وام بە خۆم کرد ..؟ پێی کردم . چۆن تۆوش بووم؟؟

بۆچی و [illegible] و چۆن گوێیان بۆ وەڵامەکا[illegible] نەبوو .. نەیان بی[illegible]

پێ یان و وتم : .

ـ نەکەیت ! ئەم کارە لە تۆ ناوەشێتەوە !!

دەمم پەسەندی کرد .. دڵم چاوی لێ قوچانم ..

ووتیانەوە :

ـ دەستمان دامێنت خۆت تۆوش نەکەیت .

جارێکی تر دەمم .

ـ نەء نایکەم .

دڵم :

ـ گوێیان مەدەرێ .

لێم پاڕانەوە.. بە سەرماهاتن .. تەمێ‌یان کردم .. ئینجا کەوتنە چاو سوورکردنەوە :

ـ خۆت تووش کەیت وازت لی ئەهێنین .. نات ناسین .

من وازم لێ هێنان .. خۆم لێ‌شاردنەوە .. دزەم بۆ ئەکرد تا نەیان بینم .

ئەوانیش پشتیان تی‌کردم و بوون بە سفر .. نەء من بووم بە ریزە سفرێکی دوور و درێژ فێر بووم ، دەستم پێ کرد .. لەکەمەوە بۆی چووم بوو بە زۆر . یەکجار زۆر ..

پرسیار درایەوە دەم یەك.. تاك تاك بوون بە کۆمەڵ و بە تۆپەڵ

ئەدرانەوە پەنا گوێ یا .. کـــە گەڕانەوە لام ووتیان

ـ باوکتان لە م گ تێکا نوێژی ئەکردووە .

لە منجە منج بە ی ددمم ئەکرایەوە ..

لێشاوی پرســـــیار لێــــم هەلچووەوە :

ـ لە کێت ئەکرد ؟

ـ لــــە تۆ . لە مندالەکانم . خزمەکانم . برادەرەکانم .. لــــە خۆم .

ـ نەت ئەزانی کارەکـــــەت ئەنجامێکی خراپی ئەبێت ..

ـ ئەمزانی . ئەبوایە بمکردایە .. لێم نە ئەبوردن .

ـ بۆکێت ئەکرد ؟ ئەتدا بەکێ؟

ـ ناوترێ ..

ـ دەستت داخ بکردایە .

ـ بە زمانم .

ـ ئەویشت ببڕیایە .

ـ بە چاوم .

ـ دەرزیاژنت کردایە .

ـ لە دەستم چوو .

ـ زەردر لە نیودی بکەڕێتەود.

ـ لێم رازی نابن .. تیـــا ئەچم .. ئەمرم .

ـ پیاو جارێك ئەمـــرێ .. هەندی مردووش زینـــدوو ئەبنەوە .


ـ لەو دنیا ؟

ـ نەء لەم دنیایەی تیایا ئەژین!

گاڵتەم بەو زیند و بوونەوەیە ئەهات .. بە عەقلیان پێئەکەنیم .. من پیاو نەبووم بێ غـیرەت بووم .. خیرو وبووم .. کێ هەیە نەمناسێ ؟ نەمناسێ ؟ تەنانـــەت منداڵانی قوتابخانەش ئەیدەنەوە بە رووی منداڵەکانما .. بە گریان ئەگەڕێنەوە بۆ کۆشی دایکیان ، ئەویش خەستری ئەکـــات و ئەیداتەوە بە رووی منا ..ناوبانگم فتبۆلێکە بــە دەمی ژنـــان ، لــە ماڵان ، کۆڵانان ، دایـــــەرە و قوتابخانەکان لە شەقامەکانا بەر شەق ئەدرێ .. واشەیەکـــە ئەفڕی .. خۆی ئەکات بە هەمو و کون و کەلەبەرێکدا .. پرسیاد یەقی ئەکردەوە ، ئەڕشـایەوە ، زەردەواڵەی شاری مێشکی لــە ویژدانی ئاڵابوو لێی نەئەبوومەوە، پەیتا پەیتا پیوەی ئەدا ، دڵ و دەروونی ونجڕ ونجڕ ئەکرد .. توانای لە بەر بڕا .. چــزووی جگەرە تا ئەهات توندتر بـــە لێبوو زمانی‌یەوە ئەنووسا ... دووکەڵ لە دووتوێ سی‌یەکانیەوە پەنگی ئەخواردەوە ، لە ئەشکەوتی قورگی‌یەوە یەقی ئەکردەوە ... شووشەکەی لەگیرفانی دەرهێنا:

ـ ئەڵین تەنیا حەبێك لەمانە یەسترێك‌ئەتۆپێنێ .. ئەوە یـەك .. دوو .. دە .. چۆڕی لـــە پەرداخەکە برِی .. پاش ماوەیەك دەستێکی بێ هێز ئەم چەند وشەیەی رەش کردەوە .. (بـۆ ئەوەی شـەرەفی منـــدالەکانم و ژنەکەم .. براکانم و برادەرەکانم بکرمەوە .. تا هەست بــــە سەربەرزی بکەن .. لــە دزێکی گەورە رزگاریان بێت) ..





وێنە

گەلا محمد أمین

« خەیریە » (٥) ســــاڵ بوو مێردی بە میر جلیل کــردبوو . یەکێ بوو لەو پیاوانەی ژنــان بەم جۆرەیان باس دەکــــرد : « پیاوێکی باشە ، ناخواتـــەوە ، جگەرە ناکێشێ » میر جلیل لـــە تەمەنی ٢٧ ساڵیدابوو ، لـــە راستیدا پیاوێکی خێـــزان پەروەرو ، بە رەوشتو لە سەر خۆو گران بوو . خەیریـــە منالێکی بوو ناویان نـــا « علی شێر » . دوای ماوەیەکی کـــەم علی شێر کەوتە گـــر وگاڵو قسەکردن . .

میر جلیل لە هەموو رووییەکەوە شوویەکی چاك بوو . بەڵام ئەوەی خێزانە گەنجەکەی ســـەرسام کردبوو . زۆر غیرەت گیربوو بەڵام خەیریە دڵ خۆشی خۆی بـــەوە دەدایەوە کە : (چ پیاوێك غیرەت گیر نییە ؟) . . ئەگەر چاومان لەم خەسیتە بپۆشایە . میر جلیل بە راستی شوویەکی خۆشەویستیو باوکێکی میهرەبان بووە .

مـــیر جەلیل شــــوفێری شەمەنەفەری هەڵە بوو ژنەکەشی دە ساڵێك بوو . لە یەکێ لــــە کارخانەکانی چنین لـــە طاشقندا کرێکار بوو .

بەیانییەك خـــەیریە خۆی ئامادە دەکرد . کە بچێت بـــۆ کارخانـــە . بەپەلـــە ردفتـــەیـــەکی پێچایە سەری بەوەو جانتـــــا بچکۆلەکەی هەڵگرت :

ـ دایە . نازانی ناسنامەکەم لــە کوێیە ؟ لــە جانتاکەمدا دام نابوو .

مێـــــردەکەی بــــــە دەم چاخواردنەوە . بە هێمنی وەڵامی دایەوە :

ـ بە دەستی علی شێرەوە بوو . لێم وەرگرتو لـــە سەر مێزەکەم دانا .

خەیریە نوارییە مێزەکەو لە شوێنی خۆی ووشك بوو :

ناسنامەکە لـــــە بەرگەکەی دەهێنرابوو . بەترســــــێکەوە نوارییە مێردەکەی وبە پەلە خۆی کرد بەراڕەوەکەدا . نـــــاوڕێکی دایەوە پرسی :

ـ کەی دەچنە نیش !

مـــیر جەلیل بە هێمنییەوە وەڵامی دایەوە :

ـ دوای سەعاتێکی تر .

خەیریە . لە بەر ئـــەوەی دەنگی بوو . بەشلەژاویو ترسەوە دەرچوو . هـــــەر بیری لەوە دەکردەوە : ئایا شووەکەی ئەو وێنەی خۆشەویستەی بینیوە . کە دەمێ وەختە لێی شاردۆتەوە . لە ناو بەرگی ناســــــنامەکەیدا دایناوە کەوا ئەو عەلیشێرە بزێوە دەری هێناوە ؟ . . جۆرەها بیر لە مێشکیدا پەنگی دەخواردەوە : « هەڵبــەت دیویتی . چونکە بـــە دەستی خۆی ناسنامەو وێنەکەی خستوەتە سەر مێزەکە . . بەڵام رەنگە لە بەر پەلەش سەرنجی هیچی نــــــەدابێت . واش تێ گەیشتووە . وێنەکە . پارچـــە کاغەزێکی ئاسایە ـ چونکە لە سەر دەم دام نـــــابوو . پشتەکەشی سپییە ! » . .

بەڵام هەر زوو . هەستی بـــە هەڵەی بۆچوونەکەی کرد . بـــە نائومێدییەوە لە خۆی پرسی : « ئەی ئەگەر وێنەکە لە ســـەر روو دانرابێ ! » . نەخێــــر . . مەسەلەکە شتێکی تێدایە . ئـــەو مێردی خۆی لە هەموو کـــەس باشتر دەناسێت . . چــــــاك شارەزای رەوشتییەتی !

ئەو وێنەی کە خەیریە وەکو بیلبیلەی چاوانی پاراستویەتی . دەبێ هی کێ بێت ؟ وێنــــــەی

ئیفیتالی « ...کەم مێردی یەتی. کە لە ئەنجامی خۆشەویستی یەکی گەورەدا شووی پێ کرد بوو. ئێستاش لە بیریەتی کە چۆن یەکەم کەڕەت پەسەندی کرد.

ساڵێك بە سەر شووکردنەکەیدا ڕۆیشت. جەنگ دەستی پێ کرد. ئیفیتالی چوو بۆ شەڕ. لە ساڵی ۱۹٤۳دا خەیری یە هەواڵی کوشتنەکەی بیست. کارەساتێکی گەورە... بوو بۆ خەیری یە. ...و ...ەری خۆگرتن و ...ەوە پێشوازی بکات:

لەوەتەی ئیفیتالی کوژراوە، ئەم وێنەکەی هەڵگرتووە، شووی بە میر جەلیل کرد، وێنەکەی خستە توێی ناسنامەکەیەوە و لە میر جلیلی شاردەوە. زۆر کەڕەت دەی نۆڕی یە وێنەکەو، ڕابوردووی لە چاواندا دەخوێندەوە. نەی دەویست ئیفیتالی لە بیر بکات.

کە وەختێ چوو بۆ شەڕ لە خەیری یەی پرسی: « خەیری یە گیان ئاخۆ لە بیرم دەکەیت؟ » تاکو ئێستاش ئەو ووشانە لە کوێچکەی دەنگ ئەدەنەوە « هەرگیز. هەرگیز » ئەمەی وت و لای وابوو لە سەر زەمینە کەسێك نییە بگاتە جوانی و جوانمێری ئیفیتالی مێردی.

وەختێ خەیری یە لە کار گەڕایەوە. میر جەلیلی مێردی رۆیشتبوو. تا «٥»ڕۆژی تریش ناگەڕێتەوە خەیری یە هەستی کرد تەواو نییە. خۆیدا بە سەر جێگاکەیدا. دڵی خواردنی نەدەبرد.

پیرەدایك هەستی بەمە کرد. کەوتە هاتووچۆ کردن بە ژوورەکەدا دەیویست لە کچەکەیەوە نزیك بێت. خەیری یە لە دایکی پرسی:

ــ زاواکەتان شتێکی نەووت تووڕە نەبوو؟ پیرە دایك وەڵامی دایەوە:

نەختێر، هیچ تووڕە نەبوو، بەڵکو لە گەڵ کوڕەکەمدا هەندێ یاری کردو چوو بۆ ئیش.

خەیری یە بیری کردەوە: « دیارە. بە ئاتقەست هیچی نەووتووە. ڕەنگە تووڕە بووبێت! یاری یاری کردنەکەی لە بێ دەنگی بەلاوە باشتر بووە! کوتوپڕ ئەوەی هاتە بەر چاو. کە دەمارەکانی دەم و چاوی مێردەکەی هەستا بوون. کە بەیانی دانیشتبوو چای دەخواردەوە. ئەمەیش نیشانەیەکی تەواوی تووڕە بوونیەتی.

میر جەلیل (٥) ڕۆژ نەهاتەوە. ئەم (٥) ڕۆژە لە لای خەیری یە بە (٥)ساڵ بوو. ئەوەتا. گەڕایەوە. زۆر لە سەر خۆیەر هەروەکو جاران لە سەر نەزمی ڕادیۆکە یاری لە گەڵ علی شێر دەکات.

ئێوارێ داهات. هێشتاش گومان ئازاری خەیری یە دەدات. دەرچووە ناو باخچەکە. کە مێردەکەی لەوێ پیاسەی دەکرد. لە بەردەمیا وێستا. ڕەنگی زەرد. لێوەکانی تەتەڵەیان دەکرد.

میر جەلیل بە سەرسامی یەوە تەماشای کردو پرسی:

ــ ئەوە چیتە خەیری یە؟ نەخۆشی؟

خەیری یە بە دەنگێکی لەرزۆکەوە ووتی.

ــ لێم تووڕە مەبە .. ناتوانم لە وە زیاتر گوناحەکەم بشارمەوە ... ئا، ئەوەتا ..

دەستی بۆ مێردەکەی درێژکرد. میر جەلیل تەماشای وێنەکەی دەستی کردو ووتی:

ــ وێنەی ئیفیتالی یە، هەر لە هەوەڵ ڕۆژی ژن و مێردایەتیمانەوە پێی دەزانم. زۆر گەڕەتم لە خۆ ئەپرسی ئاخۆ تاکو کەی ئەم نهێنی یەم لێ دەشارێتەوە؟ یان لە بەرچی بیشارێتەوە؟ ئیفیتالی بە هەتیوی گەورە بوو، ئەگەر ئێمە ڕێزی نەگرین ویادی نەکەینەوە، ئەی کێ ئەمە بکات؟.. ئەگەر حەز دەکەیت با وێنەکە گەورە بکەین و لە سووچێکی ژوورە باشەکەماندا هەڵیواسین میر جەلیل بە میهرەبانییەوە ڕوانییە ژنەکەی و ووتی: ــ ئیفیتالی شایانی ئەم ڕێزەهەیە، ئایا ئەو هەر بۆ خزمەتی ئێمە مانان شەهید نەکرا؟ یان لات وابوو من ئەمەم بە دڵ نییە؟

میر جەلیل قسەی دەکردو خەیری یە بە بێ دەنگی یەوە گوێی بۆ ڕا ئەدێرا. دوای ئەوەی قسەکانی تەواو کرد. بە دوو چاوی پڕ لە سوپاسەوە ڕوانی یە میر جەلیل .. دوو چاوی بریقەداری وا. دەتووت تری ڕەشکەن و لە ئاودان.

چیرۆکی « وێنە » ی «میر محسن میر سعیدوف»ە سەرگوڵ محمد امین لە چیرۆکی شمس فوق الکثبان کردوێتی بە کوردی بڕوانە لاپەڕە « ۳۱۹ ــ ۳۲۵ »

بەنرخ ترین دیاری

لەقتەیەکی گشتی .

دیمەنێکی گشتیی قـــەلاو شەقامەکەی دامێنی . پیرۆت لە دوورەوە دەردەکەوێو بەرە بەرە دێتەپێشێ .

لەقتەیەکی ناوەندی .

پیرۆت ، گوچانەکەی دەکات بـــە قۆلی پەستەکەیدا . دەستێك بە بزووی شەرواڵەکەیدا دەهێنێ . پشتوێنەکەی توندتر دەکاتەوە. خۆی دەتەکێنێ لەپێك بەگیرفانی کورتەکەیدا دێنێو زەردەخەنەیـــــەك رووی دەگەشێنێتەوە هەر بەدەم رێگاوە جامەدانی‌یەکەی دەکـــاتەوەو جارێکی دی دەیبەستێتەوە . دوو ریز وردە گوڵنگەی راستو چەپ بە هەنیەیدا شۆڕ دەبنەوە. کزەبا دەیانهەژێنێ .

گشتی .

کامێرا باڵەخانەیەکی قـــەلا دێنێتەپێشێ .

زۆر نزیك .

پیرۆت. سەری بڵند راگرتووە. باڵەخانەکەی قـــەلا تالی سەرنجەکانی لـــەدەوری خۆی کۆکردۆتەوە .

پیرۆت : " بەککو . دەبێ ئەو باڵەخانەیە تەمەنی چەند بێ ... وەکو هێمنۆکی کوڕم گچکە بووم. بابی رەحمەتیم دەیهێنام بـــۆ هەولێر : لەوساوە ئەو خانووە وەك خۆیەتی .. قـــەت بڵێی کەرپووچێکی لێ نەبۆتەوە .. ئەویش وەك منـــارەی چۆڵی‌یە دەیان ساڵە دەڵێن دەڕووخێو کەچی بەپێوە راوەستاوە " ..

گشتی .

هۆڕنێکی قایمو ئوتومبیلێکی خاوێن .

ناوەندی .

کیـــە تووتنەکەی لە بـــەر پشتوێنی دەترازێنێ . لادەداتـــە قەراغی شـەقامەکەو پشت بـــە قەلاوە دەدات .

پیرۆت : " وەی هوو " ئەمەیش ئوتومبیلەو پیکابە قوڕاویـــە تێك قوپاوەکەی مـــــەغدیش ئوتومبیلە .. ئاسمانو رێسمان .. وەی لەبەر ئەو بۆنو بەرامەیەت مرم . وەك ئاوابی بالیسان بـــۆ تووتنت . منداڵە هەولێری بـــە تیرو توانجن .. تـــەشقەڵەیەکم پێدەکەن .. ئەوان بابیـــــان قوونك سوور نەبێ ناکێشن " .

زۆر نزیك .

زمان بـــە پەرە سـیفارەکەدا دێنێ . دەیکات بـــە دارجگەرە نەخشینەکەیەوە . پەنجە کەڵەی لە سەر ماشەی چەرخــــــە نەوتینەکەی دادەنێ . دیمـــەنی رووی پیرۆت . مژ لە سیفارەکە دەدات .

نزیك .

دووکەڵی سـیفارەکە لەپێـــك بەگیرفانی کورتەکەیدا دێنێ .

پیرۆت : " بڕوانـــە ئـــەقڵی زولەیخـــا . باوەڕی نەبوو قازانج دەکەم . دەنا بزنە کەڕی . دوو دینار بزنە پۆش دینارێك .. ئەو دوانەکەی دیش دوو .. کردی پێنج دینار لە یەك جێ .. وەی دەنا ئێستا زولێ دەیـــزانی . پەلەت نەبێ پیاو . هەر دەزانێ . بۆ نەجمە ئورۆزدیو دیاری‌یەکی بۆ بکرم " ..



ونبوونی لەسەر خۆی پیرۆتو دەرکەوتنی لەسەر خۆی گوند.

گشتی .

خانوویەکی قوڕ . لۆدەیـــەك لەبەردەمیدا لـــە حەوشەکەیدا سەگو مەڕو بزن هەیە .. شەش حەوت منداڵ گەمە دەکەن .

ناوەندی .

ژووری نیشتەنی کامێرا لـــە سەر شانی پیرۆتەوە دەڕوانێ .

ـ زولەیخا : لە کوێمان بوو ؟ پێم ناڵێی ئەم هەموو منداڵەت بۆ چی‌یە ؟!.. نە عەلیاغای بیـــان نێرتە هەولێرو بەغدایەو بیـــان کەتە ئەفەندی . نەحاجی قادری سەرو پیکابیان بۆ بکڕی هاتو چۆی دەشتی پێبکەن .

ناوەندی .

کامێرا لە سەر شـــــانی زولەیخاوە .

ـ پیرۆت وەی هوو !.. دەستان [illegible]

ۆ کردووتە بە غایلەی شـــەوو ڕۆژت من نانیان بۆ پەیدا دەکەم من .

ناوەندی .

کامێرا لە سەر شانی پیرۆتەوە.

ـ زولەیخا : خراپ نالێـــم پیرۆت بۆمان ناکرێنە پیاو .. بـا لێرەدا بیوەستێنین [illegible] دەچێتـە شار لەو حەبەم بۆ [illegible]ە کـــە ناهێڵێ ئیتر [illegible] ئەگەر بۆ مردنیان گەور[illegible] حەوت بەسە .. ئەگەر بۆ ئەوەشیان گەورە دەکەی ببنە وەرزێر ، هەر حەوت بەسە .

ناوەندی .

ـ پیرۆت : بۆ ئەوەیان گەورە دەکەم ببنە پیاو . ئێمەش باشین باش .. بەشی خۆمان هەیە .. بابم کە تەمەنی درێژی بۆ بەجێ هێشتین خاوەنی دوو سەر مەڕ بوو ئێستا خودا نەی بڕێ من گەلێك زیاترم هەیە. جۆخینەکەی من زۆر لەهی بابم گەورەترە .. منداڵەکانیشمان لە ئێمە باشتر دەبن .. ئەوانەی لە منـــداڵ دەترسێن با زیاتر ڕەنج بدەنو خۆیان ماندووبکەن .. ســـەری دونیا بە پووش نەگیراوە زولێ .. بەرچاوت فـراوان بێ زولێ .. منداڵ بە نرخترین دیاری‌یە زولێ.

بـــڕین . کامێرا دەگەڕێتەوە سەر پیرۆتو لە سەر شەقامی دامێنی قەڵا پیاسە دەکات« ئەی حەبەکان .. وەڵلا ئەگەر بیان کڕم. با ئومەتی محەمەد هەر زۆربێ.. لێم بۆتە ژنە ئـــەفەندی . منداڵێکیان دەبێو عەیب نــەبێ ئیتر قەپاتی دەکەن . بـــــە دیاری‌یەك دەمی چـــەوردەکەمو ئیتر پرتەو بۆڵە ناکات حاجی قادر حەزی لەمەڕی دووگ شـــۆڕە عەلیاغا حــــەزی لە کۆمباینو تردکتۆرە . منیش حەزم لەوەیە منداڵم زۆربێو بڕایەوە » .

جارێ خەڵکی سەر پیـــادە ڕەوەکانو جـــارێکی دی هی‌ناو ئوتومبیلە پاكو خـــــاوێنەکان سەرنجیان کێش دەکرد . جاری واش هەبوو کۆگا ڕازاوەکـــان ناچاریان دەکرد سەرێکیان بە دیـارەوە لاربکاتەوەو ســـەرسام بوەستێ . « جا توخوا ئـــەوەی بێتە هەولێرو کەبابی وەســـتا عەبدوڵلا نەخوات ، بە هـــاتن حسابە . نەوەڵلا نەیەت باشترە. هەر بۆنی دووکەڵەکەی مەستت دەکات.ئەی ماستاو. سحاقەکەی وەختی دەیکات بـــە پیازەکەوە دەچم دەچم .. بـــە گۆڕی بابم دەچم .. بەڵام لای منـــداڵان نایگێڕمەوە . نەفسیان دەچێتێ . جارێ با پارچەیەك بۆ زولێ بکرم ئەمجا .. زۆر مانـدوو دەبێ . خودا نەی‌بڕێ ئەرکی حـــەوت منداڵ گەمە نی‌یە . ئەی خۆم . بە قەدەر سێ منداڵ ئەرکم هەیە ئەی تاقەت کردنی ماڵات.ناهەقی ناگرم کە دەڵێ حەزبێو بەس بێ .. بەڵام بە دەستی خۆم نی‌یـە حەزدەکەم نـــەوەم زۆر بێ .. پارچەیەکی بۆ دەکڕم کیـژانەبێ چەند کەیفی پێ دێ دیاری‌ی بۆ بکڕم » .

ڕوانینەکانی پیرۆت چوونە سەر ئافرەتێکی سفوور کە بەردوڕووی دەهات . ئـــەم لە جێی خۆی وەستاو سەرنجەکانی لە قەدو باڵای ئافرەتەکە ئاڵاند . « چۆن خۆی لێ بەرەڵلا کـــردووە نەعەبایەك . نەدەسڕۆکەیەك بڕوانە چۆن بسکی لە سەر شـــانوملی هەڵخـــستووە .. بڵێی زولەیخـــا لە هەولێر بوایە ئەویش وەهای لە خۆی بکردایە . ئەو حەڵـــە منیش دەبوومە ئـــەفەندی .. زولێ چاوی ڕێشکەو پێشکـــە دەکات .. ناتوانێ لەسەر ئـــەو پاژنە بەرزانە بڕوات . دەکەوێ شوێنێکی دەشکێ » .

هەرکـە ئافرەتەکـە گەیشـــتە بەردەمی ، وەستا . سەرنجێکی قەدو باڵای‌داو ئەمجا بـــەخێرایی لەگەڵیدا کەوتە گفتو گۆ .

ـ ڕۆژ باش خاڵە .

ـ وەی هەموو ڕۆژێکت باش خانم . دەڵێم ..

ـ دەڵێی چی ؟ فەرموو .

ـ وەی زاری فەرمووت خۆش بێ . دەڵێم ئەوە بۆ عەبایـــــەك نادەی بە سەرتا ؟ وەڵلا ئێستـــا مەلاخدر چاوی لێت بوایە ..

ـ مەلا خدر چ ڕەزا گرانێکە ؟

ـ ئەستەغفیرەڵلا کچێ ئەوە مەلای گوندی ئێمەیە . زاتێکی موبارەکە . هەمیشە زاری بـــە ویردو دووعایە .

ـ من ئەمانە نازانم . فڕێدانی عەباو پەچە هەر نەبێ بەشێکـە لە سەربەستی‌ی ئافرەت .. لـە کورتی ئیشێکم پێتە .

پیرۆت تا ئەو کاتە ، بـــەو سەربەستی‌یە قسەی لە گـــەڵ ئافرەتی نەناسدا نەکـردبوو . « ئیشی چی‌ی بە من بێ . بڵێی خوانەخواستە ئیشێکی خـراپ بێ . ئێستا زولەیخا لـــــە کونێکەوە چـــاوی لێوەبێ ، دڵی هەزار خوتوورە دەکات » .

ـ ئیش بە من ؟.. بانەکەتان بگێڕم ؟.. ساوەرت بۆ بکوتم ؟

ـ بانی ئێمە گێڕانی نـــاوێ ، کۆنکرێتە .. ســـــاوەر خۆریش نین .

ئەی چ نیازێکت بە من هەیە خانم ؟!

ـ ناوم کنێر حەیدەر رەسووڵە حاڵی بووی ؟

ـ کنێر حەیدەر رەسووڵ ، حاڵی بووم .

ـ تۆبش ناوت بیلال حاتەم ئیبراهیمە .. حاڵی بووی ؟

ـ نەوەڵلا حاڵی نەبووم .ناوم پیرۆتی برایم حەوێزە خەڵکی ئەم دووگردکانەم .

ـ دەست بە خێری خۆتەوە مەنێ . با ئەمرۆ بۆ ماوەی سەعاتێك ناوت بیلال حاتەم ئیبراهیم بێ . ناوە تەنیا ناو .. خۆ نات خوات .

ـ نا نا خانم دەست بە خێری خۆمەوە نانێم . ئاگات لە چی‌یە؟

بە دوای خێردا لەو دەشتەوە هاتوومەتە هەولێر .. گریمان ناوم بیلال حاتەم ئیبراهیمە . بزانم پێی گەورە دەبێ ؟

ـ دەوا بڵێو ببڕێتەوە .. ئەمجا بیلال تۆ لەم سەعاتەوە مێردی منی .

ـ مێردی تۆ ؟!.. تۆبە خودایە !!.. کەی ماردم کردی ؟ لە کوێ ؟!.. کوا شایەتت ؟!.. دوای ئەوەش . خێزانەکەم زرپو زیندووە ناوی زولەیخایە. حەوت منداڵم لێی هەیە . قایل نابێ ژنی بە سەر بێ !. ئەی تۆ بەو ناسكو نازداری‌یە چۆن قایل دەبی سەربەهەوێ شووبکەی !.

ـ جاوەرد تێی گەیینە . تۆ زۆری درێژ دەکەیتەوە .. لە کورتی تەلاقم بدەو پێنج دینار وەربگرەو برایەوە .

ـ ئاخر کوێرا بوومە مێردتو کوێرا تەلاقم دای ..

خوا لێم نەگرێ لەوەدەچێ گۆبەندێکت لەژێر سەردابێ !

وەکو هێلکەی پاك‌کراو بیخەرە دەستم خانم .

ـ مافی ئەوەت نی‌یە درێژەی بدەیتێ .. ئەچینە لای قازی.. هەمووی سەعاتێکە . ناوت بیلال حاتەم ئیبراهیمەو مێردی منی . کنێر حەیدەر رەسووڵ . لەوەێ تەلاقم بدەو ئەمەیش پێنج دینار .

ـ ئەگەر هەر سەعاتێك بێ هاتووم . چونکە مەغدید دوای نوێژ دەگەڕێتەوە .

ـ تەنیا سەعاتێکە .. دوای سەعاتەکە نە دەتناسم . نەبمناسە .

● ●

پیرۆت ، ئەوەندەی پەنجەمۆر کردو ئەوەندە ژوورەو ژوور گەڕا ، تووشی سەرە خولێ بوو، کاتێ جێبەجێی کرد ، هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی‌و ، لە کوێ دای نابووا کوڵنە گۆچانەکەی هەڵگرتەوەو کردیەوە بەبن پەستەکەیدا . « دەبا سیفارێك بپێچمەوە . ئەوا بوومەوە بە پیرۆتی برایم حەوێز. پێنج دینارێشم دەست‌کەوت ».. لەوەدابوو لە دەروازەی دادگا بترازێو دوو ئافرەت بانگیان کرد:

ـ ئەیەرۆ !.. بڕوانە ؟!..ئەو ژنە خان‌ومانەی تەلاق‌دا . دەنا هەر پەنجەیەکی دەی وەك ئەم قاچ‌و قول کرێشاوی‌یە دێنێ . کەچی شەرمی لانی‌یە . خەریکە منداڵەکەش بە جێ دێڵێ .. بزانە چۆن بێ‌ناز لەو بەردەرگایە فڕێی داوە .. کافرسانی‌یە !!.

موچورکێك بە تەپڵی سەری پیرۆتدا هاتە خوارێ. دەستەکانی بە کیسەکەیەوە وشك بوون پێی بەر پێ نەنا . زاری بەپرسیارێکی گەورە ڕەوایەوە .. چەند هەناسەیەك بە تاساوی مایەوە . ئەمجا کیسەکەی کردەوە بەپشتوێنەکەیداو منداڵەکەی کردە باوەش . « چی لێ‌هات . کنێر چی لێ‌هات .. بوو بە نان‌و خورا . کێ دەڵێ هەر ناویشی کنێر بوو . تەڕنی پێدام ..باسی منداڵی نەکرد ئەگینا.. چی لێ بکەم . فڕێی دەم‌و خۆم نەکەم بە خاوەنی چۆنە.دەبێ بە ژێر [illegible]ستو پێوە . بیبەمەوە بۆ گوند [illegible] قوڕی دنیام بەسەر . زولەیخا [illegible]دەست منداڵەکانی خۆمان ها[illegible]چۆن دەگرێتە خۆی[illegible]ڵاوە دەنێ بڵێی بیژی [illegible]ەکەی چۆن دایکی دڵی هات وای لێ بکات . ئەوا بیژیش بێ . ساوایە . تاوانی چی‌یە . نەوەڵلا پەپوولەیە .. چەند جوانیشە !.. بە زولێ بڵێم چی ئەی بەرێبوارانی ناو پیکابەکە .. بەهی گوند . وەڵامم بۆ نادۆزرێتەوە . » .

لە قتەیەکی ناوەندی .

دەنگی بانگ . پیرۆت تەواو سەغڵەتە . منداڵەکەی بە باوەشەوەیە .

پیرۆت : « گەلێك دردنگە . مەغدید بە جێم دێڵێ . ».

گشتی‌ی درێژ .

کامێرا بە شوێن پیرۆتەوەیە .

بە خێرایی لە دادگا دەچێتە دەرەوە منداڵەکەش بە باوەشیەوەیە . دەکەوێتە . سەر پیادەڕەوەکەی شەقامی موزەفەریە نە سەرنجی ڕێبوارەکان دەداو نە هی کۆگاو نەهی ماڵەبەرزەکانی قەڵا . کامێرا دەوەستێ‌و پیرۆتیش بە ناو جەنجاڵێکەدا تێ دەپەڕێ . بەرە بەرە کادیر دێتەوە یەکو لە چاو ون دەبێ .

●●●

سێ کورتە چیرۆك

شیرین ك

پێیــــەکی قـ[illegible]ـورس وزل پەنجەبچکۆلەکانی [illegible] ناو کالـــە پواوەکەی [illegible]ی سرِی بە هەناوی گەیـ[illegible] ئـەوەی چاو بەرزکاتەوە بۆ خاوەنی پـێ زلەکەو لێی بپرسێ ! پێزلەکە لەناو دەریای بێ ئـــامانی ئەوخەڵکەدا نووقم بوو .

دانەوی‌یەوەکەمێ لـە ئازاری پەنجە شێلراوەکانی دەرکالاقــە بەپەلەکان خۆیان بەم لاوئەولای گیانی سرِی یەکێ لەعەلاگەکانی دەستی کـەوت‌وتلۆر بووەوە . هەرزووپێش ئـــەوەی پـێ شێلی‌کەن پەلاماری‌دایەو لـــە باوەشی‌دا گرمۆلەی کرد پەنجە وردیلەکانی بە شـــەرواڵەکەی سرِی ، پەنجەکانی‌و ئازارەکـەی لە بیرکرد .

« هەرباشیش بوو بلوزەکانی ناوی نەکەوتن‌و پیس نەبوون » سەری هەلبرِی خەڵکی لـــە دەوری بێشەو بێشەلان بوون، شۆستە لە چـــاویاندا وەك زەردێك بوو .. بیری کردەوە ..

« بۆ شۆستەکان پان ناکەن ». بەخۆی پێ کەنی .. « ئـەی ئۆتۆمۆبیلەکان بەکوێدا برِۆن » .

بە ساردی‌یەوە لە شەقامەکەی رِوانی . ئۆتۆمۆبیلەکان لەهات‌و چوونێکی بێ سـەرو پێدا بوون. دەنگی ناسازی ئۆتۆمۆبیلێکی زۆر خێرا هەموویانی لە جوولـــە خـــست‌و مت بوون . ئەمیش ترسا هەستاو رِای‌کرد . خەڵکی وەکو زەرزەواڵە ووروژان یەك بەوی دی‌یەوە دەدا هـــەموو کوژەر وکوژراو بوون

« کوا ناسیاوێ . کـــــوا هاورێ‌یەك .. کوان .. کوا ؟ »

باڵەکانی بە چوار دەست بە ستران . خۆی راپسکاند بــە سـەر رووەکاندا بـــازی‌دا . دوو عەلاگەکەی دەستی باڵەکانی بوون‌و دەست بەرداریان نەدەبوو. رِووەکان هەموو تەپڵی ســـەر وپشتی مل بوون . چزەیەك لــە پشت‌ملی هەستا عـــەلاگەکانی دەستی کەوتن باڵەکانی شـــکا خەڵکەکە لە دەوری رِەوینەوە .. چاوی گێرِا هەموو باریك ولاواز بوون رِۆدەچوون درەختەکانی کەنار شۆستەکە باریك بوون وەکو رِمێ لـــــە ناخی زەوی چەقی‌بوون شۆستەکە لـــــە ژێر پێ‌یدا تەســك‌و تەسـك تردەبوو تابەقەدەر پەتێ وەکـو موویەك .. موچرِکێکی ترسی پیاهات « رِۆڵە پردی سیرات لە موو باریك ترو لــە ئەڵمـــــاس تیژترە » .

هەردوو ئەژنۆی نووشتایەوە وکەوت هەستی کرد شۆستەکە لە ئەڵماس تیژترو لە مووباریك ترە لە ناوەرِاستا کەرتی دەکـاو هەر پارچـــــەیەکی بەلایەك دابەردەبێتەوە خوارێ ..

« رِۆڵە ئەوەی جەهەنەمی بێ ناتوانێ بپەرێتەوە دەکەدێتـــــە خوارێ بۆ ناو دۆزەخ » .

❋ ● ❋

گەڵای وردوتەنکی درەختەکانی کـــــەنار شەقامەکە تیشکێکی سەوزی کاڵی تێکەڵ بە شینایی ئاسمان دەکرد . هەوایەکی گەرم‌و شێدار جار جارە لـــە نێوان گەڵاکانەوە فێنك دەبووەوە وەك سروەیەك قردێلە ســـپی‌یەکەی تێکەڵ بە قژەرِەشەکەی دەکــرد بەئاگاخەوێکی ســـاویلکە لێوی بەبزەیەکی ســـاوا دەکشاند ، چاوەکانی دوو گۆمی خەواڵووی گەرمیان بوون جانتاکەی بــــە دەستی‌یەوە باڵە فرِەی‌بوو لـــە شۆستەکەوە چەند هەنگاوێکی نا ئوتۆمۆبیلێکی زۆر خێـــــرا بەدەنگێکی زۆر ناسازاوی هات‌و هەنگاوەکانی شڵەژان جانتـــاو رِوومەتەکانی لە خۆڵ گەوزانـد قردێلە سپی‌یەکەی لەبنـــەوە بروسکەیەکی سووری‌دا .

●

دەنگـــــە دەنگێکی کێوی زۆر نائاشنا هاتە کوێ‌ی . برژانگەکانی

حوو؟ندو تێکی ترازاندن تیشکی
ئەتۆیە سپییەکن بوونـــە باریّ
سکۆو ەجویا چزان ئـــەم
ر.نر برژانگەکانی ترازاند نیوّنە
سپییەکن لەپێش چاوی چەمانەوە
ە دەوری بوونـــە کۆمەڵێـــك
ئەلقەو بازنەو پاشان تێکەڵ بـــە
شینەکانی قەرەوێلەکەی بوون .

تێك ئالان وتێك ئالۆســـکان
خوولانەوە . خوولایـــــەوە .
برژانگەکانی جـــووت بوونەوە .
دیسان دەنگە کێوییە ناناشناکە
هاتەوە گوێی . ئەمجارە بەئاسانی
برژانگەکانی لێك ترازان . خۆی لە
ناو قەفەزێك دادیت قەفەزەکـە
لەبـەفر سپیترو لەزیو بریسکە
دار تربوو .

« رۆلە ئەگەر مرۆڤ بـــە
منداڵی بمرێ دەبێتە چۆلەکـەی
بەهەشت » .

لێوی جوولاند . دەمی کردەوە.
ویستی بڵێ ..

« حەز ناکەم ببمە چۆلەکە ».

* ● *

کابرای کێوی مل هوڕ بە پەلە دەڕۆیو دڵی دەلەرزی حـەزی ویران کردن لە گیانیـا گینگڵی دەدا ، سواری ئەسپی شـێتی بوو ، دری بە سەرماو سۆڵەی چلە دەدا چاوە خۆڵەمێشییەکانی ئاسمان ئـــەبڵەق بوون ، زەوی لێوی هەڵبزڕکا دەرگای بێ کلۆمو چوار دیواری پواوی تـرازان ، باڵندەکان تۆقین فرین دارەکان لەرزین چاوشینەکە تەنیـــا بەرگری بۆ لەچاوەکانی بێ کـرا کابرای مل هوڕ لە چاوە شینەکانی بە دواوەی داگیر کردو دڕندانـە کەوتە ویران کردنی،چاوشینەکە ترسا ..

« خاکم بەسەر ! هاوارم کرد چۆن پارەی دوو جامەماســت



بەشی گۆشتو ســـەوزەو چاردەکەکەشت دەکا ! » .

« ماڵوێران خۆم کـــە پێم شارەزای ڕێگە بوو تێ گەیشتم چۆن بەشی دەکاو زیـــادیش دەبێ » .

رووی ئاسمان سپی هەڵگەرا. ئەژنۆی لە رزێ ، کلوە بەفر بـە شێتانە ڕژا ، کابرای مل هوڕ حەزی وێران [illegible]دنی ئاوەژووکردو پاش گەزیەوە[illegible]دی بـــە سەریا .

« حـــەرام زادە ، لەوبەفرە سارد تری » .

بۆ یەکەم جار سەیری کـردو چاوە شینەکانی وەك مێروو لـە قاچییەوە پیـا هەڵگەڕان، لەسەر دەســتی وەســتان دەســتی لاوازو لەرزۆك بوو لـە دەستی ئەو مل هوڕەی نەدەکرد .
ــ خەیاڵ نەکەی..دیارییەکی باشم پێیە

بە تایبەتی بۆت نێرراوە ..

شـــریخەیەك لەو دەستە ترسنۆکەوە هات داچڵەکی .
بە پشتا کەوت سەیری لێ هات کوا هـــەوری بەفر دەگرمێنێ چاوە شینەکانی لەپەنجەرەکەدا قەتیس ما بەفرەکە زۆر وردوپڕ دەرژایە سەرزەوی تیژو سـپی وەکو دەرزی ، کابرای مل هوڕی

دیت لە کونی یەکێ لـــەو دەرزیانەوە ڕای کرد ووچوو بەو دیودا ..

« ڕۆلە تاکو حوشتر بەکونی دەرزیا نەچێ خوا لە زانی خۆش نابێ .. » .

ویستی بڵێ ئەوەنییە کابرای پیاچوو . لێم خۆش دەبێ . بەڵام ووشەکان لە چاڵە بەفرینـــەی چاوەکانیا ڕەق هەڵاتن ..

بۆ دەسگیرانەکەم

ئەبوبەکری خۆشناو

تاریکایی ڕەشماڵێکەو ،
هەموو ڕۆژێ
لەناو مێرگی چاوەکانتـــــا
هەڵیدەخەن
نەخۆشینەو ،
لەبەر زریانو شڵێوەی ئاژنیە
بەفرە زۆرانە...



خۆ ناگری ..
لەژێر ئەو ڕەشماڵە کۆنــە ـ
تاریکەش‌دا ،
دەترسێت‌و ئارام‌ناگری !
وەرە بەسەر دەستە بــراوەکانی
خۆتەوە ،
هەنگاوبنێ‌و
جەرگی ئەوانەش بخوازە
لەتوولە لەتوولە ڕێیانی باریك
زەوی خواروژوور دەبینن !
دەی دڵی خۆت بکەرەوە

ئیدی ئاگات لە لەشت بێ !
ئەوەك کرمە دووسەرەکان ،
لەسەر لانەی جگەرت‌دا خۆیان
بکەونە چەکەرەو ،
بەسەر چڵە باریکەکانی دڵتــەوە
سەربکەون !
وەرە لـــەرووباری دڵی من‌دا
بخۆرەوە
شەو بێدار بە !
منم هاتووم ..
هەڵت دەگرم بە (سوخمەیەکی
سوورەوە) !.

خوا لە چاوی عاشقدا

بازان عثمان

لە دووریتا ..
بوومەتە تۆپەڵێك ئاگر
بە سیروانلا تێدەپەڕم
دەبێتە هەڵم ، چنگ لە قژ ئاسمان
گیر دەکات
پیرێژنێك لەپی دەســتی بـۆ
خوێندمەوە ، ئەوەی درکاند
لە ناو گڕدا لە دایك بوویت
لە گڕیشدا دەکوژێیتەوە
بەڵام ئێستا لــە نــاو دۆزەخی
دووریتا
ئەم گەردوونە بەدی دەکەم
کەچی هێشتا کڵپە دەکەم

● ●

کاتێك شاعیر عاشق دەبێت
سەری .. لەشــی .. کڵپـــــە
دەکات‌و دەسووتێت
شاعیر لە سووتانی خۆیدا
ڕێی دڵداریی بەدی دەکات
لەشم گڕە
سەرم گڕە
وەکو دەڵێن :
پێغەمبەرانی سەر زەمین


لە عیشقی خوا
ســـەریان داپۆشراوی نوورێکی
نەبینراو بووە

● ●

خۆت بە کەزی‌ی ڕەشـــــی
شەودا هەڵدەواسیت دەڕامەکە

* *

با ئەم شیعرە لـە پێش تۆدا بکەم بە گوڵە ئەستێرە لە جیاتی پەنجەکانی خۆم . لە کەزیتاجێی هێڵم تا تیر بۆنی قژو ســـەری ا ... بکات‌و ئارام بگرێت.



خەمێکی شێت

فرید زامدار

مەرگی ڕۆژانەت نەدیوە
من هەموو ڕۆژێکم مەرگە
عیشقی شێتانەت نەدیوە
خورپەی دڵو کزەی جەرگە
تۆ بێکەنەوە .. با من گریان
سەما لە ناو چاوما بکا ..
تۆ بێکەنەوە .. با من ئازار
شایی لە هەناوما بکا ؟..

من لە مێژە .. ئاوازی خەم
بە شمشاڵی گەرووی ژینم ...
شارەزایە
من لە مێژە .. گۆرانیی خەم
بە گوێی دڵم .. ئاشنایە
من لە مێژە .. کـەپری هیواو
خۆزگەکانم
لە ژێرقامچی ڕەشەبایە ..
من لە مێژە دەسووتێمو .. دەنگم
نایە

هەر من ئارەزوو غەریبە
داستانی ئاسەو بێداریم
خەونێکە کۆتایی نایە !..

جوانەی شازاری تاشیک

احمد جاسم

هۆ کاڵێ گیان !
دە ببە بە شەستە بارانێك و
بە سەر کێڵگەی تینووی
خەمەکانم دا بباریّ ..
دە ببە بە بەستەڵۆك و
بە گوێسوانەی ئازارەکانم دا
وەرە خواریّ ..
هۆ کاڵێ گیان !
گەر دەتزانی
کام سیروانی خەم
لە ناخمدا شەپۆل دەدا ..!
لەگەڵ کام خەمی گەورەدا دڵدارم
گەر دەتزانی کام دەستی ستەم
هەموو ڕۆژیّ دەگریّ بەخەم .!
دوا نامەم پێ دەنووسیّ
بۆ خۆشەویستی شارەکەم
نەت دەووت : شیعرەکانت
نابنە کەزاوەی بووکێنیی من
نەت دەووت : ووشەکانت نابنە
لایە لایەی شەوانی
چاوەڕوانی
شۆڕە سواری سەیوان و
ئاسۆی بەیانی
دوا یادگاری من .

١٩٧٩

مردنی کوێرێک

عزیز رشید
کـ... تی بە کوردی

● شیعری شاعیری پۆلۆنی : «ستاسلاف میساکۆفسکی».
● عزیز رشید حریری : لـە عەرەبییەوە کردووێەتی بـە کوردی .

نە بەهار دڵی خرۆشان و
نە پایزیش سەرسامی کرد ،
تا لەرانەوەی ئالا ڕەنگاو ڕەنگـە
کەیش نەی جولان ..
بەدەم خەیاڵەوە بوو ،
هەندێ جاریش بەقسەی خەڵکی
تری باوەڕ دەکرد .
« گوایە خۆشە ویستەکـەی
چاوەکانی شینەو ، ئـەو
کراسەی کە پۆشیویەتی و
پریەتی لەوتنەی هەرمێ ،
شایستەبەتی » .
بۆ بەیانیش،لە ئێوارە زۆر جوانتر
خۆی دەنوێنێ ..

● ●

جیهانێکە دەگریّ پەممەیی بنوێنیّ،
یاسوورێکی تاریك ، یاسپی .
لەوانەیشە ڕەنگا و ڕەنگ نەبێت..

● ●

کاتێ کە لە ناکاو مردیش
ڕەنگە ڕەشەکەی هەر لەبەردەم
خۆیا بینیەوە ،
بەلام دیسان ئالۆز نەبوو و ،
ویستی هاوار بکات و بڵێت :
« من دەبینم ، من دەبینم » .

• صديق حامد •

بارۆقـه



ئەگەر هاتو سەرێ بهارەگا زوی‌فه
بارِوقەیەك
قرش‌و زلك
پاوان كرن
ب دەسـتو دان دانه چویچكا
بو هێلینیَ‌و نافاكرنیَ
چویچكا دەنگ خوش‌و بیَ زبان
نك من وەیه
ب تنیَ دیَ مینیت بیَ هێلین
چونكو جوانی‌و ج بارِوڤه
دەستێت خو هیچ
ئێك ناگرن ...

چـوار شـەوی بـێ چرا

چاوەكانت ..
دەریای خەمی دوور باوەڕن
تیغی ئەبرۆو
هەرچوار بژولكی سەر كوڵمی ڕووت
مەزن ... گەشن
شەو درەنگەو پشكۆی گەشیش
لە كولبنكی ساردو سڕی نیوەی شەودا
یادەكانی ڕابردومان تۆمار دەكا
لە چوار دەوری چراكانی ژوورەكەمان .
پەپولەكان مەستی تریسكی روناكین
ئاهەنگمانەو گوڵی گوڵدانی
سەرمێزیش
پەستو بێ‌هێزو سەرخۆشە
نیوەشەوەو
ئەستێرەكان بۆ باوەش
شەو درەنگی یەكتر دەدوێن
بە ئاواتی دڵی تەڕی خەیاڵێكن
نەبینراوە
كە ئەم شەوەش كۆتایی هات
شەوێكی‌تر هەردێنەوە
ژان‌و ئێشی خەونەكانمان
بسڕێنەوە .



نزار مەیلانی

خلیل محمد دهوکی

شێخ نورالدین و بحێتا نصیحتا

هەر سێ مالکێت بەراهیێ لدویف هەشت دەنگا دڤەهاندی‌نە ،، و مالکا دویماهیێ لدویف حەفتا . .

* * *

شەربەت چی‌یە ساقی ددەت
دۆستێ چی‌یە دلبەر ددەت
ئاگر ژ حوسنا خو دبەمەت
هەمرا ژ کومەیفا ئولفەتێ

گەر تەشنەئێ حوسن [illegible]
گەر بخوئی گەر مەحوەئی
گەر باغەڤانێ باغەئی
باغێ سەران عیرفانەتێ(١)

پاشی بەیانا کاملی
عیرفانەئێ ڕەوشەن دلی
چاکە بەیانکەم جاهلی
دا هوین بزانن هەیئەتێ

هندی هەبن صاحب لەوەس
بقسمەتی رۆژا ئەلەس
وان خوو پەرستی بو عەبەس
بخو چونە سوجدەتێ

صاحب شەمالن بێ نەجیب
یەك سمر نەساخن بێ طەبیت
ئەی وێ رۆژێ نابیت قەریب
ئەڤرو نابینیت قوربەتێ(٢)

عەبدێ خودائێ من ڤیا
نافێ وی قەنجی ئەولیا
حەژێکرنا وی قەنجی‌یە
دگەل ئەهلێ جەنەتێ

جەنەت مەکانێ ئەتقیا
جەهنەم مەکانێ ئەشقیا
هەچی کو ئێك لوان ڤیا
دێ لنك وی بیت قیمەتێ

خودێ وە ڕەنگ فەرمانکەرە
نێزیکیا قەنجا طاهرە
ڤیانا خرابا ئاگرە
هوشیاربن ژ غەفلەتێ

باوربكـەمن ڤێ خـەبـەری
وێ هـاتی ژنـك پێغـەمبەری
كـەسـێ پێ نائێت بـاوری
كافـر دبیت وێ سـاعەتێ

حەشرا تـە ئەی عـاقـل تـەمـام
لازم بـزانن خـاصو عـام
رۆژا حەشـرێ دگـەل كرام
یەعنی پاكێت ڤێ ئومـەتێ[٣]

هنـدی لسـەر [illegible]عێ وابی
نابیت ژوان [illegible]ت جودابی
هنـدی ه[illegible] وابی
نا[illegible] بحوبا قەنجا فەتێ[٤]

ئـاگـره حوبـا خـرابـا
ئـەڤـەیـە نەصـا كتـابا
مەجلسـا پیسـا ترابا
خـارج دبی ژ زولـمـەتێ

قـەت جـن ژبـەر جن نارەڤـن
قـەت گورگو پـەز ڤێكـنـا كەڤـن
ئـەنجـو خراب حـندێت هـەڤـن
ڤێك ناكەڤن یـەك لـەحظەتێ[٥]

ڤێـك ناكـەڤن قـەنجـو خراب
تێكەل نـابـن بـازیو غـراب
جنسـەك نینن طەیرو دەواب
ژێكرا نـاگـرن ئولفییەتێ[٦]

مـەیلا جنس جنسـێ خویە
هەر یـەك لطەرزێ خـو چویـە
مەیـلا جـاری جـاری وەیـە
خراب نەكـەمن ڤێ عـادەتێ[٧]

هـەچیێ لڤـێ ڕاهێ نەچیت
لسـەر طەریقـا خو نەچیت
دگـەل هەم جنسـێ خو نەچیت
والله دكێشـیت میحنەتێ

والله دكێشـیت جەفائێ
دەر دونیـائێ ئو عقبـائێ
شـولەك ژ دەسـتێ وی نـائێ
دێ لنەفسـا خوكەت لومەتێ[٨]

هـەچی عـەبـدە منـافقـە
مغێـری جنس موافقـە
والله نـە عـەبـدەك صـادقە
بێشـەك دوره ژ مەوەدەتێ[٩]

دڤێـت چـاكی مـوافـقبت
بزارو دل ئێ صـادقبت
داكـو نـە ژ بێت منـافـقبت
ئەزمـان مخـالف نییەتێ[١٠]

وەكـو تـە هـەر كەسـك نەڤیا
پاشـێ تەكـەلف بـو چیـە
تـەكـەلف ژێ نفـاقیـە
مەعلوم دبی بڤێ خصـلەتێ

مەعلوم دبێ هـەر دەمێ[١١]
فاحش دبی لنـك عـالـەمێ
غـەمگینی فـكرا وێ غـەمێ
خسرانـە دگـەل نەدامەتێ[١٢]

خـاریـا قـەلبـو زەبـانی
فەحشـیا عەیبـا خودانی
هـەر كەسـەك زوێ دزانی
بـاوری كـەس پێ نـەتێ

خـاریـا حیـلەو حـەوالا
گوتنـا وان ڤیـلو ڤـالا
فرصـەتا وەقـتو مەجـالا
لـێ نـەبورین مـدەتێ

شـولا منـافق فاحشـە
لگوتنـا خو ژێ بـدەنـە پاشـە
هەتـا كـو تێن سەر توبەتێ[١٣]

هەچیێ شـفاعەت بـو نەبیت
لـدونیـائێ بـێ تـوبـەبیت
خەوفـەك و قـەلبیدا نـەبیت
ترسـا عەزابو خەشیەتێ[١٤]

رۆژا دچیتـە مەحشـەرێ
پەنجـەهە هزارێت لـەفتـەرێ
سـال لێبورین مەهدەرێ[١٥]
ناكـەت شەفیعی ئومـەتێ[١٦]

هندی هـەنـە ئینسـانو جن
نەوعـەك لسـەر دینی دجن
ئـەو لائقـێ ڕەحمێ دبـن
رۆژا گـەرمو حرقـەتێ

نـەوعێ دوویێ دظـاهــــــرن
پێشـــــەك شـەقیو کـافـرن
گـەر نـەو لســـــەر کفرێ مرن
قـەت نابینن چـو ڕاحـەتێ[١٧]

نـەوعێ ســــێیێ موســـلمانن
نـەو بظـاهـــــرێ بێمـانـن
ڕۆژیو نڤێــــژ کــارێ وانــن
خوش ظـابطن بســــــنەتێ

نـەو دێ لســــــەر کفرێ مرن
چنکـو بـبــاطـن کـــافـــرن
نـەو قـەنجی ژروح ناگـــرن
ژ کـــــرن نـەفعییــــەتێ

هەچیێ عـەبدێ موســـلمانە
شـــولا وی زولمو طغیـــانـە
یـــان مـــەعینێ ئێـکی ژوانـە
نـەو کــافرن لسەکەراتێ[٧٨]

ئەشـکەرا گـوت پێغـەمبـەرێ
ســـوندێ د دخـوم بنەکـبـەرێ
کەســــێ زولـم لـئـومـەتکرێ
زولمیو جـــــەورو زەحمەتێ

هـەچیێ نیـزایـا مـوءمنــە
بێغـــــەك جەفـا دگـەل منە
خـەلقـو لخـو هوشـــیاربـنـە
لـمـن دکـــــەن زولمییـەتێ

زولمیـەتێ لـمـن دکــــــەت
هنـــدێ زولـمـا لمؤمـن دکـەت
نـەو شەلەکـا مـەزن دکەت
کـافـر دبیت بێ شـوبهەتێ

خودێ دبێژیت هـــــەر وەیـە
زولـما دگـــەل عەبدێ مـەیـە
نەوێ کـارێ شـــەرێ مـەیـە
دگـــــەل منو ڤێ قودرەتێ

شـــــەرێ دگــــەل الله چیـە
زولـما دگـــــەل مســـکینییە
هەچیێ دلێ وی شـــــکاندییە
هەر موستەحەقێ لەعنەتێ[١٩]

زولـمـا دگـــــەل پێغـەمبـەرێ
شـەرێ دگـــەل میر ئەکبـەرێ
زولـمـــا فـــەقیـرێ بێ زەرەر
باســــــــنادێ ڕوایـــــاتێ

مـــەنقـــول بییــە ژ ئسنادێ
ئەهلێ فجورێو فەســــــادێ
یـــەقین بکـەن ئعتقـــــادێ
دورن ژ فەضــــــلو مینەتێ

دەر ئنجێـــــــلێو تـــــەوراتێ)
دەر زەبـــــورێو ئـایـــــاتێ)[٢٠]
ئەهلێ زولـمو ئـەزیـــــاتێ)
کافـــر دبـن بێ شــــوبهەتێ

دەر دونیـــــــانێ ڕەزیـل دبن
هـــەم بێ قـــەدرو زەل[illegible]
دەر قەبـــرێدا [illegible]
شەکل[illegible]وانــــا ژێ ڤەتێ[٢١]

هـنـدەك مـــەیمینکن خنـزیـــرن
هـنـدك ڕەشــــــن وەکـو ڤیرن
هـنـدەك حەیێت جـان پیرن[٢٢]
ئـەو ژ ڕەنگی مـە سـخییەتێ

ئـەو ژ ڕەنگی ڤێ ئـــــسخێنە
ڤـەوێ ئـەیـارێت خــودێنـە
دەر قـەبـرێدا ئەڤێ شـەکلێنە
دەنـگی کـلابـا ژێ ڤـەتێ[٢٣]

گـــــەر چ ظاهـــر ئـەو دوەنـە
ئینســـــــان هەمی لشـەکلێ مەنە
دەر بـاطنی مەمســــــو خەنـە
ژڕەنگێ ئینســــــــــانییەتێ

دل بزانـــــە کاســــــێ چینـە
ئـەینکـــا درا ئـــەمینــــــــە
مەنظـەرێ شـــــــاهێ ئەمینە
حــــــەق دزانیت قیمەتێ

دل هــــــەر خزینـــا ئەکبـەرە
ئایینـــــــە ڕەنگە مـــەنظـــەرە
ضـــەربێ گـــەهـانـدە پەنجـەرە
طـاری دکـــــــەت ڕۆیـەتێ

نـــورا دلی ئینســــــــــــانییـە
ژ دیتنــــــــــــا ڕەحمانییـــە
شــــــاهـ تەختێ سولطانییە[٢٤]
ناکـــــەت زەوالا شەوکەتێ[٢٥]

دەست ژ تەختێ شــاهێ میر[٢٦]
لازم دڤێت پیـــــرو فەقیــــر
دەســـــتێ دخو بکەنـە قەصیــر
قـــەت ئـــابینن سیاسەتێ[٢٧]

باغەك مە دی باغێ دلە
یەك سەر بنەفش‌و سونبلە
ڕەنگێ گولێ هەر بولبولە
باغێ گولا سولێنەتێ[٢٨]

گول بخو تەوحیدە تێدا
طاعەتێ طەعنا خو لێدا
دل دچو دبەحرا غەمێدا
غەرقێ بەحرا کوربەتێ

هادری دێ چن ئە[illegible]رار حب
جەما تێ دمر[illegible]ەرب[٢٩]
ئەن[illegible] دە[illegible]ەهب
[illegible]یف دبیت بەر قووەتێ

باطنێ پڕ نورو قووەت
سینەنێ ئەهلێ فتووەت
صالح‌و صاحب مرووەت
ناضرە بفراسەتێ

دەر قووەتێ صاحب ڕەواج
دورە ؟ ژلجاج[٣٠]
سەلابێ تاراج‌و دباج
بفراسەتێ‌و علمییەتێ[٣١]

فەقیر ژدل دکەت ئاهو نوخ
باری ژناهێ نارو دوخ
واللە دکەت زالم پلوخ
دسوژێت بنارێ حرقەتێ

چەندی بکەن مسکین دعا
مەلەك دێ بن هەتا سەما
قەبول دبن لنك خودا
هندی ڕجا کەت دەعوتێ[٣٢]

هەچی کەسێ حاضر بتن
لێ نوسخەیێ ناضر بتن
گەر خەشیەتەك ظاهر بتن
بێ شەك موعەلەك دێ گەهێ[٣٣]

خوش خوش ببینی ڤێ دەمی
دوربی ژ نارێ جەهنەمی
اللە ژ تە دورکەت غەمی
دا قەت نەبینی شەقوەتێ[٣٤]

ناڤێتە بویە طاهرە
هندی تە قەلبێ طاهرە
